

10

# ڕەخنە لە بەختیار عەلی




تەها ئەحمەد ڕەسوڵ

حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ

**ناسنامەی کتێب**

ناوی کتێب : ڕەخنە لە بەختیار عەلی

نووسینی : تەها ئەحمەد ڕەسوڵ ـ حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ

کۆمپیوتەر : شێرزاد موکریانی

نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم ٢٠٠٥

شوێنی چاپ : چاپخانەی گەنج

تیراژ : (1000) دانە

**ژمارەی سپاردن: (١١٥) ی ساڵی ٢٠٠٥ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە**

# ناوەرۆک


وتەیەك........................ ٧

مەرگێکی تری تاقانەی دووەم.................. ١٠

بەر لە ئێوارەی پەروانە........................٤٨

خوێندنەوەی دوا کتێبی بەختیار عەلی

( ئیشکردن لە دارستانەکانی فیر دەوسدا)............ ٦٤

# وتەیەك

هەرگیز حەزم نەدەکرد ڕۆژێك لە سەر بەختیار عەلی بنووسم، چونکە لە ڕاستیدا ناچاری بوو... سەرجەم ئەو نووسینانەی بە مەدح و ستایش و پێداهەڵدان کارەکانی ئەم نووسەرەیان بەسەردەکردەوە، بەتایبەتی ڕۆمانەکانی، ناچاریان کردم بێدەنگ نەبم... نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو خوێندنەوەی کتێبەکانیشی، هۆکاری ئەو دەنگ و هەلاّ زێدە پێویست و لێدوانە جۆربەجۆرانە کێشیان کردم بۆ ڕۆچوونە نێو جیهانەکانیان. لەسەرەتاشدا ڕووبەڕووی دوو دونیای جیاواز بوومەوە، دونیای تایبەتی تێکستەکان و دونیای هەڵئاوساوی جیاوازی تۆژینەوەکان کە ئاسمان و ڕێسمانیان نێوان بوو.

لەساتەوەختی سەرقاڵبوونم بەخوێندنەوەیان، واتە هەریەك لە ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) و ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) بە پێی ئەزموونی خۆم لەم ژانرەدا زۆرینەی ئەو نووسین و تۆژینەوانەی نووسەرانی دیکەم بە گەڕەلاوژەی چەند فەقێیەکی نێو تەکیەیەك هاتنە بەر گوێ کە ڕوخسارێکی نابینا و بەدبین دیمەنیان بوو.

لەوێوە ناچاری هانیدام بۆ لەسەر نووسینیان و تا غەدریش لە هەست و تێڕوانینی خۆیشم نەکەم و بەڕاشکاوییەوە دەریان ببڕم، کەوتمە نووسین و وا لەم نامیلکەیەدا دەیانخەمەوە پێش چاو، ئەو دەمەی بیستمەوە کە خودی بەختیار عەلی نووسینەکانی بەقسەی قۆڕ و هیچ و پووچ لەقەڵەم داوە، هێندە پێی سەرسام نەبووم تەنها ئەوەندە نەبێت دیوێکی ڕۆشنی پیشاندام کە لەچوارچێوەی

جیاوازی قبوڵ نەکردندا خۆی بەیان دەکرد، بەتایبەتی بۆ کەسێکی وەکو ئەو کە هەمیشە دەربارەی قبوڵکردنی جیاوازی دەدوێت.

مەرامی ئەم نووسینەم لەبارەی هەر دوو ڕۆمانەکەوە، جگە لە پەرەپێدان و وەستانەوە لەسەر ژانرێکی وەکو ڕۆمان چیتر نیە... دەنگی کەسێکە لەهونەرنشینەوە دەپەیڤێ و ئەگەر لەسەر ڕاستی وتنیش میللەتێك سەراپا ڕقم لێ هەڵبگرن ڕازیم، یاخود باشتر وایە بڵێم باکم نیە.

تەها ئەحمەد ڕەسوڵ

# مەرگێکی‌تری تاقانەی دووەم

لە قۆناغی هاودەم و ئێستای بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریی دنیادا، کە هونەری ڕۆمان تێیدا وەك ڕەگەزێکی باڵا، نازناوی مەلحەمەی سەردەم بەدەست دەهێنێت، لەو ساتانەدا کە کەسایەتیی مرۆڤی هاوچەرخی نامۆو بزری بەرەنجامی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، بەفریای خێرایی گۆڕانکارییەکان ناکەوێ و هەستی بەجێمان و کەرتبوون سەراپای هزر و هۆشمەندیی داگیر دەکات، بەوەی لەبەرداشی ئەو گەشەسەندنەدا وردتر بووەتەوە و چواردەوری خۆی فراوان و بەرینتر و کەسایەتیی خۆیشی، ڕۆژ بەڕۆژ لەپێش چاودا بچووك و بچووکتر دەبێتەوە، لە ئیست و خاڵی وەستان و تێڕاماندا، لەسەر زەمینی واقیعدا خەیاڵەکانی دزە دەکەنەوە بۆ ئەودیوی شتەکان و هەستە سەیرو سەمەرەکانی پێدەبەخشن، ئەوکات لەو سنوورە تەنگانەدا، بۆ خاتری دەربازبوون و بەدەست هێنانەوەی خودی لەکیس چووی خۆی، پەنا وەبەر خەونە هەنووکەیی و بەسەرچووەکانی دەباتەوە و گەشتی ئەندێشە دێرینەکان ڕایان دەپێچێ، خۆ ئەگەر لەو بزربوونە دەروونییەشدا بەهای شتەکان خەون ئامێز بن و دیوە ڕاستەقینەکانیان دزێو بنوێنن، ئیتر لەنێوان ئەو دابڕانەدا دوو جیهان پێکدێ کە لەساتی کۆکردنەوەیاندا خەون و واقیع ئاوێتە دەبنەوە، دوا ئاکامی گەشتی هونەری ڕۆمان، وەك ڕەگەزێکی ماندوو و کەنەفتی کۆمەڵگای سەرمایەداری، بادانەوە بوو بەرەو داستان و ئەفسانە خەیاڵییەکان، بۆ پاکبوونەوە لەو خڵتانەی تا قوڕقوڕاگە دایانپۆشیبوو.

نووسەرانی گێرۆدەی ئەم سەردەمەش، کە لەژێر باری هەمان قورساییدان و لەگەڵ خوێنەرانیاندا گەمەی زانین و تێگەیشتنەوە دەکەنەوە، دەبنەوە دوو لایەنی سەرەکی و مەرکەزیەتی دەق بەکێشیان دەکاتەوە: ڕۆلان بارت مەرگی نووسەری ڕاگەیاند، لەکاتێکدا ئەمڕۆ مەرگی خوێنەری ڕاستەقینە

لەئارادایە، جگە لەهەڵبژاردەیەکی تایبەتی و تایبەتمەند بەبوارێکی رۆشنبیری، کەڕێژەیان ڕووەو کەمبوونەوە پەلدەکێشێ، زۆرینەی خوێنەران، هەر نووسەران خۆیانن و لەدیدگای یەکتردا دەبنەوە لایەنی بەرامبەر، ئەم گۆڕانکارییە سەیرە کە مایەی سەرنج ڕاکێشانە وخاڵی بنەڕەتی کێشە و تەنگژەی ئەمڕۆی دنیایە، پێشبینی لێ دەکرێت ببێتەخاڵی وەرچەرخان و دەرگا لەسەر قۆناغ و نوێبوونەوەیەکی دی بکاتەوە، بەم پێیە ئەوەش یەکالا دەبێتەوە کەخوێنەرانی ئەمڕۆ (خوێنەری نووسەر) لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەیان لەچاو دوێنێ کەمترە، بەڵام پسپۆری وشارەزایی تەواویان هەیە و بەخوێنەرێکی نموونەیی و زیرەك و دانسقە دەژمێردرێن، لەڕووی چۆنێتییەوە لێزان و ئاگادار و وریان، لەکاتێکیشدا کەدەبوو بەرپرسیارێتی هێندەی‌تر بەتینتر و نووسراوەکان لەئاستێکی بالا و شاکاردابوونایە و دەنگی سەردەمیان بەرجەستە کردبا، دەبینین گرفتەکان ڕوو لەزیادبوونن و بۆشاییەکانی نێوان نووسەر و خوێنەرانیش ڕۆژبەڕۆژ بەرینتر دەبێتەوە، ڕەگەزی ڕۆمان بەو پێیەی ئەمڕۆ بالاترین ئەو تێکستانەیە کە خوێنەرانێکی ئەوتۆی لەدەوردا گرد بوونەتەوە، لەهەموو ژانرەکانی‌تر زیاتر پارێزگاری لەڕێژەی خوێنەرەکانی کردووە، چالاکییەکانی بەرهەم و داهێنانیش ڕوو لەزیادبوونن و داخوازییەکانیش لەسەریان زیاتر، کەئەمەش جێی شادمانییە و لەو ساتەوەختەدایە، کە ئێمەی کورد تازە لەگەشەسەندن و سەرهەڵدانی ئەم هونەرە داین، لەبەر ئەوە، هەموو هەوڵەکان بۆ نووسینی ڕۆمانی کوردی پیرۆزن و شایانی لەسەر وەستان و ڕۆشنکردنەوەن.

ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم)ی بەختیار عەلی کەدەبێتەوە بەرهەمێکی‌تری ئەم کاروانە سەرەتاییەمان، لەپێناوی دەوڵەمەندکردن و بەگەڕخستنی ئەم هونەرەدا، وا پێویست دەکات لەسەری ڕابوەستین و وەك

ئەرکێکی سەرشانمان بەسەری بکەینەوە، چونکە هونەرێك هێشتاکە زەمینەو بنەماکانی لەدوی بنەڕەتێکی بەهێز و بەتین بگەڕێت، بۆ دروست بوون و سەقامگیربوونی، پێویستی بەو ناوك و تۆوانەیە، بەو ڕەگانەیە کە لەسەر خاکی خۆیدا چەکەرە بکات، تا ببێتە نەمامێکی ڕاست و دروست. بەختیار عەلی وەك دەنگێکی نوێی نووسین، وەك هەوڵێکیتری ئەم هونەرە، قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و سەرگەرمانە ئەم ڕێیەی گرتووەتە بەر، کردەی ئەم نووسەرەش، لەپاش تۆژینەوە و دەقە شیعرییەکانیدا، بەر لەوەی بە چیرۆکێك خۆی بەخوێنەری کوردزمان بناسێنێ، ئامادەگیی خۆی بەڕۆمان دەست پێدەکا و ئەمەش دەبێتە جێی سەرنجێکی قووڵ کە ئەزموونی لە ئەزموونی چیرۆکنووسان ناچێ و پێوەرە ڕێژەییەکان بۆ دیوی شتەکان دادەنێ... بەرلەوەی گەشتێك بە ڕۆمانەکەیدا بکەین، حەز دەکەم ئەو خاڵە ڕۆشن بکەمەوە کە ئەمڕۆ لەدنیادا باسی لێوە دەکرێ و بووەتە خاڵێکی سەرەکیی دنیای ئەدەب و ڕۆشنبیری، ئەویش ئەوەیە: هەر دەقێك پرسیار و گوتن زیاد لەدەقەکانی دی لەخۆی خڕ بکاتەوە، ئەوا دەقێکی دەوڵەمەند و زیندووە، یان، سەرکەوتنی نووسین لەوەدایە کە دەنگەکان پەلکێش بکا وگۆشەنیگاکان گرد بکاتەوە.. سەرباری ئەوەی ئەم دەقی ڕۆمانە نووسین و گوتنی باشی بەخۆوە بینیوە، لای خۆمەوە لەتێکڕای ئەو نووسینانەدا بۆچوون و تۆژینەوەکەی (ئارام کاکەی فەلاح) بە بڕشت و پەسەند دەزانم لەچۆنێتیی نزیك خستنەوەی دەقەکە لە چیرۆکەکەی "قابیل و هابیل"ەوە ـــ ڕامان ژمارە (٣٢). من لێرەدا بۆ ئەوەی هۆی دەنگە هەماهەنگەکان دەستنیشان بکەم، بەدروستی دەزانم، ئاماژە بەوە بکەم کە سەرچاوەی ئەم دەنگانە لە کوێوە هاتوون، ئایا بەهێزی و بەپێزی دەقەکە وا دەکات پرسیار بورووژێنێ یان هێزی دەرەکیی ناوی نووسەرە کە خوێنەر بۆ خوێندنەوە پەلکێش دەکات؟! بۆ

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە من لەنووسەرەوە دەست پێدەکەم، چونکە ناوی (بەختیار عەلی) خۆشبەختانە لەکاتێکدا هاتە نێو مەیدانەکەوە، کە هیچ جۆرە بەرهەمێکی هێشتاکە پێشکەش نەکردبوو، ڕوونتر ئەوەیە، کە ئەم نووسەرە سێ هۆی بنەڕەتی پاڵنەری بوون.

یەکەم: هاتنی ناوی نووسەر (بێبەرهەم) بۆ نێو بواری ڕۆشنبیری، ئەمەش لە ڕایەکی چیرۆکنووس (شێرزاد حەسەن)دا بەرجەستە بوو بەوەی لە نەوەی نوێدا ئومێدی پێی هەیە (لەم پاڵنەرەشدا مەبەستم ئەو دیوی شتەکان نییە).

دووەم: کە خاڵی بنەڕەتی پێکدەهێنێ بۆ یارمەتیدانی، ئەویش ئەوەیە لەگەڵ خوێندنەوە و تۆژینەوە بونیادگەرییەکاندا، لەگەڵ هاتنی ئەم میتۆدەدا زەمینەی خۆی پتەو کرد.

سێیەم: ئەو دەستە و گرووپگەراییەی وەك پەراوێز و دڵنیاکردنەوەی یەکدی لەسەر یەك ڕادەوەستنەوەو لەسەر یەکتر دەنووسن...

ئەمانە هەمووی سەرچاوەی ئەو دەنگانەن کە دەرهەق بە نووسینەکانی دێنەگۆ. هۆیەکی بنەڕەتیی من بۆ لەسەر نووسینی ئەم دەقە، پەرچەکرداری ئەو بۆچوونانەیە کە بەپێی میتۆدێك دەخرێنەڕوو، بەڵکو تینوێتیش ناشکێنن، یان گەشتێکی ڕاستەقینە بەدەقەکەدا ناکەن، لەبەر ئەوە، بەپێی خوێندنەوەم هەوڵ دەدەم دیدگای خۆم لەسەر ئەم دەقی ڕۆمانە بخەمە پێش چاو، چ لەدەرەوە و چ لە ناوەوەی دەقدا.

پوختەی چیرۆکەکەی (مەرگی تاقانەی دووەم) ئەگەر بگونجێت ئەمەیە: "ئافرەتێك پاش ئەوەی دوو ساڵ لەگەڵ مێردێکی پیری بەد فەساڵدا دەمێنێتەوە و تاقە کوڕێکی لێ دەبێت بەناوی سەعید، بڕیار دەدات لەدەستی

هەڵبێ و بەشە سامانی خۆی لە موڵکە بێسنوور و دەوڵەتە لەژمارە نەهاتووەکەی لەگەڵ کیسە زێڕ و مجەوهەراتەکانیدا بفڕێنێ و ڕوو بکاتە شارێکیتر، کە لەوێ دەمێنێتەوە، بەسەدان خەوتنی ڕاگوزەر لەگەڵ عاشقە هەمەجۆرەکانیدا دەکا و کوڕێکیتری دەبێت کە شار بەگاڵتە و لاقرتێ و بە مەحەبەتیشەوە پێی دەڵێن ـ تاقانەی دووەم ــ، دوای هەڕەشەی خواپەرستە سەرسەختەکان لێی، بەوەی منداڵێکی بێباوك و بیژی بووە، بەخۆی و کوڕەکەیەوە دەچێتە لای سەرهەنگ بەدری، بۆ ئەوەی لەو دەستانە بیپارێزێت، سەرهەنگیش دەتوانێت لەو مەترسییە گەورانەی دوور بخاتەوە و لەدواتردا بۆ ئەوەی دایکایەتیی خۆی نەدۆڕێنێ لەدیدی کوڕەکانیدا، بڕیار دەدات خانەیەك بۆ هەتیوەکانی شار دابمەزرێنێ و ببێتە دایکی بەڕەحمی هەموو منداڵە بێکەسەکانی شار، لەسەرەتادا کچ و کوڕەکان لێك جیا دەکاتەوە و بەخێویان دەکات، هەر دوو کوڕەکەشی کە سەعید و ئەشرەفن ڕکێکی سەیر دەکەوێتە نێوانیانەوە، سەعید لەو وەختەدا کە هەرزەکارە و دەبینێت وا برایەکی بێباوکی لەدایك دەبێت لەداخدا وەختە خۆی بکوژێت، ڕۆژێك ئاگر لەهەموو کەلوپەلەکانی خۆی بەردەدا و کۆشکەکە جێدەهێڵێ و دەچێتە لای سەرهەنگ، تا دەبێتە یاریدەدەری یەکەم و یاوەری سەرهەنگ، ئەشرەف کە تاقانەی دووەمە و لە منداڵییەوە هەست بەمردنی خۆی دەکات، لە ژێرەوە پێوەندی بەرێکخراوێکی سیاسییەوە دەکا و ئیتر بۆ ئەو خەونە دەژی، لەڕۆژێکی کەرنەڤاڵی شاردا، کە بڕیار دەدات ئەو سەرهەنگەی تێدا بکوژێت کەپێشتر لە چنگی ڕزگار بووە، لەبەر پاکی و ساویلکەیی خۆی، ئەم نهێنییە بە هاوڕێیەکی نزیکی خۆی دەڵێ و لەو دوکان و عەمبارانەدا شەو دەمێنێتەوە کەچەندان شەوی تێدا ڕۆژ دەکاتەوە و هەموو موڵکی دایکی خۆین، هاوڕێکەی وەك

سیخورِ نهێنییەکە دەدرکێنێ و سەعیدی برای بەخۆی و تانجییەکانی دەوریـیـەوە، لەو شەوەدا هەڵدەکوتنە سەری، پاشان لـەپەنا دوکانەکانەوە بـەمردوویی جێـی دەهێڵن و هەموو خەڵکی شار بە شەهیدی لـەقەڵـەم دەدەن و دەچنە پرسەکەی، لەکۆتاییشدا دەستەی تانجییەکانی سەعید و پیاوانی دامودەزگا، تەرمەکە لەگـەڵ چەند کەسێکی ئاساییدا دەبەنە گۆڕستان و بەخاکی دەسپێرن".

بیرۆکەی ئەم بابەتە وەك كەرەستەیەك هەموو ڕووداوی نێو ڕۆمانەکەیە و ئیدی نووسەر بەشـێوازی تایبـەتیی خـۆی دەیخـەملێنێ، فـۆرم و تـەکنیکێکی تایبەتی بۆ دەڕەخسێنێ و بۆ بەرجەستەکردنی ئەم ناوەرۆکە، دەکەوێتە نووسینی، خوێنەریش لـە ساتی خوێندنەوەی دەقەکەدا ئاست و توانای نووسەری بۆ یەکالا دەبێتەوە لـەچۆنێتیی خەملاندن و لـەوێشەوە دەگاتە ڕەهەندەکانی گوتار و ئاست و ئـەزموونی نووسـەر، کەواتـە هـەموو ناوەڕۆکێـك لـەخەملاندنیـدا بـەفۆرم بەدەردەکەوێ و شێواز و تایبەتمەندیی لێ بەرهەم دێت، لێرەشەوە دەپرسین: تـا چ ڕادەیەك بابەتەکە خەملیوە؟ ئایا گەیشتووەتە پێگەیشتن و بالاکردن؟! ئەمانـە و چەندین پرسیاری دی لـەدەرەوەی دەقدا خۆیان قوت دەکەنەوە.

## خەملاندن

تا ئێستا چیرۆکنووسی کورد گیرۆدەی ئەو کێشەیەیە کـە بـۆ ڕۆمـانی دادەنێ و کەم نووسینی بۆ زەمـەنێکی شـیاو و خۆتـەرخانکردن دەگەڕێنێتـەوە، بەوەی کە ڕۆمان ساتێکی باشی دەوێت تا نووسەر دەست بەتاڵ بـێ و بپەرژێتـە سەر نووسینی شاکارێك، لـەکاتێکدا ئەم بیانووەش دەهێنـنـەوە، ئاگـاداری ئـەوە نین، کە بەرجەستەکردنی ناوەرۆکێك لـەخەملاندندایە پاشان نووسینی، بـەواتای هێنـدەی لێخوردبوونـەوەکانی نووسـەر سـات تێدەپـەڕێنن هێنـدە کـرداری

نووسینەکە ناخایەنێت، ڕەنگە بیرۆکەیەك چەندان ساڵی بوێت تا دێتە بەرهەم و پێگەیشتنی، بەڵام بۆ نووسینی چەند مانگێك ڕەنگە ئاسایی بێت، کردار و پرۆسەی خەملاندنیش هەرگیز خۆتەرخانکردن و پەرژاندن نابنە لەمپەر لەبەردەمیدا، دەکرێت مرۆڤ لەهەموو جێیەکدا بتوانێت بیر لە بیرۆکەکەی بکاتەوە، سکێچی بۆ بکێشێ و بونیادێکی شیاوی بۆ بدۆزێتەوە، ئەگەر نا دیارە مرۆ لەهەموو کاتێکدا بۆی نییە بیر بکاتەوە! مەبەستی سەرەکیم ئەوەیە، بۆ نموونە چیرۆکنووسێك دەڵێت: چیرۆکێکم بەدەستەوەیە بینووسم، بەواتای لەمێشکیدایە، هەر کاتێك ئەو بیرۆکەیە گەیشتە ئاستی تێربوونی چیرۆکنووسەکە، ئیتر لەوێدا دەکەوێتە نووسینی، بێگومان ئەمەش لەیەکێکەوە بۆ کەسێکیدی ڕێژەییە و کەوتووەتە سەر دەسەڵاتی نووسینی.

پرۆسەی خەملاندنی (مەرگی تاقانەی دووەم) کە ئێمە نازانین چەندی خایاندووە (تاوەکو) هاتووەتە سەر ڕووپەڕ، بەڵام ئەوە ئاشکرا دەبێت، کە هێشتاکە بەتەواوی نەخەملیوە، هەندێك نووسەر لەمیانی نووسیندا گۆڕان بەسەرباری خەملاندنەکەدا دەهێنن لەپێناوی باشتردا، بەڵام هەرگیز کرداری خەملاندن لە ساتەوەختی کردەی نووسیندا نابێ و بەڵکو پێشتر لە نێو هزردا چوارچێوەی خۆی وەرگرتووە، نووسەری ئەم ڕۆمانە کێشەکەی لەوەدایە هێندە گیرۆدەی شێوە و جەستەی ناوەڕۆکەکەی بووە، هێندە بابەتەکەی نەخستووەتە بەر هەڵسەنگاندن بۆ کامڵبوونی، بەواتای گەڕاوە بەدوای شێواز و تەکنیکێکدا بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکەی و خەمی سەرەکیی ئەوە بووە، کە چۆن و بەچ شێوەیەك بیگێڕێتەوە، چیرۆکەکە کە پێشتر پوختەکەیمان خستە ڕوو، بابەتی بنەڕەتیی خەملاندنەکەیە کە خۆی خستووەتە نێو گێڕانەوەوە... لەکاتێکدا دەبینین ئەو کرۆکە بێهێزە و هەمیشە لەقەلەق دەکات.. لێرەدا دەپرسین:

پاڵەوانی سەرەکیی ئەم ڕۆمانە، کە ئەو ئافرەتەیە (داپیرە) چۆن دەتوانێت لە پاش دوو ساڵ بەو هەموو موڵك و بەشە سامانەوە لەگەڵ کوڕە تاقانەکەیدا مێردەکەی جێ بهێڵێ و لەو شارەدا بەو هەموو توانستە زۆرەوە بمێنێتەوە و نەتوانێت پارێزگاری لەخۆی بکات؟ بەوەی ئەگەر بەنهێنیش لەگەڵ عاشقە هەمەجۆرەکانیدا دەخەوێ، نەتوانێت بیانشارێتەوە؟!

پاشان چۆن دەتوانێت کۆرپەلەیەکی نهێنی هەڵبگرێت و بیخاتەوە، بەبێباوکێکی ئامادە؟! ئافرەتێك هێندە جەربەزە و لێهاتوو بێت، ئەو هەموو بەشە سامانە بفڕێنێ و لەشارێکیتردا ئەو هەموو دوکان و عەمبارەی هەبێت، چۆن ناتوانێت یەکێك لەو عاشقە هەمەجۆرانە نەکاتە هاوسەری خۆی هەر تەنها لەبەر پارێزگاری کردنیش بێت لەو هەموو موڵکەی؟! یان چۆن دەکرێت یەکێك لەو هەموو پیاوە نەیهێنن و هەر نەبێت بۆ دەست بەسەرداگرتنی سامانەکەی! چ شتێك ناهێڵێ یەك لەو عاشقانە ببنە هاوسەری؟! پاشان ئەم ئافرەتە دەڵێ لەو دنیایەدا هیچ کەسێکی نییە و لەکونە دیوار هاتووەتە دەرەوە! ڕەنگە نووسەر ئەوەمان پێ بڵێت کە ئیتر ناوی هاتووەتە نێو ئەو ناوانەوە، کە خواپەرستە سەرسەختەکان دەیانەوێت بیکوژن، ئافرەتێك هێندە بەدەسەڵات بێت چۆن دەهێڵێ منداڵێکی بیژی بێباوك بخاتەوە!! با وای دابنێین تازە کار لە کار ترازاوە و شیرازەکەی لەدەست دەرچووە بۆ ئەوەی بیرۆکەکەمان دانەخرێ و بکرێتەوە، لەساتی گەورە بوونی کوڕەکانیدا، کە لە مێژە خانەی بۆ هەتیوان و لێقەوماوان بنیاتناوە و ئەو هەموو کرێ دووکان و عەمبارەش وەردەگرێ، چۆن دەهێڵێ کوڕەکانی وەك منداڵە هەتیوەکان بژین و نەیانکاتە خاوەنی شتێك! "سەعید" ڕۆژێك کۆشکەکە جێ دەهێڵێ و دەچێتە لای سەرهەنگ تا ببێتە یاوەری، چ شتێك پاڵ بەو کوڕەوە دەنێت ئەو ڕێیە بگرێتە بەر و لەو هەموو ماڵ

و موڵکەی دایکی نەپرسیتەوە؟! لەکاتێکدا ئەم کەسایەتیە خۆپەرستە و تەنها خۆی لا مەبەستە!

یان بۆچی هەست بەکەمی کردن لە کەسایەتیی "ئەشرەف"دا بەوەی ئیتر دەزانێت لە باوکێکیتره هەست بەمردنی خۆی بکات! "ئەشرەف کە بەوە دەچوو دڵنیا بێت منداڵێکی بەدبەخت و چارەڕەشە و دوور لەشادی و هەر خۆشەویستییەك دەمرێت ــ ل ٨٤".

خەملاندنێکی دی ئەوە بەرجەستە دەکات، کە داپیرەش لەو خانەیەدا دەژی و ژیانی تایبەتی خۆی بەلاوە گرنگ نییە، چونکە لەو کردارەیدا مەبەستی ئەوەیە دایکایەتیی خۆی بۆ کوڕەکانی بگەڕێنێتەوە، دایکێك هێندە پەرۆشی کوڕەکانی بێ و هەست بەلێپرسینەوە بکات بۆ دایکاتی، چۆن هێندە لە ژیاندا بێبەشیان دەکا و ئەوانیش لەدەستی هەڵبێن و هەر یەکەیان ڕێیەك بگرێتە بەر؟! ئەم دایکە بەرەحمە کە یەکێك لە کچە پاکیزەکانی نێو کۆشك وەسفی دەکات: "خانمێك بوو دەشیا شاژنی هەموو مەملەکەتەکانی دونیا بێت ــ ل١٧". بۆچی لەئاست کوڕەکانی خۆیدا هێندە نابەرپرسیار و دڵڕەقە؟! لێرەدا خەملاندنی هەموو بیرۆکەکە واز لێ دەهێنم و لەهەموو بڕگەکاندا بەسەری دەکەمەوە... یان بەشێوەیەکیتر، بێ بەپێی ڕووداوەکان بکەوینە یەکالاکردنەوەی.

## گێڕانەوە

لەبەرجەستە کردن و خەملاندنی چیرۆکەکەدا، نوسەر پەنای بردۆتە بەر چەندان دەنگی هەمەجۆر، کە بەهەماهەنگی ڕووداوەکە بگێڕنەوە، لەدەستپێکدا نووسەر ئامادەگیی خۆی بەسەر لاپەڕەی یەکەمدا دەسەپێنێ و دەیگێڕێتەوە: "ڕەنگە بەشێك لەنهێنی گەردەلوولی چیرۆکەکەی ئێمە لەناو

نهێنی مردنی ئەشرەف دا بێت یاخود لەوانەیە بەپێچەوانەوە نهێنی مردنی ئەو لەناو نهێنی ئەو گەردەلوولەدا بێت ــ ل٦".

پاشان ئەم کارەکتەرانە دەکەونە گێڕانەوەی جۆربەجۆر: کچانی پاکیزەی نێو کۆشك، پۆلیسی ئێشکگر، سێ پیاوی بەدمەست، ئەو کچەی هاوڵی سەعید-ە، یەکێك لەو کوڕە پەشیمانانەی لە تاوانەکەدا بەشداری کردووە، گێڕانەوەی حەمباڵی بیبسی، کچی مونیرەی تورکی، هاوڕێیەکی نادیاری ئەشرەف، خورشیدی جادووباز، چەندین کارەکتەری نادیاریتر.

نووسەر لەبەکارهێنانی ئەم دەنگانەدا ڕۆمانەکەی دەوڵەمەند دەکا و هەریەکە و لەدیدگای خۆیەوە، بەشێکی ڕووداوەکە بۆ داپیرە (بۆ گێڕەوە) دەگێڕنەوە، سەرباری ئەوەی کە ڕۆمانووس، ڕۆمانەکەی کردووە بە دوو بەشەوە، ئەگەر بە یەك بەشیش بنووسرایە وەك یەك دەبوو، ڕەنگە لای نووسەر ڕووداوی پێش کارەسات و دوای کارەسات مەبەست بوو بێت، کە هەر چەندە گێڕانەوەکان دەچنە فلاشباگەوەو هەمووش ڕابردوو دەگێڕنەوە، بەواتای نزیك و دوور، گێڕەوەکان، کە هەریەکەیان پێناس و ناسنامەی تایبەتییان هەیە و سەر بەچین و توێژێکی کۆمەڵن، دەبینین لەساتی گێڕانەوەدا، هەموویان خاوەنی یەك ئایدیۆلۆژیا و یەك ئاستی هزر و هۆشمەندین، تا ئەو ڕادەیەی لەنێوان مێینە و نێرینەکاندا خاسیەتە جیاکەرەوەکان نامێنن و هەموو کەسایەتیەکان دەبنە ئاوێنەی یەك جۆرە دەنگ، دەڵێی هەموویان ئەو بووکەڵەن کە نووسەر بەئارەزووی خۆی جلوبەرگی جۆراوجۆریان لەبەر دەکا و دەمامکی هەمەچەشنیان دەکاتە سەر، یان ئەو ئەکتەرەی خۆی ڕۆڵی هەموو کارەکتەرەکان ببینێ، جیاوازی لە (دەنگی) گێڕەرەوەکاندا هێندە دەگمەنە بە تۆسقاڵێکیش کەسایەتیی خود ڕۆڵی تێدا نابینێت، کچی پاکیزە وەك پۆلیس

دەدوێ و بەدمەست وەك حەمباڵی بیبسی و تاوانبار وەك بێتاوان و بەدڕەوشت وەك پاکیزە و ڕەش وەك سپی دەدوێت، کەلێرەدا هەست بەوە دەکرێت زۆرەملێ و تۆپزی بەکارهێنراوە و هەموو دەبنەوە یاریدەدەرێکی بێهاوتای دەنگی کپی نووسەر! (لەبڕگەی دژایەتی گێڕەوەکاندا پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە ئەم زۆرەملێیە چ ئاکامێك دەخاتە ڕوو، وەك ئەوەی نەتوانن ئەو ڕۆڵە بهێننە دی و هەر یەکە و بیەوێت لە دەقەکە هەڵبێت)!.

هەموو کارەکتەرەکان بەهەمان دەنگەژێ دەدوێن کە نووسەر پێی دەدوێت، پاشان هەموو لێزان و کارامە و دەڵێی کەسێکی ناوازە و لەڕادەبەدەر جادووکەرن و دەتوانن هەموو نهێنییەکانی غەیب و نەبوو بخوێننەوە، داوایان لێ دەکرێت، هەموو لێهاتوو و بەئەزموون بن، لەبەر ئەوە، بەدمەست وەك کەسێکی ئاسایی دەبینێ و کەسی هۆشیاریش دەڵێی ئەو خەواڵووەیە گەشت بە نهێنی خەونەکاندا دەکات، لەهاوبەشی و هەماهەنگیی ئەم دەنگانەدا، ئەگەر گێڕەوەیەکیتریش بۆ ڕۆمانەکە زیاد بکرێ هیچ ڕوو نادا، بەڵکو ئەگەر چەند گێڕانەوەیەکیش لە ڕۆمانەکەدا لا ببەین دیسانەوە دەقەکە مێش میوانی نییە... لەکاتێکدا زۆرینەی شاکارە مەزنەکان ئەگەر بڕگەیەکیان دیار نەمێنێ تێکستەکە لاواز دەبێ و پێوەی دیار دەدا. هەندێکیان هێندە زێدەن دەڵێی لە دراماکەدا میوانن، ئەگەر لەوە ورد بینەوە کە هەریەکەیان شتێکی نوێ و ئیزافەیەکی نوێ دێننە گۆڕێ، ئەوا دەکرێت چەند دەنگێکی نوێی تریش بێنە دەقەوە کە نهێنییەکی قووڵترمان بۆ کەشف بکات، بۆ نموونە، ئەگەر کەسێك لەساتی کارەساتەکەدا، لەو دەمەو بەیانییەدا، ڕێی گەرماوێکی لەپێش بووایە تا خۆی بشوات، ئەویش پەلکێش دەکرا و دەهاتە نێو دەقەکەوە، دەچووە لای داپیرە و بینینەکانی بۆ دەگێڕایەوە، یان بێئەوەی داپیرە بناسن و بانگهێشت کرابن، بێ

هۆ و پاڵنەر دێن و قووت دەبنەوە، سەیرترین نهێنی ئەم رۆمانە لەوەدایە، کە هەموو دێنەوە لای داپیرە و بۆ ئەوی دەگێڕنەوە، بەدەنگی تاك و کۆ قسە دەکەن و بەڕاناوی "تۆ/ئەو" لەگەڵ داپیرەدا دەدوێن، هەر دەڵێی مەوجودێکی نادیارە، بێدەنگی داپیرە زێتر لە بێدەنگی مێژوو دەچێت، لە بێدەنگی خاك و هیچ هەڵوێستێکی نییە، خۆ ئەگەر وەك ڕەمزێکیش بەکار هاتبێت، ئەوا دەنگی قاپقاپەکانی دێت، هەموو شەوێك چراکان کز دەکا و پەنجەرەکان کلۆم دەدا، لەگەڵ عاشقەکاندا دەخەوێ و کراسی ڕەشی خاڵ خاڵ دەپۆشێت، تاوانباری ئامادە و دوژمنی نێو کارەساتی ئەو شەوە بۆ داپیرە دەدوێ و ئەویش بێدەنگە و چ وشەیەکی وەڵام ناداتەوە!

لەکاتێکدا چۆن دەکرێت تاوانبارێك کە کوڕی ئەوی کوشتووە و دەستی هەیە لە تاوانەکەدا، بێت و چیرۆکەکە بۆ دایکی کوژراوەکە بگێڕێتەوە!! لاوازی و سستی بونیادی ئەم کارەکتەرانە لەوەدایە، هەموو باس لە خراپەکانی خۆیان دەکەن و وەك لای قەشەیەك دان بە هەڵەکانیاندا بنێن، ئاوا بۆ داپیرەی باس دەکەن.

کچی هاوەڵی سەعیدی کوڕی دێت و باس لە بەدڕەوشتی و کردارە دزێوەکانی خۆی و کوڕەکەی دەکات کە پێکەوە ئەنجامیان داوە، هەموو دێن و بۆ فریشتەیەك دەدوێن وەك ئەوەی هەموو دنیا ئاگادار بێ و بەتەنها کەسایەتیی داپیرەی نەبان لەکارەسات هیچ نەزانێت، لەکاتێکدا تەنها داپیرەیە پێشبینی کوشتنەکە دەکا!!!، بەو پێیەش کە گرێچنی ڕۆمانەکە لەدەستپێکدا خۆی لەتاوانێکدا دەبینێتەوە، دەگۆڕدرێتە سەر گرێچنێك ئەویش ئەوەیە، کە داپیرە بەچ شێوەیەك بیزانێت، داپیرە ئەگەر زانی چی دەکات؟! لە کۆتاییشدا دەیزانێ و تەرمەکەشی دێتەوە ناو باوەش و هیچیش ڕوو نادات.

## دژایەتیی گێڕەوەکان

سەرباری ئەوەی ئەم گێڕەوانە کارەساتەکە جۆراجۆر دەگێڕنەوە، نووسەریش، کە دەبێت وەك ئاگادارێکی ئەم دەنگانە، پێکەوەیان گرێ بدات، ئاگادار نییە، کە ئەم چی دەڵێ و ئەویتریان چی دەبێژێت، ئەمەشیان کەباس لەشتێکی دیاریکراو دەکات، ئەویان چۆن ئەو شتە دیاریکراوە بەسەر دەکاتەوە، گێڕەوەکان هێندە لە دژایەتیدان، کە هەموو شیرازەی ڕۆمانەکەیان شێواندووەو یەك ئەوی دی و بەڵکو خۆشیان بەدرۆ دەخەنەوە، ئەم پووچکردنەوەیە ئەوە دەگەیەنێت، کەوا نووسەر لە خەملاندنی دەقەکەدا، سەرەنجام نەگەڕاوەتەوە سەر ئەو بەرایانەی کە ڕایان کێشاوەتە نێو گەمەی بەردەوامییەوە، یان لەئاکامی نووسینەکەدا نەچووبێتەوە بە سەر تێکڕای نووسینی دەقەکەدا، وەك پاکنووسێکی دوایینی بەرهەمەکەی!

نووسەر لەدەستپێکدا وەك گێڕەوەیەکی زیندوو دەڵێت: "گەردەلوولێکی قایم (هەموو) پەنجەرەکانی (شاری) خستە سەر پشت ـ ل٦".. کچی پاکیزەی نێو خانەی هەتیوەکان لە دوو سەرەوە ئەم دێڕە پووچ دەکاتەوە: "بەزەحمەت دەستم برد و ئەو پەنجەرەیەی تەنیشتیم کردەوە ـ ل ١٨/ تەنها پەنجەرەی ئەو کۆشکە بوو کە بەکێلون و قفڵی گەورە ئەڵقەڕێزی نەدەکرد ـ ل١٨" لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە (هیچ) لەو پەنجەرانەی نێو کۆشك بەهێزی گەردەلوولەکە نەکراونەتەوە، یان کچی پاکیزە دەڵێت: "لەو بەیانییەدا من بەر لە هەموو شار لەسەر هاوارە وەحشی و جەرگبڕەکانی ئەشرەف بەخەبەر هاتم ـ ل١٢" پاشان هەر خۆی بەرپەرچی قسەکەی خۆی دەداتەوە:

"وریا بوویتایە یان خەوتوو هەر گوێت لەو هاوارانە دەبوو/ دوایی پێم وابوو قریشکەیەکە و لەناو جەستەی خۆمەوە بەرز دەبێتەوە ــ ل١٢" کچی پاکیزە، کە وەسفی شلێر ڕەفعەت-ی هاوەڵی دەکات دەڵێت: "باوەڕ ناکەم کەسێکی دیکە ئاوەها ترساو ببینمەوە". لە پاشان "بۆم دەرکەوت کە گەورەترین چاونەترس و گەورەترین ترس و سڵۆکی ــ ل ١٣".

"ل٧: شەوێکی سەیر بوو/ ل١٣ بەیانییە: خەریکن یەکێك دەکوژن". پاشان کە باسی ئەوە دەکرێت هاوارەکە هەموو شار گوێی لێ بێت، دەوترێت: "تەنها لە ژوورەکەی داپیرەدا نەبێ!" حەمباڵی بیبسی دەڵێت: "لەوە دەچوو هەست بەشەرم بکات لەوەی کە بەمردوویی دەیبینن" دواتر "وەڕز بوو لەو هەموو گەلاّیانەی کە بەری ئەوەیان لێ گرتبوو تێر بەو نیگا مردوانەی تەماشای دونیا بکات ــ ل ٥٤". کچی پاکیزە بەم چەشنە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە کە هەرگیز نەیبینیوە و نووسەر ئەو هەستەی پێ دەبەخشێت، دەڵێت: "هەنسکی هەڵهاتن ڕاکردنی بەردەوامی بووە لەناو ڕاڕەوی ئەو سندووقە بیبسیە (خاڵیانەی!) ــ ل١٣". حەمباڵی بیبسی: "بەر لە مردن کەوتبوو بەسەر چەندین ڕیز لەو سندوقە بیبسیانەی کە لەمێژ بوو ئامادە کرابوو تا لەبەیانی ئەو تۆفانە ڕەشەدا باری بکەم بۆ مەیدانی گەورەی کەرنەڤاڵەکەی شەو" بەواتای هەموو پڕن، پاشان: "ئەو هەموو ساردیە تێکەڵ بەخوێنەکەی بوو بوو ــ ل ٥٤". هەروەها باس لەوە دەکات کە تەرمی ئەشرەفیان ناشتوە: "تا ناشتیشمان خوێن لە پوکی دەهاتە دەرێ و... ل ٥٣" کەچی لە لاپەڕە (١٤٥) دا کەسێکیتر دەڵێت: "بێئەوەی بهێڵن پەنجەی کەسمان بەر لاشەکەی بکەوێت، بەسێ سەرباز شۆڕیانکردەوە ناو ئەو چاڵە تاریکەی...". لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە حەمباڵی بیبسی هەرگیز لەوێ نەبووە، ئەم درۆیە لەگەڵ داپیرەدا دەکەن یان

ئێمەی خوێنەر؟! بارهەڵگری بیبسی دیسانەوە دەڵێت: "فرمێسکەکانمان بۆ پاککردەوە ــ ل٥٧". کەسێکیتر ئاماژەی پێدەکاتەوە: "کە لاشەکەمان بینیەوە، لاشەی مردوویەکی خەمگین کە دڵۆپێك فرمێسك لە هەریەك لە گلێنەکانیا بەجێمابوو ــ ل٨٥". لە دێڕی یەکەمدا کاتەکە دەمەو بەیانییە و لەدێڕی دووەمدا پاش بردنێتی بۆ خەستەخانە و لێکۆڵینەوە و هێنانەوەی بۆ نێو کۆشك!! ئەم دژایەتییانە هێندە سەیرن وەك ئەو تەڵە و داوانە دەیانبینمەوە، کە نووسەر بەدەستی ئەنقەست دای نابن و لە پێناوی لەسەر نووسینی پرسیار لە دەقەکەی کۆ بکاتەوە!.. ڕەنگە نووسەر ئەوەی مەبەست بێت کە: "هەر دەقێك لەدوای خۆی پرسیار دروست نەکات دەقێکی مردووە" ئیتر ئەو پرسیارە بەچاك بێت یان خراپ بە لایەوە گرنگ نییە، گرنگ لەسەر نووسینە!!

لێرەدا دژایەتیی گێڕەوەکان، شیرازەکە تێکدەدەن و هەر یەکەی درزێکی گەورە دەخەنە ڕۆمانەکەوە، نووسەریش لە بری ئەوەی ڕێیان لێ بگرێت، خۆیشی یاریدەیان دەداو لەگەڵیاندا دەنگێکی دژبەخۆ پێکدەهێنێ، لەدەستپێکدا: "گەردەلوولێك لەو گەردەلوولانەی بەر لە کارەساتەکان یاخود دوای کارەساتەکان هەڵدەکەن"..

"بەڵکو هەڵکردنیان پابەندی نهێنیەکە". بەو پێیەی کە هەڵکردنی ئەم جۆرە گەردەلوولانە ئاسایی نەبن و بارگاوی بن بەنهێنی، بەڵام هەر خۆی ئەم دەستەواژانە پووچ دەکاتەوە بە: "هێندە هەیە هەڵدەکەن و تەواو، هەڵدەکەن بێهۆ، بێئومێد، بێمەبەست، بێچارە و بێسەرەنجام ــ ل٦". بەواتای هیچ مەبەست و ئامانجێکیان نییە و بێهۆ و بێئومێد لە خۆیانەوە دێن و نامێنن، من لێرەدا بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی کاك (ئازاد سوبحی)یەوە کە دەڵێت: "ناکۆکی دەکەوێتە خزمەتی سەرخستنی کۆی پرۆسەی گێڕانەوە... (گۆڤاری ڕامان،

ژمارە ــ ٤٣)" ئەوە ڕادەگەیەنم کە ئەم دژایەتییانە لەتێکدان زیاتر، هیچ خزمەتێکی باش پێشکەش ناکەن، ڕایەکەی کاك (ئازاد) کاتێك دروستە، کە ئەگەر هەر یەك لە گێڕەوەکان لەوەدا ناکۆك بن، کە بەچەشنێکی نوێ کارەساتەکە بگێڕنەوە، وەك: گۆڕینی شوێن و کاتی ڕووداوەکە، بەمەبەستی گەشت پێکردنمان بەرەو شوێنیتر، ناکۆکیی گێڕەوەکان لە گۆڕینی وێنەکاندا نییە، بەوەی دوو سەد تانجییەکەی سەعید بگۆڕدرێت، شوێنی کوشتنەکە بگۆڕدرێت، بەڵکو هەموو دەڵێن لە عەمبارەکەدا، لەو دەمەو بەیانییەدا، دوو سەد پیاو، پاشماوەی دەستە ڕەشەکانی سەعید، شەوی بێئەستێرە... تاد. ناکۆکییەکان لەهیچ لەمانەدا نین کە بەدەستە جەمعی وەك یەك بۆ دڵنیا کردنەوە دەیگێڕنەوە، بەڵکو ئەو هەڵانەیە کە ناکۆکییان دروست کردووە و بەشێك لە ئاگا نەبوون و نابەرپرسیارێتی دەخەنە ڕوو.

## زێدەڕۆیی

**هەندێك جار زێدرۆیی لەنووسیندا، دەقەکە دەیخوازێ و خوێنەر هەست بەو درێژەدانە، بەو هەڵئاوساندنە ناکات کە نووسەر بۆی دەنێتەوە، بەڵام لەم ڕۆمانەدا ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، ئەو زێدەڕوییەیە بوو کە خۆی دووپات دەکاتەوە و لە دەنگدانەوەدا بەرەو جێیەکی دی پەلکێشت دەکەن کە بکەویتە گومانەوە.. گەورەکردنی شتەکان بەو چەشنەی زێتر سەرنجی خوێنەران ڕابکێشێت پێویستە لەسەر زەمینەیەك بێت، کە هەست بەو گەورەکردنە نەکرێت، بەواتای: هەموو شتەکان، هەموو بێماناکان، هەموو شتە نامائلووفەکان، ببنە ڕاستەقینە و هەست بەو کەشوهەوا ڕەهایە بکرێت کە تێی کەوتوویت، وەك ئەو تابلۆیەی لە ڕووبەرێکی تەختدا وامان لێ دەکات هەست**

بە قووڵایی و دوورییەکانی بکەین... چەشنە زێدەڕۆییەك لەم دەقەدا قوت دەبێتەوە کە هێرش دەکاتەوە سەر خۆی، بۆ نموونە: نووسەر لەدەستپێکی ڕۆمانەکەدا، ئەوەمان پێ دەڵێت، کە پاش مەرگی ئەمیر شەرەفەدین بە دوو سەدە چەشنە گەردەلوولێکی تر سەر هەڵدەداتەوە و نهێنی مەرگی ئەشرەف-ی پێیە، دەڵێت: "بۆ یەکەمجار دوای دوو سەدە لەوەی ئەمیر شەرەفەدین لەناو گێژەنێکی چڕ لەگەڵای زەرددا بەدەستی پیاوانی سوڵتان کوژرا و فاڵچییەکان گوتیان خودا هەڵیکێشاوەتەوە بۆ ئاسمان، گەردەلوولێکی قایم هەموو پەنجەرەکانی شاری خستە سەر پشت، گەردەلوولێك لەو گەردەلوولانەی بەر لە کارەساتەکان یاخود دوای کارەساتەکان هەڵدەکەن ــ ل٦". دەستبەجێ وشەی (بۆ یەکەمجار) کە کلیلی کردنەوەی دەقەکەیە سەرنجمان ڕادەکێشێ و (دوو سەدە) هێندەی تر نغرۆمان دەکات، هەڵئاوساندنی ئەم کارەساتە و پێشبینی کردنی کارەساتێکی تر ئەو بڕوایەمان پێ دەبەخشێ، کە ئەشرەف وەك ئەمیر شەرەفەدین (کە ناوەکەشیان لەیەکەوە زۆر نزیکە) لە نهێنی هەمان گەردەلوولدایە، هەر لەنێو هەمان دەقدا کە ئاماژە بەو پیاوە بچکۆلەیە دەکات وەختێك نارنجۆکێك هەڵدەداتە ئامادەیی کچانەوەو لە سێدارە دەدرێت، یان کوشتنی سالاری چاوشین لە مەیدانی گەورەی شاردا، دەیسەلمێنێت، کە گەردەلوولی تریش هەبوون بەر لەئەشرەف، وشەی (بۆ یەکەمجار) ئەوە دەبەخشێت بەدرێژایی دوو سەدە تاوانی بەو چەشنە دەرهەق بەکەس نەکراوە، کە ئەمەش هیچ لۆژیکێك قبوولی ناکات... هەموو شتەکان لێرەدا دانسقەن و پێشتر نەبوون، یان تەلیسمن، "تەنها بەیانی بوو لە تەمەنی ئەودا لە کاتی خوێدا بێدار نەبێتەوە ــ ل١١". "تەنها پەنجەرەکەی ئەو......". "لە داپیرە زیتر..." پاشان ئەو کچەی کە باس لەنیوەی هەمان دەستەسڕە دیمەشقییەکەی سەعید

دەکـات، کـە لای خـۆی ماوەتـەوە و نیوەکـەی تـری لـە برینـە گەورەکـەی ئەشرەف-دا بەجێماوە، لەکاتێکدا، کە ئەو کچە هەرگیز تەرمەکەی نـەبینیوە و لەبیمارستانیشدا وا پێویست دەکات ئەو دەستەسڕە خوێناوییـە بمێنێتـەوە و لای دامودەزگا لێی بکۆڵدرێتەوە!، بەکارهێنانی پاڵنەری ئەم دەستەسـڕە بـۆ ئـەوەی کە سەعید-ی پێ تاوانبار بکرێت، کەچـی کچـەکە ئـەوە ڕادەگەیـەنێت، کـە ناهێڵێت کەس بیزانێ، بەڵکو بگاتەوە بەو نیوەیەی تر کە لای داپیرەیە، داپیرەش کە لای خـۆی دەیهێڵێتـەوە، بـۆ ئەوەیـە ڕووبـەڕووی سـەعید ببێتـەوە، بـەڵام ڕووبەڕووبوونەوە نییە و لەخوێنەر دەخوازرێت خـۆی تـەواوی بکـات. بەهـەر حاڵ.. کچی پاکیزە دەڵێت: "هیچمان ئەو دڵۆپە خوێنە مەرجانییەمان نـەدەبینی کە ئەو دەیبینی ــ ل١١". کەسێك ئەگەر شتێك نەبینێت چۆن دەتوانێ وەسـفی بکات؟! "دەستە نازك و ژنانەکانیم بینی کە لەمنداڵییەوە موفـەڕکێکی سـەوزی چڵکنی لـە مەچەکدا بوو ــ ل ٥٣" موفەڕەکەکـە لـە منداڵییـەوە!! پاشماوەی ڕەشی دەستەکانی سەعید!! وەك پێشتر ئاماژەمـان بـەوە کـرد کـە گێڕەوەکـان بەزۆرەملێ هاتوونەتە نێو دەقەکەوە، یـەکێکیان، کـە وەختـە هەڵبگەڕێتـەوە و بەشێك لـە نائاگایی نووسەر بەیان دەکـات، دەڵێـت: "ئـەم کـوڕەی تـۆ لـە چ جەهەنەمێکدا ئەم هەموو سەگ و گورگە بوونەتە هاوڕێی، ل٩٨ ــ ٩٩".. ئەم هەموو زێدەڕۆییانە کە هەڵئاوساندنی بابەتەکەن لـەم بڕگەیـەی دواییـدا یـەکاڵا دەکرێنەوە.

## ڕیالیزمی جادوویی

ئەم جۆرە شێوازە، کە ئەمڕۆ بە ڕیالیزمی جادوویی، ئەفسووناوی یـان سیحری ناوی دەهێنرێت، لەناوهێنانـدا زیـاتر (لـە لای ئێمـە) لەنووسـینەکانی

(مارکیز)دا ڕەنگی داوەتەوە، بەو پێیەی ئەندێشە لـە ڕادەبـەدەرەکان، ئاوێتـەی واقیع دەبنەوە و بەڵکو بە ڕاستەقینە بوونیـان بـۆ پەیـدا دەکرێـت، مـارکیز لـە زۆرینەی وەڵامەکانیدا بۆ ناولێهێنانی نووسینەکانی ئەم مەسەلـەیە ڕەت دەکاتەوە و خۆی بەخاوەنی نازانێت.

لەمەراسیمی وەرگرتنی خـەڵاتی نۆبڵیشـدا (١٩٨٢) لـە وتارەکەیـدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ناوە دوورە لە ڕاستییەوە، لە دیمانەیەکیشدا پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە شتێکی لەو بابەتەی دانەهێناوە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ژیـانی ڕاستەقینەن، دەڵێت: "ئەگەر بێیتە کۆلۆمبیا ڕۆژانە ئەو کەسـانە دەبینیـت، کـە لەپێش چاوی خۆتدا کرم دەخۆن!". (یاشار کەمال)یش سەبارەت بە گورانـدنی ئەم ئەفسانانە، وتەیەکی هەیە: "کەس ناتوانێت ڕێگە لە خەونەکانی میللـەتەکەم بگرێت، من بۆ خۆم لەگەڵیانـدا چـەندان جـار خـەیاڵ و ئەندێشـەی سـەیرمان داهێناوە". کەواتە شتێك نییە پێی بوترێت ڕیـالیزمی جـادوویی، فانتازیـاش کـە ڕەگەزێکی زیندووی هوشیارییە هەرگیز لە مرۆ جیا نابێتـەوە و پـێ بـەپێی ئـەو دەڕوات، بۆرخیس دەڵێت: "گەورەترین بەهرەی مرۆڤ ئەوەیە کە خەیاڵی هەیـە و دەتوانێـت ئەندێشـە دروسـت بکـات".. پێناسـەکردنی ڕۆمـانیش، کـە "گێڕانەوەیەکی پەخشانیی خەیاڵئامێزی تا ڕادەیەك درێژە" ئەوە ڕوون دەبێتـەوە کە لەخەیاڵ بەدەر نییە و ئەندێشەیە دەبێتە سەرهەڵدانی سرووش و ئیلهام، خـۆ ئەگەر نووسەرانی ئەمەریکای لاتینی هەوڵیشـیان دابێـت بەشـێك لـەو شـێوازە لەئەدەبی خۆیاندا زیندوو بکەنەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زەمینەی لەباری ئەو جۆرە بینینە سـەمەرانە، مـۆرکی تایبـەتیی میللـەتەکـەیانن، ئێمـەی کـورد لـەو کەلتوور و فۆلکلۆرانەوە زۆر دوورین و ئەوانەی لە سەرگوزشتە و حیکایەتـە میللییەکانیشدا بیستوومانن، زۆربەیان لـەگەلانەوە گەیشتوونەتە ئێمە و بوونەتە

بەشێك لە دروستکردن و ڕۆنانی ئەو کەلتوورە، هەر بەم پێیە دەتوانین بڵێین پەڕینەوەی ئەم ئەفسانانە بۆ لای ئێمە، لە دێرینەوە زاخاودانێکی بەخودی کورد داوە و لەشێوەی لاسایيدا سەری هەڵداوە، لەم دەقەدا کە ئەندێشەکان زۆر بەربڵاون و خوێنەر هەست بە سەمەرەیی دەکات، بۆ سەرچاوەیەکی دی دەگەڕێتەوە و لەوێوە تەماشا دەکاتەوە، بۆ نمونە لەبەکارهێنانی فانتازیادا باس لەیەکێك لە کەسەکان دەکات: "مامۆستایەکی سەرەتایی کە لەبەردەم ئاوێنە سیحرییەکاندا خۆی دیت، شێتبوو ــ ل٦٢" ئەمەش زۆر لەو کەسایەتییە نزیك دەبێتەوە کە مارکیز باسی لێوە دەکات: "لەگەڵ بەیەکگەیشتنی ئێمە لەگەڵ یەکێك لە دانیشتوانی ئەو هەرێمە، لە -پاناگونی- ئاوێنەیەکیان داوەتە دەست کابرای ئەو هەرێمە کە چوارشانە و تێکچڕژاویش بوو، بەدیتنی وێنەی خۆی بەجۆرێك سەری سوڕما کە عەقڵی لەدەست دا"... ئەفسانە، کە خەونی هەمووانە و هەموو کەسێك هەقی ئەوەی هەیە تەوزیفی بکاتەوە، بەڵام دەبێت لەسەر زەمینەیەك بێت کە لە مێژوو و کەلتووری میللەتەکەیەوە نزیك بێ و بەڵکو تێیدا ژیا بێت، نەك بەزۆر دروستی بکەین.. بەکارهێنانی پەپوولەی ڕەشی دایکایەتی نموونەیەکی تری ئەم فانتازیایەیە، هەر چەندە وێنەکە تەواوێ لای خوێنەر بەرجەستە نابێ و دەبێتە سیمبۆڵ و تەلیسمێکی کاتی، لەو پەپوولەیەدا بیرمان بۆ شوێنیتر دەڕوا و لەدەرگای مێشکمان دەداتەوە، کە هەست دەکەین پێشتر نهێنی ئەم پەپوولەیەمان بیستووە، لەدەقەکە دا دەوترێت: "پەپوولەیەکی ڕەشی گەورە لەسەر لای چەپی ڕوومەتی و... ل٨/ ئەو پەپوولە هەمیشەیی و قەترانییەی سەر گۆناشی زەرد دەهاتە بەرچاو/ دەیانگوت چیرۆکی ئەو پەپوولەیەی کە لەکاتی خەوو خۆشەویستیا نەبێت لە ڕوومەتی جیا نابێتەوە/

ڕاستە یان درۆ، حەقیقەتە یان نەخش، پەپوولەیە یان وێنە، یان سیحرێکی کۆنی ژنانە؟ - ل۹".

ئەم پەپوولەیە وەك ئەو پەپوولەیە وایە کە لە ڕۆمانی (حەمەدۆك)ی یاشار کەمال-دا ناوی هاتووە، کاتێك کەسایەتیی (سەیران) دەچێتە دیدەنیی حەمەدۆك و لەلێوار جۆگەیەکدا، بەدرێژایی ڕێگەکەی پەپوولەیەك بە ژوور سەریەوە هەڵدەفڕێ و لەگەڵیدا دەڕوات -بەشی سێیەمی ڕۆمانی حەمەدۆك-، لای مارکیز هەمان پەپوولە بوونی هەیە و باسی کردووە، مارکیز: "کە منداڵ بووم، بیرمە داپیرەم باسی لەو پیاوە دەکرد کە ناوبەناو دەهات و پسووڵەی کارەبای دەبڕی، نەنکم دەیوت ئەو پیاوە زۆر سەیرە، هەر چەند دێت ئەو پەپوولەیەش لەگەڵیدا پەیدا دەبێت، ڕۆژێك لەکاتی هاتنی پیاوەکەدا بیرم لە پەپوولەکە کردەوە، دوای ڕۆیشتنی هێندە سەیر بوو پەپوولەکە دەرکەوتەوە!".

## ڕەش و سپی

هەر لەدێرینەوە کێشەی نێوان ڕەش و سپی، ململانێ و جەنگی نێوان باش و خراپ، لایەنی خێر و لایەنی شەڕ، خواوەندو شەیتان، ئاشتیخواز و شەڕخواز، بوون و نەبوون، کێشەی سەرەکیی مرۆڤ و گەردوون بوون، لە زۆرینەی بەرهەمە مێژووییەکاندا، لە قۆناغی کلاسیکی و ڕۆمانسیزمدا ئەم دوو هێز و لایەنە بە بەربلاوی بەرجەستە بوون و چەندیش ژیان بەردەوام بێت، ئەو دوو ڕەگەزە ڕەهایە، هەر دەمێنن و پێ بەپێی دەڕۆن، کە لەو کێشەیەدا نێوەندێك نامێنێتەوە و بەرەکان وەك دوو قوتبی لێکتر جیاواز دوو جیهانی دژ بە یەك پێکدەهێنن، لە کاتێکدا ئەمڕۆ لەنێوان ئەو دوو ڕەنگەدا، لە نێوان ئەو دوو خەسڵەتە دا، مەودایەك هەیە و تۆژینەوەیان ڕێژەیین، وەك چۆن ڕەش تا دەگاتە

سپی، بەچەندین خاڵی وێستگە و کاڵبوونەوەدا دەڕوا و بەپێچەوانەشـەوە، ئـاوا باشی و خراپیش هارمۆنیەتێك هەیە لـەنێوانیاندا، وەك دوو ڕەگەز، لە تێکچڕژان و پەیوەسـت بوونـدا لــە هەیکەلێکـدا یـەك دەگرنـەوە، زۆربـەی تۆژینـەوە و لێکدانەوەی تەوژمی هۆش و سایکۆلۆژییەکان، بە قووڵی لەم کێشەیە دەدوێـن و یەکالای دەکەنەوە بەو پێیەی کە ئاوێتە بوونیان بووبێتـە کـارێکی سـەخت و گران.. بەکارهێنانی ئەم دوو بەرەیە لە دوو تۆیی ئەم ڕۆمانەدا، کشاندنەوە و بە بەردەوام بوونی کێشە تـەواو نەبووەکەیـە، کـە هـەر دەمـێنێ و دەمێنێتـەوە... کەسایەتیی "سـەعید" و تانجییـەکانی بەرامبـەر کەسایەتیی "ئەشـرەف" و کچـە پاکیزە و کەسە سەرگەردانەکان ڕادەوەستێتەوە، نووسەر لـەپێناوی بەرجەسـتە کردنی ئەم دوو پێکهاتەیەدا، ئەم قابیل و هابیلـەدا، نەزیفی وشەی بەکار هێنـاوە و پێمـان ڕادەگەیـەنێ، کـە هێشـتا سـەبارەت بـەو دوو جیهانـە کـەم وتـراوە، کەسایەتیی "سەعید"مان هێندە لا تاڵ و ڕەش دەکات تـا هێنـدەیتر کەسـایەتیی "ئەشرەف" شیرین و سپی ببێتەوە، ئەویان هێندە دزێو ئەویشیان بێگەرد و پاك و ناسك، لـەم ملـملانێیەشدا بەسەرکەوتنی هێزە شەڕخوازەکان، ڕۆمانەکـە دوایـی دێت و لـە باکگراوندا ئەوە دەپێکێـت کـە هێـزی پـاك و ئاشـتیخواز بەنـەمری دەمێنێتەوە.

لـە وەسفەکانیدا بۆ لایەنی دزێوی: "ئـەو پیـاوەی کـە ئەسـتێرەکانیش ڕقیان لێ بوو، چاوە خۆڵـەمێشـییەکانی هـەروەك خـۆی سـارد بـوون – ل٧٨" لایەنی بێگەردیش "دەستە نازك و ژنانەکانیم بینی – ل ٥٣". دروسـت کردنـی ئەم کێشەیەش، کە هەرگیز لـەسەر دەسەڵات و سامان و شتێکی دیاریکراو نییە، کێشـەیەکە هاتووەتـە بـوون و وا لـەخوێنـەریش دەخوازرێـت لــە هۆیـەکانی نەکۆڵێتەوە، ئەو ڕك و کینەیەی لـەسەرەتادا لای سەعید سـەرهەڵدەدات زادەی

ئەو هەست بە کەمییەیە، کە لە کاتی لەدایکبوونی ئەشرەف بێباوکدا لای دروست دەبێت، هەمان هەست کردن بەکەمی لای ئەشرەف زۆرتر بەربلاوە، لەم خاڵە هاوبەشەشدا، سەعید لەبری ئەوەی ڕك لە دایکی هەڵبگرێت، کە کردارێکی بەو چەشنەی ئەنجام داوە، دەیکاتە ڕكێك بەرامبەر ئەشرەفی زڕ برای، سەعید کێشەکەی لەوەدایە، کە نازانێت باوکی ئەشرەف کێیە و دەڵێت: "پێم ناڵێی باوکی تۆ کێیە؟!" ئەشرەف لەم خۆشکاندنەوەیەدا گومان دروست دەکا و لەنائاگاییدا وای بەخەیاڵدا دێت، کە دەشێت سەرهەنگ بێت، بەڵام سەعید، کە وەك ئەو گیرۆدەی هەمان کێشەیە و نازانێت باوکی نادیاری ئەشرەفی زڕ برای کێیە، ناکەوێتە هەمان گومانەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەچێتە پاڵ سەرهەنگ و دەبێتە یاوەری، نووسەر بۆ ئەوەی بە وێنە و وەسفەکانی کێشەی لایەنی دژ بەیەکەکان یەکالا بکاتەوە، دەمامکی هەر دوو لایەنەکە لەسەر دەکا و ڕۆڵی هەردووکیان دەبینێ. لەوەسفی باوکی -سەعید-دا بۆ ئەوەی ئەشرەف بێباوك بهێڵێتەوە ناوی "سەعیدی سوڵتان بەگ" دەخەملێنێ، لە دواییشدا هەر بۆ ئەوەی لە پاکبوونەوەدا کەسایەتیی داپیرە بخاتە بەرەی بێگەردەکانەوە، هەمان باوك "سوڵتان بەگ" بەپیرەمێردێکی بەد فەساڵ دەخاتە ڕوو، بەڵکو هێندە لاوازیش، کە داپیرە ئەو هەموو بەشە سامانەی خۆی لێ بفرێنێ.. نووسەر لەسەرگەرمیدا بۆ پۆشینی دەمامکەکان بیری دەچێتەوە چۆن بڕوانێ و جیهان ببینێت، ئاژەڵێکی بەستەزمان و ئارامیماڵیی وەك (تانجی) بەدڕندەیەکی ترسناکی بەشەرییەت لەقەڵەم دەدا و دەیکاتە سیمبۆڵی هەموو ئاژەڵە دڕندەکان، ئەو گوڵە زەردانەی کیژ و کوڕەکانی شار دەیچننەوە بۆ کەرنەڤاڵ و بەردەستی سەعید، وا دەکات لای ئەشرەف (لە زەمەنێکی پێشتریشدا) ببێتە هێمایەکی زۆر ترسناك و هەموو دژەکانی دنیای بێگەردی و لەو گوڵانەدا پێشبینی مەرگی

خۆیشی دەکات، بەکارهێنانی هەموو ڕەمزەکان نەك لە خزمەتی دەقەکەدا نین، بەڵکو هەڵئاوساندنێکی نامەنتیقین و نیشان نابێکن.

## پاڵەوانی پۆزەتیڤ

کێشەیەکی تری بەربڵاوی نێوەندی ئەدەبیمان بۆ گەشە نەکردنی ڕەگەزی ڕۆمان لە نەبوونی پاڵەوانێکی نموونەیی و بێهاوتادا دەبینرێتەوە، بەوەی کەسایەتییەکی پۆزەتیڤ دەگمەنە و ناهێنرێتە بوون، سەبارەت بەم حاڵەتە (جۆرج لۆکاش) لە تیۆریزەکردنی ڕۆماندا، دەگاتە ئەو بڕوایەی، کە ڕۆڵی پاڵەوانە نێگەتیڤەکان هاوشانی پۆزەتیڤەکان ببینێتەوە، کە لە بەرجەستەکردنی ململانێی نێو کۆمەڵگای سەرمایەداریدا پاڵەوانێکی چالاکن. لەمەرگی تاقانەی دووەمدا، کەئەشرەف و داپیرە دوو پاڵەوانی پۆزەتیڤن و ئەشرەف قارەمانی بێهاوتایە، نووسەر لە تەنگژە و سەرهەڵنەدانی ئەم پاڵەوانەدا کەسایەتییەکمان بۆ دەخوڵقێنێ، کە هاوشانی پاڵەوانی ڕۆمان و چیرۆکەکان بوەستێتەوە. ئەشرەف وەك "زۆربا"ی کازانتزاکی و "حەمەدۆك"ی یاشار کەمال و "دایك"ی گۆرکی و "پیرەمێرد" لە "پیرەمێرد و زەریا"ی هەمەنگوای، "پشت کۆمی نۆتەردام"ی ڤیکتۆر هۆگۆو "ئاکاکی"ی "پاڵتۆ"ی گۆگۆڵ و "دکتۆر ڕیو"ی "تاعوون"ی ئەلبێر کامۆ و "جۆلیان سورێل"ی "سور و ڕەش"ی ستاندال و چەندان و چەندان پاڵەوانی نموونەیی شاکارەکاندا ببینرێتەوە، ئەو ئەشرەفەی کە دەکرێتە (خۆشەویست)ی هەموو خەڵکی شار و لەپرسەکەیدا هەموو مەینەتییەکانی خۆیان دێتەوە پێش چاو، هەموو گوێیان لە هاوارەکانی بێ و یەك لەدوای یەك مەزن و شکۆمەندیی ئەو و دڕندەیی دوژمنەکانی، بۆ داپیرە بگێڕنەوە. نووسەر پێناسێکی تری دژ بەم ڕاستییە دێنێتەوە و تێکڕای ئەم

(گەورەکردن)ی هەستانە دەپووکێنێتەوە: "ئەشرەف کە بەوە دەچوو دڵنیا بێت منداڵێکی بەدبەخت و چارەڕەشە و دوور لەشادی و هەموو خۆشەویستیەك دەمرێت – ل ٨٤". وێنەیەکی شێواوتر بۆ کەمکردنەوەی لایەنە باشەکانی کەسایەتیی ئەشرەف لە دەستەواژەیەکدا دەخەملێت، کە یەکێك لە کچە پاکیزەکان دەیگێڕێتەوە، دەڵێت: "داپیرە وێنەی کوڕەکانی دادەنا و دەیسەپاند بەسەرماندا ڕەجمیانبکەین، هەستمان دەکرد جێگای ئەو لەدڵماندا لە براکەی لە پێشترە، بەڵام داپیرە دەیویست بە ڕەجمکردنی کوڕەکانی هەموو پیاوانی دونیاش ڕەجمبکەین و هەموویان بدەینە بەر نەفرەت، دەیویست لە (بێوەفایی) کوڕەکانیدا بێوەفایی هەموو پیاوانی دنیامان نیشان بدات – ل١٤".

یان "وەك منداڵێکی ساویلکە و ساوا هەموو ڕاستیەکانی بۆ ئەحمەدی جەفاکار گێڕایەوە – ل١٢١".. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەشرەف ئەندامی ڕێکخراوێکی سیاسییە و لەتەك خورشید–ی جادووبازدا بڕیار دەدات سەرهەنگ بکوژێت (ئەو سەرهەنگەی بەدرێژایی بیست ساڵ هەر سەرهەنگە و پلە و پایەکەی ناگۆڕێت!). ئێمە هیچیتر لە کردارە ئیجابییەکانی ئەم کەسایەتییە نابینین، یان ئەو ناوبانگ و خۆشەویستییەی لای خەڵکان هەیەتی، بەشتێکی زیاد لە پێویستی وەردەگرین، ئیتر دروستکردنی پاڵەوانێکی نموونەیی کە هێشتا لە خودی خۆیدا دروست نەبووبێ و هێندە منداڵ و پاك و بێمەترسی بێت، چۆن دەکرێتە ئەو قارەمانەی لە شەوی کارەساتەکەدا سەعیدی کوڕی سوڵتان بەگ بەخۆی و دوو سەد کەس لە پیاوەکانی بچن بۆ کوشتنی!، ئەو ئەشرەفەی هێشتا سەری لە هێلکە نەجووقاوە، چۆن دەبێتە نموونەیەکی باڵای شارێکی گەورە و فراوان!! کە هەندێك جار بەبیریدا دێت بچێتە شارێکیتر، یان پارە لە دایکی بسەنێ و بەرەو وڵاتێکیتر سەر هەڵبگرێت، ئەمە تەنها ئەو مانایە

دەبەخشێت کە ئەشرەفیش کەسێکی ئاساییە و بەڵکو باوەڕ بە خەونەکانی خۆیشی ناکات کە هەوڵی بۆ دەدات، ئێمە کەسایەتیی خورشیدی جادوبازمان زۆر لا گەورەتر و بەرجەستەیە وەك لە کەسایەتیی ئەشرەف، بەڵکو هاوتای سالاری چاوشین و کوشتنی منداڵە بیبسی فرۆشەکە دەبێتەوە و زێتر نا، تەنها هێندەیە، کە ئەمیان بەدەستی برای خۆی دەکوژرێ و تاوانەکە زۆر گەورەیە و پێویستی بە گەشتێکی قووڵ هەیە، نووسەر هێندە شۆڕ بووەتەوە بۆ ئەو دنیا پاکیزەیەی کە هەرگیز لە ڕووپەڕدا دەری نەبڕیوە، بەڵکو لەخەملاندندا نەگەیشتووەتە کردەی نووسین، دوای دوو سەدە لە کوشتنی ئەمیر شەرەفەدین و هاتنی گەردەلوولێکی بەتین بۆ دووبارەبوونەوەی هەمان کارەسات، ئەوەی بەبیر دا ڕەت نەبووە کە ئەم کەسایەتییە هێندە پێنەگەییوە!.. پاشان بەکارهێنانی کارەساتی کوشتنی ئەمیر شەرەفەدین، جگە لە هەڵئاوساندن و گەورەکردنی ڕووداوێك بۆ ئەم دەقە هیچ پێوەندییەکی ئەوتۆی بە ڕۆمانەکەوە نییە.. تەنها نزیك بوونەوەیەکی لەناو دا هەیە و هیچیتر: (شەرەفەدین/ ئەشرەف)... (پیاوانی سوڵتان/ سەعیدی سوڵتان).

## کەشو هەوا

جوانترین ڕەگەزی ئەم ڕۆمانە ئەو کەشوهەوایەیە کە دەقەکەی تەنیوە و دەمانخاتە نێو ترس و سامێکی نزیکەوە، بەرجەستەکردنی مێژوویەکی تاڵی گەلی کورد لە پێش ڕاپەڕیندا خۆی لە خۆی دا دەوڵەمەندترین باکگراوند و بەڵکو مەرکەزیەتی دەقەکەیە، بەبیرهێنانەوەی ئەو پەڵە تەڵخانەیە، کە زەمەنێکی درێژ بەر بینایی کەسی کوردی گرتووە، بەڵام لەهەندێك شوێندا ئەم ڕەنگدانەوەیە سستە و دەسەڵاتی خۆی لەدەست دەدات، چونکە

داموەزگایـەك، کـە لایـەنی ڕەش و بـەرەی دژ بـە بێگەردییـە، بتوانێـت لەماوەیەکی کەمدا دوو سەد هەزار کەس ئەنفال و بـێ سەروشـوێن بکـا و لـە چارەنووسیاندا هێشتا هیچی لە بارەوە نەزانرێت، چۆن لەکوشتنی ئەشـرەف و سالاری چاوشین-دا هێندە دەستەوسان و بێدەسەڵاتە تا نەتوانێت پاسـاویان بـۆ بهێنێتەوە! کوشتنی سالاری چاوشین لـە مەیـدانی گـەورەی شـاردا و ئەشـرەف لەنێو بازاڕدا کلۆرێکی زۆر بەرینە لە ڕۆمانەکەدا، چونکە هەموو دەزانـین ئـەو داموەزگایانە هونەرمەندێکی لێهاتوو بوون لە کوشت و کوشـتاردا و جێگـەی تایبەتی و نهێنیی زۆریان هەبوو بۆ بەئەنجام گەیاندنی تاوانـەکانیان، نووسـەر بـۆ ئەوەی ئەشرەف بکاتەوە ئەو خەونەی شار لەگۆرانی و سـروودەکانیاندا بـەرەو نـەمری و زیندووبوونـەوەی هـەتایی ببـات، دێـت و لـەناو جەرگـەی شـاردا تەرمەکەی فڕێ دەدا و خەڵکانێکی زۆری پیَوە گـیرۆدە دەکـات، ئـیتر پیـاوانی سەعید و تانجییەکانی داموەزگاش، سـەرهەنگ و دادوەر، هـەموو لێیـان ببێتـە گرفتێکی ئەوتۆ و بۆ شاردنەوەی تاوانەکە منـداڵێکی بیبسـی فرۆشـی بێتـاوان پەلکێش بکەنە ڕووداوەکەوە. نووسەر لە کاتێکدا لە هەوڵی بەرجەسـتەکردنی ئەو نهێنییانە دایە، پاڵنەرەکانی سستن و لاوازن.. بـەواتای بـە مەبەسـتی پـەردە لادان و چوونە ژوورەوەی ئەو کەشو هەوایە و گەشـت پێکردنمـان بـۆ شـوێنە نادیارەکان، هۆیەکانی گەیشتنی لاوازە و خوێنەر هەست بەو بێکلیلییە دەکات کە نووسەر بزری کردووە.

## زمان

زمان کە سەرچاوەی نووسینە و باڵاترین ڕەگەزی دەقـە، سـەرەکیترین هۆی گەیاندن و گوزارشت کردنە و بەکلیلی هۆشمەندی دەژمێردرێت، مەرگی

تاقانەی دووەم لەگەڵ ئەوەشدا بەزمانێکی سادە و ئاسان و خێرا و بێ گرێ و گۆڵ نووسراوە، سەرباری ئەمەش لە ڕووی ئیستاتیکییەوە گەلێك هەژارە و کەموکوڕی زۆر تێدایە، بۆ خستنە ڕووی پێم باشە ئاماژە بە هەندێك لەو هەڵانە بکەم، کە کاك (حەمە سەعید حەسەن)یش لە وتارەکەیدا ئیشارەتی پێ داون (گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٣١).

گەردەلوولێکی قایم/ توند، بەتین، بەهێز... پۆپەژمین/پۆپەشمین... گومەزێکی خاڵی/گومەزی پڕم نەبیستووە... دەنگی پێخاوسیەکەی/ دەنگی پێیە پەتییەکانی... باخچەی کاکی بەکاکی/ باخچە باخچەیە و کاکی بەکاکی دەشتێکی ڕووت و وشکە... تانژی/تانجی، تاژی.. مریشکی مردارەی/ مریشکی مردارەوەبووی... کچە بێوەژنەکە؟!/کچ کچە و بێوەژن ژنی مێرد نەماوە.. بەستەڵەکی بەستوو/ بەستوو زیادە و پێویست ناکات "بەستەڵەك و شەختە"... بۆن و بەرامەی پیسی/ بۆگەن.. قۆناغە دەمانچە/ قۆناغە تفەنگ، کلکی دەمانچە، دەسکی دەمانچە.

زمان لەم ڕۆمانەدا بە ڕەزمێکی خێرا دەڕوا و لەهەندێك شوێندا وێنەی شیعریی جوان پێکدەهێنێ، بۆ نموونە: "چش لەدنیا.. چش لە ئابڕوو.. نەحلەت لە سەرهەنگ بەدری و لە چرپای گوناهەکانی دایك، نەحلەت لە پەپوولە ڕەشەکانی دایکایەتی و تانژیە برسیەکانی برایەتی، با بژی غەم و تەنهایی – ل٥٥" یان "نەفرین، نەفرین، نەفرین لەو خۆرە بێوەفایەی کە تەنها لەگەڵ مردنی مندا ئاوەها تین دەداتە خۆی، نەفرین لەم زەمانە بێوەفایەی کە تیا دەمرم و دایکیشم لە جەنازەکەم ناپرسێتەوە، نەفرین لە گەڵاکانی خەزان، لە سۆندەی ترومبێلەکانی ئاگر کوژاندنەوە کە بەناوی شتنی تۆزی پایزەوە جێگا و شوێنی تاوانەکەیان پاککردەوە – ل٥٧"..

لەم وێنە ڕۆمانسییانەدا، جوانی و ناسکیی دنیای شیعرییەتی نووسەر بەدەر دەکەوێت، بەڵام دەبینین هەمان نووسەر لە قەسیدەی "جەللاد"دا (گۆڤاری سەراب، ژ ٥) ئەم شیعرییەتە لەدەست دەدا و لەوێدا بە زمانێکی پەخشانی دەدوێت، کە ئەمەش سیمای زۆرینەی ئەو دەقە شیعر و چیرۆکانەیە کە هەنووکە لەبواری نووسیندا بەرجەستە دەبێت، سەیر لەوەدایە شاعیران لەشیعرەکانیاندا بە زمانی پەخشان چیرۆك دەبێژن و چیرۆکنووسانیش لە سەرگەرمی ڕۆمانسیەتدان و لە چیرۆکدا شیعر دەهۆننەوە.. ئەوەیان بیر چووەتەوە، کە زمانی شیعر واتا دەپێکێ و زمانی پەخشانیش دەلالەت و هێما! لێرەشدا مەبەستمان زمانی شیعریی نییە ئەوەندەی دەستنیشانکردنی ئەو لادانەی بەناوی تازەگەری و تایبەتمەندییەوە دەیخەنە ڕوو.

## شێواز

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی ڕۆمانەکانی دنیا هەر لەساتی گەشەکردنیانەوە تاوەکو ئەمڕۆ بەگێڕانەوەیەکی پەخشانی خەیاڵئامێزی درێژ تا ڕادەیەك دەناسرێنەوە و کردار و شێوازی ڕابردوو تیایاندا باڵادەستە، دەبینین لەکاتی تۆژینەوەیاندا بەشێوەی ڕانەبردوو و ئێستا دێنە سەر زەوی واقیع و وەك ڕووداوێکی ڕاستەقینە و زیندوو خۆیان بەدەر دەخەن، چەندە تێکەڵاو کردنی ڕابردوو بە ئەندێشەی نووسەرەوە پێکهاتەی ژیانێکی دروست دەدات بەدەستەوە، هێندەش ئەو گێڕانەوە بەسەر چووە (ڕابردووە) لە چرکەساتەکانی خوێندنەوەدا دەبنە شێوازێکی ڕانەبردووی چاوەڕوانخواز کەوا دەکات خوێنەر لە گەڵیدا بژی و زنجیرەیی پێ‌بەپێی بڕوات، ئەوەی لە مەرگی تاقانە دا بەرەو ڕوو دەبێتەوە ئەوەیە کە هەست دەکەیت مەحکومیت بەخوێندنەوەی بەردەوام

و هێندە لە دەرەوەی دەقدا توانستی نووسەر دەبێتە مەرامی سەرەکیت، ئەوەندە بابەت و ڕووداوەکە پەلکێشت ناکاتە نێو چرکە و ترپە و خرۆشە زیندووەکانیەوە، کە ئەمەش بەرەنجامی ئەو شێوازەیە کە دەقەکەی تەنیووە و ڕابردوو نەك بەرەو پێشەوە ناچێت، بەڵکو هەمیشە بەرەو سەرەتاکانی خۆی دەگەڕێتەوە و لەخێرایی بەردەوام بوونەوەیدا هیچ لەساتەکان خاو ناکاتەوە و بوار نادات تیایدا بژیت، هیچ لە جووڵە و بزاوتنی زیندووی کارەکتەرەکان ڕانەبردوو و داهاتوو لە زەمەنی گێڕانەوەدا دروست ناکەن و گۆشەنیگا و دیدگای گێڕەوەکان دیمەنەکان وەك گرتەی وێنەی سلاید دەخەنە ڕوو، بەواتای: بڕگە بڕگە وێنەی وەستاوی هەمەجۆر پیشان دەدرێ و ژیان و جووڵە و هەڵسوکەوت دوچاری ڕەقبوون بووە، هۆی سەرەکی ئەم وەستانەش تاك لایەنییە لە دەنگی گێڕەوەکاندا، چونکە نەك ڕۆڵی خۆیان بەباشی نابینن و لەگەڵ ڕووداودا ناکەونە دیالۆگ و دروستکردنی (ئێستا) یەك لە زەمەنی ڕابردووی گێڕانەوەدا، بەڵکو زیندوێتیش نابەخشنە چیرۆکەکەیان و خوێنەر وا هەست دەکات بەرامبەر شاشەیەکی ڕووناك وێنەی وەستاو دەبینێ یان پەڕەکانی ئەلبومێك هەڵدەداتەوە، بەواتایەکی دی ئازادی نەبەخشراوەتە هیچ لە کارەکتەرەکان و ڕۆمانێکی ڕووداونامەیی پێکدەهێنن.

## باوەڕپێکردن

باوەڕپێکردن وەك بەهایەکی هونەری، یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە پێویستەکانی تێکست نووسین، پرۆسەی خەملاندنیش، کە هەوێنی لەدایك بوونی هەموو دەقێکە، لە توانستی پلەی باوەڕپێکردندا پێدەگات و دەبێتە بوونەوەرێکی پڕ لە ژیان و بزاوتن، ئەو هێڵ و چوارچێوانەی خەملاندن بۆ

بیرۆکەیەکی دەکات، ئەو پێودانگ و لۆژیکانەی تێدا بەرهەم دەهێنرێت، کە لەهەموو ڕوویەکەوە زانستی بن و لەڕاستی بە دوور نەبن، ئەو حیکایەتخوانەی چیرۆکێك دەبێژێت، پێویستە هێندە لێزان و کارامە بێت لە گێڕانەوەیدا تا خوێنەران و بیسەرانی باوەڕی پێ بهێنن و بەکێشیان بکاتە نێو چیرۆکەکەیەوە. هێزی باوەڕپێکردن لەم ڕۆمانەدا هێندە دەست کورتە وا دەخوازێت خوێنەر ئەو ئەرکە بەجێ بهێنێ و خۆی باوەڕ بۆ خۆی پەیدا بکات، خۆی کێشەکانی شی بکاتەوە و هەر خۆیشی وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی خۆی بێ و بونیاتنانەوەشی هەر خۆی: "مەرگی تاقانەی دووەم" کە هەر لە ناونیشانەکەیەوە دێڕەکانی خۆی بەتاڵ دەکاتەوە، نووسەر چەند جارێك جەختی لەسەر دەکاتەوە و دوودڵی تێدا دەبینرێت.. تاقانەی دووەم کە نازناوی "ئەشرەف"ە لەدیدی چ کەسێکدا دەبێتە تاقانە؟! لای داپیرە! و لای هیچ کەسێك ئەو نازناوە قبووڵ نییە و بەڵکو دایکیشی بە کوڕی دووەمی خۆی لە قەڵەمی دەدات، ئەگەر سەعید کوڕە تاقانەکەی دایکی بووبێت، ئەوا لەساتی لەدایکبوونی ئەشرەف-دا ئەو نازناوەی لێ دەسێنرێتەوە و دەبێتە نۆبەرە و کوڕە گەورەی، ئەم کوڕانە ئەگەر لێك دابڕێن و هەر یەکەیان لای دایك یان باوك بمێننەوە، ئەو وەختە لە دیدگای دایك و باوکەکەدا ئەو نازناوە وەردەگرن، ئەشرەف ئەگەر بێباوك و بیژیش بێت، لەدیدی دایکیدا کوڕی دووەمیەتی و هەرگیز پێی ناڵێت تاقانەی دووەم، ڕاڕایی نووسەریش لەم ناوهێنانەیدا جارجارە بەدەر دەکەوێت، "ئەو کوڕەی بەگاڵتەوە ناوی بەتاقانەی دووەم ڕۆیشتبوو/ خەڵکی بە لاقرتێ و بە مەحەبەتیشەوە پێیان دەوت تاقانەی دووەم!" کەسایەتیی سەرەکی، کە داپیرەیە بەهەمان شێوە نازناوەکەی تەواو نییە، چونکە لای کوڕەکان چەندە دایکە هێندەش لەدیدگای کوڕوکچە هەتیوەکانی نێو کۆشکدا کەسایەتیی دایك

بەرجەستە دەکات، چونکە وەك دەزانین کوڕ و کچەکان، هاوتەمەنی کوڕەکانن و ئەو جیاوازییە زۆرە لە تەمەنیاندا نییە تا دایکەکە هێندە پیر بوویێت پێی بڵێن داپیرە: "بووە دایکی بەڕەحمی هەموو منداڵە بێکەسەکانی شار - ل٨٢". نووسەر لە نغرۆبوونیدا بۆ ئەوەی کەسایەتییەکە هەر بەداپیرە بناسرێتەوە، تەمێکی تەڵخ دەکەوێتە سەر پێڵووی و وازی لێ ناهێنێت، لەدەمی کچی پاکیزەوە ئەمە دەوترێت: "لەو کاتەدا دەنگەکە هاواری لەداپیرە دەکرد و هەموو شاریش گوێی لێبوو کە دەیگوت: داپیرە... داپیرە.. مەهێڵە بمکوژن.. داپیرە تۆ لە کوێیت؟ - ل١٣".. سێ جار وشە و ناوی داپیرە لەم دەنگەدا دووبارە بووەتەوە، ئێمە دەزانین کە دەنگەکە دەنگی ئەشرەف-ە هاوار دەکات، ئەدی چۆن دەڵێت داپیرە؟ کەسێك هەیە بەدایکی خۆی بڵێ داپیرە؟! داپیرە بەواتای نەنك، دەترسم بە پیرە داك تێگەیشتبێ! نووسەر لەبەر ئەوەی وامان لێ بکات کە هەست بە تەنیایی و بێکەسیی ئەشرەف بکەین، بێ باوکی دەکات وەك دەزانین، لێرەدا وەختە بێدایکیش بیهێڵێتەوە و هێندەیتر دایبڕێت!!.. خوێنەر لەم هەموو وەهمە سەری سوڕ دەمێنێ، لای خۆیەوە هەڵەیەك چاك دەکاتەوە و کونێکی دی دەگرێت، پینە لەو دڕاوییە دەداو فڵانە پچڕان گرێ دەداتەوە، نووسەری دەرەوەی دەقیش بێباك هەر دەنووسێ و ڕەش دەکاتەوە بێئەوەی ئاگادار بێت چی وتووەو دواتر چی دەڵێت.

ئەو بەرپرسیار نەبوونەی کە نوێخوازەکان! بۆ نووسەر و دەق و خوێنەری دادەنێن لەوەی هەموو خوێنەرێك سەربەستە چۆن دەخوێنێتەوە و دەرگا لەسەر خوێندنەوەیەکی دی دەکاتەوە، یان خوێنەر ڕەگەزێکی گرنگە و خۆی دەقەکە دروست دەکاتەوە، هەموو ڕێژەیین و لادانن لەو ڕێیەی، لەو پەیامەی کە ئەدەب دەیگەیەنێ و لەو هێز و جوانییەی دەق دەیخوڵقێنێ، ئەدەب

بەگشتی و ڕۆمان بەتایبەتی هەڵوێستە بۆ ژیان و بوون، ئەگەر نووسەر ئەو ڕۆڵە پێشڕەوایەتییەی لێ بسەنرێتەوە و لەدوای دەق ئیتر جوێ ببێتەوە، باشتر وایە لە نووسین ڕابوەستێ و هەمیشە و هەردەم خوێنەرێکی هۆشمەند بێت.

ئەو کەفوکوڵ و سەرگەرمییە، ئەو خەڵوەتەی ڕۆماننووس لە میانی ئەم دەقەدا دووچاری بووە، سەرچاوەی بنەڕەتی بەرهەمهێنانی هەموو ئەو ناکۆکی و هەڵانەیە، کە جەستەی دەقەکە گرتوویەتییە خۆی، چیخۆف-ی هەردەم نەمر لەم بارەیەوە ئامۆژگاریی نووسەران دەکا و بەوتەیەك سەرنج و ئەزموونی خۆی یەکالا دەکاتەوە: "پێویستە لەکاتی نووسیندا بەمێشکێکی ساردەوە چیرۆکەکەمان بگێڕینەوە، نابێت بە سەرگەرمییەوە بنووسین، چونکە خوێنەر بە دەماغێکی ساردەوە دەیخوێنێتەوە و ئێمەش دەبێت بکەوینە باری ئاسایی ئەوەوە، ئەگەر نا، ئەوا بەو سەرگەرمییەمان تەنها خۆمان دەخەینە گریان و خوێنەرانیش پێمان پێدەکەنن".

## ئاکام و مەبەست

پاش تێڕوانینمان بۆ ڕەگەز و لایەنە جۆربەجۆرەکانی دەقەکە و شێواز و تایبەتمەندیی پێکهێنانی ئەو جیهانەی کە بەمەرگی تاقانەی دووەم ناسراوە، لەدواجاردا دەڵێین: ئەگەر هەموو ڕۆمانێك گێڕانەوەیەکی پەخشانیی خەیاڵ ئامێزی تا ڕادەیەك درێژپێناس و ناسنامەی بێ و بیەوێت لەمیانی ئەو گێڕانەوەیەدا خۆی بەدەر بخات، ئەوا لەو گەشتەیدا جیهانێك دەخوڵقێنێ و ژیانێکی تایبەتی دێنێتە بوون، نووسەریش لەپێناوی بەرجەستەکردن و ئەفراندنی ئەو جیهانەدا، ڕێی تایبەتی دەگرێتە بەر و لێکدانەوەکانی دەبنەوە هەوێنی لەدایك بوونی ئەم ڕەگەزە، واتە: یەکەم و دوا کلیلی نووسەر زمانی

گێڕانەوەیە و بێ ئەم ڕەگەزە هیچی پێناکرێت، ڕۆمانی مەرگی تاقانـەی دووەم، کە پەنای وەبەر چەند گێڕەوەیەك بردووە، دەیەوێ لەو دەنگانـەدا جیهانەکـەی دروست بکات کە بەهەماهەنگی و دەستەجەمعی چیرۆکەکە دەگێڕنـەوە، وەك دەشزانین بۆگێڕەوەی سەرەکی ـ داپیرە ـ یە و هەموو دەنگەکان ئاراستەی ئەو دەکرێن: لـە دەستپێکدا گێـڕەوە نووسـەرە و پاشـان ڕاسـتەوخۆ بـۆ خوێنـەری (بۆگێڕەوە) و دواجاریش گێڕانەوەی یەك بەدوای یەك بۆ داپـیرە، بـەو مانایـەی کە هۆی گێڕانەوە دەست نیشان بکرێ و کەسـایەتیی داپـیرە ببێتـە ئامـانج لـە گێڕانەوەدا، بەم پێیەش ناڕاستەوخۆ بۆ خوێنەر، کەواتە سەرچاوەی گێڕانـەوەی ڕووداوی ئەم ڕۆمانە بـۆ ئەوەیـە، کـە دەنگـەکان ئاراسـتەی داپـیرە بکـرێن و بابەتەکە بخەملێنن، بە بێ ئەم گێڕانەوەیەش ڕۆمانەکە دروست نابێت، مەبەسـتی سەرەکیی گێڕەوەکانیش بۆ پێـزانین و ئاگادارکردنـەوەی داپـیرە تێدەکۆشـێت، بـەوەی لـە کردنـەوەی نهێنییەکانـدا خوێنـەریش دەرکـی پـێ بکـات، بـەڵام کەسایەتیی داپیرە وەك لە سەرەتادا ئاماژەمـان بـۆ کـرد، تـەنها کەسـێکە، کـە پێشبینیی کارەساتەکە دەکات، چۆنێتی مەزەندە و پێشبینی کـردنیش، پرۆسـەیەکە لە خۆڕا دروست نابێ و چـەندین ڕایـەڵ و هێڵـی لاوەکـی و سـەرەکی دەبنـە یارمەتیدانی، پێشینە و هۆکارێك لـە پشـت ئـەو لێکدانەوانـە دەبنـەوە چـاوگی پێشبینی کردن. یەکێك لـە گێڕەوەکان بۆ ئەم مەزندەییە دەڵێـت: "وەك دەرکـی بەهـەموو ڕاسـتییەکان کردبێـت، گـوتی: ئەمشـەو کوشـتوویانە ـل١١". ئـەم وتەیەی داپیرەش دوو سـەری لـێ دەبێتـەوە، یەکـەم: بەدەرخسـتنی پێشـبینی و ڕەنگدانەوەی ڕووداوی کوشتن، دووەم: ئاگاداری و پێزانینی داپیرە بەر لـە نهێنی ئاشـکراکردن... بـەواتای پـێش ئاگادارکردنـەوەی، خـۆی ئاگـادارە و لـەو سەرییەوە دێتەوە، یـان پێشـتر دەزانـێ و لای ڕوونـە کـە ئەشـرەف دەکـوژن،

(کوشتوویانە) ئەوە دەگەیەنێت کە بکوژەکانی ئەشرەف بە (کۆ) هەموو دەناسیٚ و دەشزانیٚ کێن، چین و سەر بەکوێن، هەموو پاڵنەرەکانی ئەو ئاکامەی لا گەلاڵەیەو هەموو دەستەکانی لا کەشفە، ئەمەش لەبەراییدا ڕوون بووەتەوە و بەر لە گێڕانەوە خەملیوە، ئەی کەواتە چۆن کردەی گێڕانەوە ئەو ڕێڕەوە دەگرێتە بەر تا ئاگاداری بکەنەوە؟!

داپیرە کە هەموو نهێنی و نادیار و شاراوەکانی (پێشتر)ی لا ئاشکرا بێت، بەر لە گێڕانەوە ئاگادار بێت، ئیدی چ پێویست بەم گێڕەوانە دەکات تا بۆی بگێڕنەوە! لەم خاڵەشەوەیە کە خەملاندنی بیرۆکەکە، بونیادەکەی تێکدەشکێت و هەموو ڕیسەکە دەکاتەوە بە خوری، چونکە هەموو پرۆسەی گێڕانەوەکە بۆ کەسێکە خۆی هەمووی دەزانیٚ، هەر بۆیە بێدەنگیشە!.

پاش ئەوەی بۆمان ڕوونبۆوە مەبەستی گێڕەوەکان لەسەر زەمینەیەکی فشۆڵ کردەی خۆیان بەجێدەهێنن، لەدواجاردا ئاماژەش بە دەستپێکی ڕۆمانەکە دەدەینەوە. وەك ئاشکرایە دەسپێك سەلیقەیی و دەسترەنگینی نووسەری تێدا بەرجەستە دەبێت و گرفتی سەرەکی کردنەوە و کلیلی یەکەمینە لای ڕۆماننوسانی دنیا ـ ئەمەش ئەگەر بەگرفت ناوی بهێنین ـ دەبینین ئەم ڕۆمانە هەر لە دەسپێکەوە نابەرپرسیارێتی پێوە دیارە و چ ئیستاتیکایەکی تێدا نیە.

دەسپێکی مەرگی تاقانەی دووەم ئەمەیە: "بۆ یەکەمجار دوای دوو سەدە لەوەی ئەمیر شەرەفەدین لەناو گێژەنێکی چڕ لەگەڵای زەرددا بەدەستی پیاوانی سوڵتان کوژرا و ... " لە بینینی وشەی (لەوەی)دا لاوازییەك هەست پێدەکەین، لە ڕاستیدا دەبوو بنووسرایە: بۆ یەکەمجار دوای دوو سەدە لەکوشتنی ئەمیر شەرەفەدین، یان: بۆ یەکەمجار دوای دوو سەدە کاتێك ئەمیر شەرەفەدین، یاخود (وەختیٚ) لەبری دابنێین. (لەوەی) ئەگەرچی کرداری کوشتنەکە زۆر دوا

ناخات و تەنها بۆ یەك دێڕی دواتر نـەبێت، دەپرسـین: لـەچـی؟! کـە دەوترێـت لـەوەی ئێمە وشەی (هێن)مان بیر دێتەوە. دەشـێت گێڕانـەوە لـەپێناوی هـێن دا تێبکۆشێت؟! مەرگەساتێکی هونەرییە وەختێك ڕۆمانێك باس لە هێن بکا و هـەر لەسەرەتاوە هێن بگێڕێتەوە!

# بەر لە ئێوارەی پەروانە

هەموومان ئاگاداری ئەو مشتومڕەین کە لەم دواییەدا لە چۆنێتی لێکچوون و لێکنەچوونی ئەم ڕۆمانە خرانە ڕوو و کەم تا زۆریش ئەو خوێندنەوانەی پێشتر بۆ (ئێوارەی پەروانە) کراون، ئەمەی دوایین ڕەنگە لای خوێنەر خۆی بکەوێتەوەو هەمە تیشکدانیش بەو ڕووبەرە شتێکی شیاوە تا لێیەوە گۆشەکانی ڕۆشن ببنەوە و گەشتێکی نوێتریان تیادا بکرێت.

هەرچی ئەو بەرەیەیە کە پێدادەگرێ لە قەرزاربار کردنی دەق بە وەرگرتن و خواستن و سود لەبەرهەمە مرۆییەکانی دی دەکرێت بڵێین ڕێژەیان کەمترە لەچاو ئەو بەرەیەی توێژینەوە و خوێندنەوەی هەمەجۆریان لەسەر ڕۆمانەکە کردوەو سەرجەم لە خولگەکانی هونەری (چی نووسین)دا دەسوورێنەوە، بەواتای دامەزراندن و بنیاتنانی دەقێکی تر لەسەر دەقی یەکەم و لەو کردەیەدا گوتار و پرسەکانی کردونەتە سەرچاوە و لەوێوە قەوارەیەك بۆ داهێنان دەدۆزێتەوە، بەوەی دەق چی دەڵێ و پەل بۆ کوێ دەکوتێ و هێڵی درامی بەسەر چ خەرمانێکدا دەکێشێ، لەو میانەشدا توانستەکانی نووسەر بەیان دەکا و ئاسۆی تێڕوانینی یەکالا دەکاتەوە.

لەکاتێکدا، لەو نێوەندەدا ــ لەنێوان ئەو دوو بەرەیەدا ــ هیچ شوێنێك بۆ هونەری (چۆن نووسین) نەماوەتەوە و پێدەچێت ئەمڕۆ وردبوونەوە لە ڕەگەز و پێکهاتەکانی دەق بە کردەیەکی زێدە لەقەڵەم بدرێ و زۆر جاریش بەکاری دادوەرو پۆلیس!... یاخود تاووتوێ کردنی هەموو ئەو ڕایەڵانەی پێکەوە جیهانی تێکستەکە دەخەملێنن نقومبوونێکی بێئامانج بێت و ئیزافەیەکی نوێ نەهێنێتە بەرهەم. ڕوونتر، ئەو بیرو بۆچوون و ناوەڕۆکەی لەو جیهانەوە دەستگیر دەکرێت سەنگی مەحەکی داهێنان و سەرکەوتن بێ و فۆرم و ڕەگەز و چنینەکان بەبێبایەخ ناوزەد بکرێ.. کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا بۆچوونێکی

ناجۆرە و بەڵکو لەبنەڕەتدا کردەی داهێنان لەیەکەم و دواجاردا بۆ توانستی هونەری (چۆن نووسین) دەگەڕێتەوە کە بەتایبەتمەندی و شێوازی نووسەر دەژمێردرێت.

بەرێکی تری ئەو بۆچوونانە پێیان باشترە واقیعی ناوەکی دەق وەك جیهانێکی سەربەخۆی ئەندێشە لەواقیعی دەرەکی دابڕن و پەیوەندییەکانیان لێك جودا بکەنەوە، بەلاّم کە کار دەگاتە سەر تۆژینەوە لە ڕەگەز و پێکهاتەکانی ئەو جیهانەش، تۆژەرەوە بەوە تاوانبار دەکرێت کە دائیرەی نفوس بۆ دەق دادەنێ و ناکرێت بەو چەشنە بڕوانێتە کارە داهێنراوەکە.

من لێرەدا لەسەر ئەندێشەی تایبەتی و جیهانی ناوەکی ڕۆمانەکە کار دەکەم و بۆچوونەکانم دەخەمە ڕوو، بەواتای مەرجەع تەنها لە ناوەوەی ڕۆمان خۆیدا بێت.. ئیتر لە لام لێکچوون و لێکنەچوون چ گرنگ نیە و وەك بەرهەمێکی ڕۆمان لەسەری ڕادەوەستمەوە، بەڵکو وا دەڕوانمە ئەم دەقە کە دووەم هەوڵی ڕۆماننوسینی نووسەرێکە و هیچیتر.. بێگومان هیچ بەرهەمێکیش لەهەڵە و کەموکوڕی بەدەر نیە و دڵنیاشم ڕەهایی کامڵبوون لە هیچ تێکستێکی ئەدەبیدا بوونی نیە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، بەلاّم لۆژیکی ئەندێشە، زەمینەی ئەو جیهانە تایبەتە بەشێوەیەکی ئەوتۆ لە کەموکوڕی ئاسایی تێدەپەڕێنێ و جێی بایەخ و ڕوونکردنەوەیە، هەموو ئەو لۆژیك و زەمینانەش لە ناو دروستیی ئەندێشەدان و پرسەکانی بەر لە تێکستن کە لەمیانی پرسی (چۆن نووسین)دا دێنە کایەوەو پاش کردەی (چی نووسین) سەر هەڵدەدا و پاشان دەگاتە سەر ڕووپەڕ.. چونکە چی نووسین پرس و مەرامەکانی نووسەرە بەر لە گەیشتن بە بیرۆکەیەکی دیاریکراو، بەلاّم چۆن نووسین کردەی پاش بەدەستهێنانی بیرۆکەیە و لەوێدا هەموو ڕایەڵ و پێکهاتەکانی تێدا

دەخەملێنرێت، هەر لەوێشدا ئەفراندن دێتە بوون و دەسەڵاتی نووسەر بەئەنجام دەگەیەنرێت.

سەرەتا ئاماژە بەوە دەکەم کە بیرۆکە و بابەتی ئەم ڕۆمانە کەرەسەیەکی شیاوە بۆ هونەری ڕۆمان و ڕووداوێکی زیندووەو دەهێنێت لە ژانرێکی وەك ڕۆماندا بەرجەستە ببێت، بەڵام لە لایەکی دییەوە، خولڵقاندنی ئەو جیهانە خاوەنی زەمینەیەکی پتەو نیە و هەندێك لە دەرگاکانی کلیلی شیاوی خۆیان بۆ دیاری نەکراوە و بەسانایی دەکرێنەوە، یاخود بێ‌کلیل لەسەر پشتن و کراونەتەوە لەسەر دیمەنەکان، بەواتای جیهان و فانتازیاکەی خاوەنی سەرەتا و کۆتاییە و لەخاڵی دەسپێکەوە گەشت دەکا و گۆڕانی بەسەردا دێ، بەڵام لۆژیکی کرۆکیان سستە و لێرەو لەوێ بەسەریدا باز دەدات. لەپێناوی ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونەشدا گەشتێکی تایبەتی بەزەمینەی دەقەکەدا دەکەین تا ئەو پرسانە دەستنیشان بکەین کە بەر لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە پێویست بوون بکرێن و کەچی فەرامۆش کراون.

لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا، پاش ئەوەی گێڕەوە (خەندانی چکۆلە) لەنووسینی چیرۆکەکەی تەواو دەبێت دەڵێت: "دەشزانم فەتانە بە توورەیی و ئێرەییەکی زۆرەوە ئەم چیرۆکە دەخوێنێتەوە، بەڵام دواجار باوەشم پیادەکات و دەڵێت: خەندان، قەیدی نییە، خەمی من مەخۆ، باوابێت.. باوا.. - ل٢٥٤"، ئێمەش لە دەستنیشانکردنی لایەنەکانی چیرۆکەکەی خەندان دا دەپرسین: ئاخۆ فەتانە لەخوێندنەوەی چیرۆکەکەدا ئێرەیی بە توانستەکانی گێڕانەوەو نووسینی خەندان دەبات؟!

لە دەسپێکی ڕۆمانەکەدا ڕیشەی ڕووداوەکانی ئێوارەی پەروانە، ڕووداوەکانی ئەو ئێوارەیە، بە وەرزی خوێن دەست پێدەکا و دوو ڕەهەندی

بنەڕەتی پێکدەهێنێ بۆ ڕۆنانی سەراپا جیهانەکە، بە مانای وەرزی خوێن و قوربانی دەبێتە مەڵبەندێك بۆ تەقاندنەوەی شتەکان و سەرەتای هەموو ڕووداوە یەك بەدوای یەکەکان، ئەو دوو ڕەهەندەش ئەمانەن:

یەکەم: بەرپەرچ دانەوە و هەڵوێست وەرگرتنی پاڵەوانی سەرەکی (پەروانە) لەدژی ئەو دابونەریت و پاشخانە کۆمەڵایەتیەی لە بەرهەمی ئایین ماونەتەوە و لێیان بێزارە و لای خۆیەوە سنورێکیان بۆ دادەنێت، بەڵکو بە لادان لێیان بەرهەڵستی خۆی دەنوێنێ، ئەمەش تیشکەکانی بەرایی دوو جیهانی دژ بە یەکی تێدا ڕەنگدەداتەوە کە لە پاشاندا سەرهەڵدەدات، پەروانە بۆ دەربڕینی ئەو حاڵەتە "دواجار بە حەسرەتێکی کتوپڕەوە گوتی: خەندانی چکۆلە، دەزانیت من جەژنێکی دیکە لێرە نابم؟ - ل٧".

دووەم: گەیشتن بە پەیوەندی نێوان کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمان و یەکەم بینینی فەرەیدونی مەلەك(١)، لێرەشدا هەر دوو پرسەکان بۆ چنینی ئەو ئەندێشەیە یەکالا دەبێتەوە، بەلام پرسی سێیەم بوونی نییە بەر لە ئێوارەی پەروانە، کە ئەویش ئەو پرسیارەیە: ئایا بنەماڵەی خەندان توانای بەشدارییان هەیە لە و وەرزی خوێن و قوربانیەدا تا ئەوانیش وەك خەڵکی شار بەر لەجەژن قوربانی ببەشنەوە؟ ئێمە دەزانین کە باوکی خەندان و پەروانە ساڵانە بەر لە قوربان بەو کارە هەڵدەستێت و پیشەی وی فرۆشتنی بازن و ئەنگوستیلەو لاگیرەیە لە بازاڕ و گوزەری زەڕەنگەرەکاندا، بەواتای زەڕەنگەر نیە و دەشێت دوکانێك یاخود شوێنێکی لەو بازاڕەدا هەبێت بۆ فرۆشتنی شمەکەکانی کە ئەوانیش لە زیو و زەرد و مادەی کانزاییتر پێکدێن و ڕەنگە بەدرێژایی ڕۆژ ئەو

---

(١) یەکەم بینین لە دیدی خەندانەوە.

بره پارەیەی چنگ بکەوێت کە جگە لە بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان بەشی شتی دیکە نەکات، بەشی ئەو قوربانیە نەکات کە ساڵانە بەشداری تێدا دەکات، بەتایبەتی لەو وەرزی خوێنەی بەرفراوانتر باسی لێوە کراوە "من و ئەو سێنی خێزاتی ئەو وەرزەمان خستە سەر سەرمان و لەماڵ دەرچووین، لەسەفەری سێهەمدا بوو لە کۆڵانێکی دووردا، کۆڵانێک لەوەوبەر نەماندیبوو، لە کوچەیەکی کپ و داخراودا... - ل٧". ئەمەش ئەوە بەیان دەکات کە دابەشکردنەکە زۆرە و حەیوانێکی گەورەی تێدا کوژراوەتەوە تا بەشی ئەو کۆڵان و کوچانەش بکات کە پێشتر نەبینراون لە نزیکی خۆیانەوە،(٢) ئایا ئەمە دەشێت لە بنەماڵەیەکی بەو شێوە نیمچە مامناوەندیە بوەشێتەوە کە خاوەنی دەرامەتێکی موتەوازیعی بێ‌ژیانە و هیچی‌تر؟! لەو سەردەمەشدا کە زەمەنی ڕۆمان ئاماژەی پێدەکات؟!

لەکۆتایی ڕۆماندا ئەوەش بەرجەستە بووە کە ئەو باڵەخانەیەی تیایدا دەژین هی خۆیانە، پاش مردنی دایك و باوك و سەفەری براکان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ خەندان بەجێماوە، ئەوەتا دوا دیاری براکان "بڕێکی زۆر پارە و پسوڵەیەکی بچوك و ڕەشباوی تاپۆ بوو - ل٢٥٠" ئەمەش لە پێناوی ڕۆنان و ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ خەندان کە تیایدا بحەوێتەوەو درێژە بەژیانی خۆی بدات، بۆ ئەوەی تەنها بمێنێتەوەو بپەرژێتە سەر نووسینی ئەم چیرۆکە، لەپشتی ئەم دۆخەشەوە ئەوە دەردەکەوێت کە کارەکتەرەکان بە ویستی ڕۆمان ڕەفتار دەکەن نەك ڕۆمان پشت بە خەسڵەتە تایبەتیەکانیان ببەستێت، بەڵکو ڕەوتی ڕۆمان چۆن بیەوێت گەمە بە کارەکتەر دەکا و لە پێناوی گەیشتن بەو قۆناغەی تری جیوەیی دەیانگۆڕێت.

---

(٢) وەك ئاماژەی پێدراوە: لە حەوشەکەدا، لەناوەڕاستی چیمەنەکەدا ئەو گا زەبەلاحەیان دەگوریی.. لەو دەقیقەیەوە کە گاکەیان سەربڕی/ل٦.

ئەو برایانەی لە دوای ونبوونی پەروانە ئیدی بوخچەکان دەکەنەوە و خەنجەرەکانیان دەردێنن، ئەو برایانەی لە بردنی خەندان دا بۆ ماڵی پوور قوتابخانەی خوشکە تۆبەکارەکاندا هیچ هەڵوێستێکیان نەبووە و گوێیان نەداوەتە چارەنووسی خەندان، ئەدی چۆن وا لە ناکاو بە خۆیاندا دەچنەوە و پاش گسک لێدانی هەموو کەلوپەلەکانی ناو ماڵ، بڕێکی زۆر پارە و پسوڵە و ڕەشباوەی تاپۆی ئیمزاکراوی بۆ جێدێڵن و بیریان لە فرۆشتنی خانووەکەش نەکردۆتەوە تا پێی بگەنە وڵاتانی ئەوروپا؟... یاخود پێویستیان بەو بڕە پارە زۆرەش نەبێت کە جێیان هێشتووە!.. هەموو ئەم پرسیارانە بەوە لێکدەدەینەوە کە ڕەنگە براکان وەك جاران نەمابن و هەموو گۆڕابن، بەڵکو کوڕەکانی جاران نین و بەخۆیاندا چوونەتەوە... ئەگەر ئەوە خاڵی وەرچەرخانی بیر و تێڕوانینیانە، ئەی لەپاشاندا بۆ خەندان هەرگیز ناونیشانێکی لەوانەوە بۆ نەهات؟ بۆ تاقە نامەیەکیشیان بۆ نەنارد و بەسەریان نەکردەوە؟! کە ئەمەش جگە لە بەدەرخستنی هەمان خەسڵەتی نەگۆڕاویان چیدیکە نیە و چەند وێنەیەکی دژ بەیەك دەخاتە ڕوو. بە مانای ڕۆمان بارێکی گران لە کارەکتەر دەنێت کە نایتوانێت.

پاش وەرزی خوێن، کەسێتیی ناوەندی (نەسرەدینی بۆنخۆش) مەڵبەندی سەرەکی نێوان کارەکتەر و ڕووداوەکانە و بەشێك لە چیرۆکەکە بۆ خەندان دەگێڕێتەوە.. بەڵکو بێبوونی ئەم کەسێتیە قۆناغەکان دروست نابن و عەشقستان نایەتە بوون، لە پێناوی گەیشتن بەو یۆتۆپیایەش پێویستە پاڵنەر و هۆیەکان ببنە پاڵپشتی ئەم گەشتە... وەك دەبینین، لەدوای نائومێدبوونی (گۆڤەندی پەیکەرتاش) و (دلآرام) لە پێکگەیشتن و پێکەوە ژیانیان لەشاردا، دوای چەندین جار لە سووربوونی گۆڤەند بۆ چوونە داخوازی دلآرام و ڕەتکردنەوەی یەکجارەکی لە لایەن باوکیەوە، توشی نشوستی دێ و ئەو بڕیارە

دەدات پێکەوە هەڵبێن و ڕوو بکەنە ئەو هەرێمە "جەنگەڵە" نەزانراوە، کە ئەمانیش کارەکتەری دووەمی ڕۆمانن و ڕۆڵی بەرچاویان هێندەی فەرەیدونی مەلەك و پەروانەی پاڵەوانی سەرەکی نین.

کەچی دەبینین (فەریدون ـ پەروانە) بێپاڵپشت و هۆیەکی گونجاو، بێبوونی هیچ گرفتێك لەچۆنێتی نێوان خەسڵەتەکانی خێزانەکانیان، ئەو بڕیارە دەدەن و پاش ئەوان دەگەنە عەشقستان، لەکاتێکدا لە ڕووی چینایەتی و کۆمەلایەتیەوە زۆر لێك نزیکن و چوونیەکن، پێدەچێت ئەگەر فەرەیدون بچێتە داخوازی پەروانە کارەکەی مەیسەر بێت.. تەنها لە گۆشەیەکەوە ئەوەمان بۆ خراوەتە ڕوو کە چەند هاوەڵێکی فەرەیدون تیرباران دەکرێن و چ پەیوەندییەکیان بەباری چەسپاو و دەروونی فەرەیدونەوە نیە، تەنها هێندە نەبێت، نە فەرەیدون و نەپەروانە قایل نین بە ژیانی ئاسایی خۆیان و ئارەزووی جێگۆڕکێ و تەنیایی و گەشت و سەفەر دەکەن لە جەوهەردا، بەم پێیەش بێت، دەبێت شار چۆڵ بکرێ و ئەوەی خاوەنی ئەو هەستەی بێت ئیدی پێویستە بڕوا و دوور لەخەڵکی و ژینی قەرەباڵغی بژی!

نەسرەدینی بۆنخۆش کە هێندە پەرۆشی پێککەیشتنی عاشقەکانە، بۆچی بەر لەوەی بڕیاری چوونە دەرەوە و پێشمەرگایەتی بدات، فەرەیدون و خۆیشی لەو گەرداوە ڕزگار ناکا و هیچ نەبێت لە ستۆدیۆکەی خۆیدا فەرەیدون دانانێ ئیش بکات؟.. ئەو فەرەیدونەی کە نانەوایەو لە گونك گرتنەوە ببێتە هاوەڵی گۆڤەند لە تاشینی پەیکەردا ئەی بۆ نابێتە وێنەگرێکی شارەزا و سودێکیشی هەبێت بۆ نەسرەدین لەو ماوە درێژەدا کە پیشەکەی ڕاگرتووە!! ئێمە لەم بۆچوونەدا مەبەستمان گۆڕینی ڕەوتی ڕۆمان نییە هێندەی دروستیی ئەندێشە بەرپرسیار دەکەین.

دوای گەیشتن بە عەشقستان و ئاگادارنەبوون لە لایەن نەسرەدینی بۆنخۆشەوە لە شێوەی ژیان و گۆڕانکاریەکان، خەندان پەنا دەباتە بەر گێڕانەوەی بەشێکی چیرۆکەکە لە گێڕانەوە و پێزانینی (مەعسومە) کە ئەویش لە دارستاندا ژیاوە و دەچێتە قوتابخانەی خوشکە تۆبەکارەکان لە ئەنجامدا، زانینی سەراپای ڕووداوەکان لە دەفتەرەکانی (میدیای خەمگین) بە دەست دەهێنێت، سود لە نووسراوەکانی دەبینێ و دەبێتە ئاوێنەیەکی ڕوونی ئەو ژینەیان کە لەجەنگەڵدا دەیبەنە سەر... ئەمەش لەو سەرچاوەیەوە کە میدیا لاڵە و هەر لە منداڵییەوە قسە ناکات هەر بۆیە چەند دەفتەرێکی یاداشتەکانی خۆی هەیە و لەوێدا پارسەنگی لاڵییەکەی خۆی دەداتەوە.

ئەم کارەکتەرە خۆی لە خۆیدا جێی سەرنجە و مەڵبەندی پێزانینی ڕووداوەکانی عەشقستانە، بەڵکو دەنگێکی سەرەکییە لە پێکهێنانی ئەندێشەی ڕۆماندا و ڕۆڵی گرنگی خۆی هەیە... ئیتر چ پێویست دەکات هۆی لاڵ بوونی بکرێتە تەلیسم و چەند جارێك وەك یەك دووبارە بکرێتەوەو هێندە گەورە بکرێت! فەتانە دەڵێت: "میدیای خەمگین حەزی لە مانگ بوو، هێندە حەزی لە مانگ بوو پێنەدەچوو بتوانێت بە بێ مانگ بژی، ئەو شەوانەی کە مانگی نەدەبینی زۆر خەمگین دەبوو، شەوێکیان کە میدیا هێشتا منداڵ بوو مانگی نەبینی، لە ماڵ چوە دەرێ تا بەدوای مانگدا بگەڕێ، لە جیاتی مانگ کتێبێکی کۆنی هێنایەوە بۆ ماڵێ، کتێبێك کە لەبەر دەرگای کۆشکێکی کۆندا دۆزیبوویەوە، کە باسی چۆنێتی مردنی شاعیرێکی دەکرد، میدیا بەر لەوەی کتێبەکە تەواو بکات، تووشی نەخۆشییەکی کوشندە بوو – ل١٣٥"، ئەم حەز و خولیا و عەوداڵیەش بۆ بینینی مانگ نەك تەنها لە منداڵیدا، بەڵکو لە گەورەبوون و ژیانی نێو دارستانیشدا تینی هەر ماوە و نەکوژاوەتەوە، لەکاتێکدا

هیچ پرسیارێك لە بارەی ئەم گەورەکردنەوە نەکراوە و نەئێمە و نە خوێنەر و نە خەندانیش نازانین بۆ؟!(٣)چونکە سوود وەرگرتن لە یاداشتەکانی ئەم کارەکتەرە هێندەی هێزی پێزانین و بینینەکانی خەندان و نەسرەدینی بۆنخۆشە و ڕۆڵی گێڕانەوەکانی چی لەوان کەمتر نیە، بەڵکو بێدەفتەرەکانی میدیا عەشقستان و ڕێڕەوی ڕۆمان ناهاوسەنگ دەبێ و نایەتە بوون، بەلام بۆچی هەموو کارەکتەرەکانی دی گرنگییان پێدراوە و کەم تا زۆر ڕابردوو و خەون و خولیایان ئاشکرایە و زەمینەیان بۆ ڕەخساوە، بۆ نموونە نەسرەدینی بۆنخۆش هەموو ڕووداو و بەسەرهاتی ژیانی کەسەکان وەك شتنەوەی فیلمێك دەبینێ و فەرەیدونی مەلەك و پەروانە خولیای گەشت و نەگیرسانەوەیان (وەك پەپوولە) لە جێگەیەکدا و...زەینەبی کوێستانی کەسێکی ساردە و لە قوتابخانەی خوشکە تۆبەکارەکاندا هەموو هەست بەو سەرمایەی دەکەن کاتێك بە لایاندا ڕەت دەبێ و چەندین ڕوونکردنەوە و هۆی تر لە بارەی کەسەکانی دیەوە، بەلام بۆمیدیا هەر هێندەبەس بێت کە عەودالی بینینی مانگە و هیچیتر؟! تەنانەت بتوانێت لە تەمەنی چوار ساڵیەوە بنووسێ بۆ ئەوەی کەلێنێك نەمێنێتەوە، پاساوێك هەبێت بۆ نووسینی یاداشتەکانی، کە ئەمەش لە لۆژیك بەدەرە و چوار ساڵ پێدەچێت بە

---

(٣) فەتانەی لیزان! لە هۆنینەوە و گێڕانەوەی چیرۆکدا ئەمە پاساویەتی: دواتر پزیشکەکان بە باوکمیان گوت: هۆی قسەنەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە میدیا دەزانێت ناتوانێت لە گەڵ مانگ دا قسە بکات، دەزانێت هەرگیز دەنگی بەمانگ ناگات. لەبەر ئەوە بە بێدەنگی درێژە بە عەشقەکانی خۆی دەدا/ ل ٢١٣ ـ ٢١٤. ئەم نوکتەیەش زۆر سەیرە، چونکە پزیشکانی قوڕگ و گوێ بوونەتە دەروونناس و تیۆر بەسەر میدیا دا دەچەسپێنن، وەك ئەوەی هەموو ئینسانەکانی سەر زەوی دەنگیان بگاتە مانگ و تەنها میدیایە لێی بێبەشە! بە پێی وتەی ئەو پزیشکە عەنتیکانە بێت بەشەریەت و خۆشیان دەبوو لاڵ بوونایە مادەم خاوەنی هەستێکی بەوجۆرە بن!!

پێی ڕۆژمێری ژیانی سەر هەسارەیەکی‌تر حسابی بۆ کرابێت! دەستدانە پێنووس و وێنەکردنەوەی چەند پیتێك دەبێتە نووسین؟!

ڕەنگدانەوەی بێ‌پاڵنەری خولیای ئەم کەسێتیە ــ کەتەنها مەیلێکە لای من بۆ شوێنی دوور و گەشتکردن ــ بێ‌باسکردن و وەستان، بێ‌دەستنیشانکردنی هۆو پاڵنەرەکان تەوزیف نابێ و لەکەسێکی کەم ئەقڵ دەوەشێتەوە هێندەی لاڵێکی بەدبەخت، ئایا بۆ ئەم کەسێتیە هیچ پرسیارێك کراوە کە بۆچی لە منداڵیدا بەدوای مانگدا بگەڕێ و کتێبێك بدۆزێتەوە باس لەمەرگی شاعیرێك بکات، دوچاری نەخۆشیەکی کوشندەی بکا و ئەو خەونە (بێ‌خەونەی) لێ گەورە بکرێت تا ڕادەی بەئەفسانەکردنێکی بێ‌ئامانج؟!

ڕۆنانی ڕایەڵەکانی سەرەتا و بۆ گەیشتن بەو هەرێمە نەزانراوەش، خۆی لە خۆیدا کارەکتەرێکی خولقاندوە کە بەردەوامی ببەخشێتە ئەو جیهانە و هێزی ئەندێشەی بەتین دەکات، ئەویش کەسێتی (گۆڤەندی پەیکەرتاش)ە، لە گەڵ هاتنی ناویدا پێشبینی دەکرێت ئاسۆیەکی بەرفراوان لەدەق تەشەنە پێبکا و هاوکێشەکان بە لایەکدا ببات... بەڵام تاوەکو نەگەینە عەشقستان نازانین بۆچی ئەم کارەکتەرە خۆی خستۆتە نێو ئەندێشەی ڕووداوەوە.

ئەوێك ئاسۆیەکی هونەری هەیە و تێڕوانینەکانی جیاوازترن لە کەسی ئاسایی، هاوتای کەسێتیی (فەرەیدونی مەلەك)ی نانەوا دەبێتەوە لە خەون و بۆچوون و بیرکردنەوەدا.. ئەو تەنها لەو پرسەوە هاتۆتە بوون کە ئەگەر عاشقان بگەنە عەشقستان لەوێ چۆن بژین تا بەردەوام بن لە مانەوەیان... ئایا تەنها بەخواردنی بەری درەخت دەتوانن بژین، کە لەمەشدا هەر بەتەواوبوونی وەرزی هاوین و هاتنی سەرما و نەمانی بەری درەختەکان، بەڵکو مرداربوونەوەی زۆرینەی باڵندەکانی جەنگەڵ بەهۆی هەستە تایبەتیەکانی پەروانە

و بەگەردو تۆز بوونیەوە کۆتایی پێ دێ، بەر لەو کۆتایی و پەڕەوازەبوونە، ناکرێت شتێکیتر جێگای ئەوە بگرێتەوە!

هەر لێرەوەیە گۆڤەندی پەیکەرتاش پێویستە هونەرمەند بێ و بتوانێت پەیکەر دروست بکات، دەلیلەکەشیان بیگەیەنێتە شارەکان و بیفرۆشێت، بەڵکو پێویستە هەموانیش فێری پەیکەرتاشین بکات تا باشتر بەدەست بهێنن.. لێرەشدا هونەر وەك هەر کاڵایەکی تر ڕەفتاری لەگەڵدا کراوە و بۆ ئەو مەبەستەیە بازاڕی هەبێت، بازاڕی بازرگانی و هۆیەك بێت بۆ دابینکردنی ئازوقە و جل وبەرگ، لەم ڕەهەندە زیاتر هونەر (پەیکەرتاشین) هیچ ڕۆڵێکی تری داگیر نەکردووە لە ئەندێشەدا، بەڵکو تەنها یەك وەزیفەی دیاریکراوی هەیە، لەپێناوی گەیشتن بە دوایین ئێوارەی پەروانەش، دەخوازرێت کۆتایی بەخۆی بهێنێ تا ئەو قۆناغە تەواو بێ و قۆناغی پاش ئەوە دەست پێبکات!..

"لە ئێوارەیەك لە ئێوارەکانی سەرەتای پاییزدا، ئەو گەنجە چاوشینە لە شارە دوورەکان گەڕایەوە و هەواڵێکی گەلێك خراپی پێبوو، ئەو هەموو پیاوانی جەنگەڵی کۆکردەوە و گوتی: چیتر تاشینی پەیکەری ئەو عاشقانە سوودی نییە، جەنگ لە هەموو جێگایەکدا هەڵگیرساوە، زەوی ئاگری گرتوە، لە جۆرە زەمانێکی وا دا کەس ئامادە نییە پەیکەری عاشقان بکڕێت، من چەندین ڕۆژە بەو تورەکانەوە دەگەڕێم، کاتێکی زۆرە شارەو شارە دەکەم، بەڵام چیتر کەس سەیری ئەم پەیکەرانە ناکات – ل١٤٦"، ئیتر لە دواتر دا پاشماوەی دوا کۆمەڵە پەیکەری عەشق بە شکاوی و توڕدراوی لەهەموو کونج و کەلێنێکی دارستاندا دەبینرێت، تا ئەو ڕادەیەی وایان لێدێت منداڵەکانیش بە بێبایەخ تەماشایان دەکەن و پەیکەری بێبازاڕی ئەو عەشقە هەڵدەدەنە نێو ئاوەکانەوە.. لەو پەیکەرەشدا کە وەك پاشماوەیەکی پەروانە دواجار بۆ خەندان دەمێنێتەوە،

گومانکردن لە وەهمی عەشقستان و بەحەقیقەتبوونی و بەڵکو تەنها پاشماوەیەك بۆ گەڕاندنەوەی یادەوەرەیەکانی پەروانە بەدەستەوە دەدات کە بەرێکەوت لە بازاڕدا دەکرڕدرێ و دەگاتە دەستیان، ئەگەر وەك دەفتەرەکانی میدیا ئەو پەیکەرەش لەنێو ئەو سەرپۆشە جێماوەدا دەستگیر بکرایە بایەخێکی تری دەبوو، بەڵام تەنها ئەوەی تێدا دیاری دەدا کە ئەگەر هونەر بازاڕی نەبێت ئیتر بڕەوی نامێنێ و ڕۆڵی خۆی لەدەست دەدات، پێم وایە ئەم تێڕوانینەش بڕێك سەختە و لە ڕونکردنەوەیدا خەتەر دەکەوێتەوە.

دوا پرسیاری سەرەکی دەڕژێتە ئەو وتەیەی پەروانەوە کە چەندین جار دوبارە دەبێتەوە و جار لەدوای جار دڵنیاکردنەوەی تێدایە، ئەویش "کە مردم لە یادم نەکەیت" چەندەها جار زایەڵەی ئەو دەنگە لە گوێی خەندان دا دەزرینگێتەوە، یان بەسەر پشتی ئەو وێنانەوە دەگیرسێتەوە کە پەروانە دەیدا بە هاوەڵەکانی... دەکرێت بڵێین یەکەم و دوا هاندەری نووسینی خەندانیش بۆ ئەم چیرۆکە لە گەڕانەوەی پەروانەدا زەبری ئەو وشەیەیە کە پەروانە جەختی لە سەر دەکاتەوە، بەڵام لە لایەکیدییەوە پەروانە خاوەنی هەستێکی قووڵی خۆیەتی و لەوەرزی خوێن و گەیشتنی بە عەشقستان و هەموو کاتەکانیدا دەستبەرداری نابێ و باوەڕی تەواوی پێیەتی، ئەویش ئەوەیە: "هەموو شتەکان کاتین، هەموو شتەکان هەر بۆ چەندانێك ئاوا دیار و بەرجەستە دەبینرێن، ئەگینا دواتر شت نیە نەبێتە تەپ و تۆز. هەموو شتەکان دەبنە تەپ و تۆز – ل ٦"، یاخود: "فەرەیدون ئەم جەنگەڵە دەمرێت.. هەموو ئەمانەش کە لێرەدان لە یاد دەچنەوە.. دەبنە سەراب.. دەبنە تۆز، تۆزێکی ورد و بێمانا – ل ١٨٣".

پەروانە ئەم جۆرە تێڕوانینە نەگۆڕەی هەیە بۆ دونیا و بوون، بۆچی دەبێت لەو نیگا گشتگیرەیدا خەندان جیاواز بێ و بمێنێتەوە تا لەیادی نەکات،

ئەو کە باوەڕی وایە هەموو شتەکان کاتی بن و لەیاد بچنەوە، ئیدی گەڕانەوەی کەسێتی خۆی لە بیروخەیاڵی کەسێکیتر دا کە ئەویش لە بنەڕەتدا هەمان خەسڵەتی بوونە گەرد و تۆزی هەبێت، ئیتر چۆن هێندە پێداگرتنی تێدایە بۆ ئەوەی لە یادی نەکەن و دەبێتە خەمێکی سەرەکی لە لای؟!

لە کۆتاییشدا ئەوەی پێویستی بە ئاماژەپێکردنە، ئەوەیە کە ئەم پرسیارانە بەرهەمی پرسی دەق نین کە دروستیان دەکا و لەسەر خاکی خۆی دەیانڕوێنێ، بەڵکو ئەو پرسیارانەن کە بەر لە دەق دەخوازن هەبن و خۆیان فەرز دەکەن، بەو هیوایەی کاری ڕەخنەش کەشفکردنی ئەو بەردە لەقانە نەبێت تا دیوارەکان بڕمێنێ و خاپووریان بکات، هێندەی کار و ئەرکی بۆ دۆزینەوەی بەردە لەقەکان بێ تاوەکو لەشوێن و جێگەی خۆیاندا پتەوتر و تۆکمەتر دایانبنێتەوە و باشتر جێگیر بن.

## تێبینی:

سەرباری ئەم پرسیارانە، ئەم ڕۆمانە وێستگەیەکی تێدا نیە ئارام بێ و پرسیارگەلێکی بەم چەشنە یەخەمان نەگرن، بۆ نمونە، سیحری پەپوولە دەبێت چی بێت تا لەقوتابخانەی تۆبەکاراندا یاساغ بێت؟ کتێبخانە لە نێوەندی بازاڕ دا بسوتێنرێ و دامودەزگای دەوڵەت لێی بێدەنگ بێت! پەروانە قوتابیە و ماکیاژ دەکات! سێ قۆڵی ئێواران لەگەڵ فەرەیدون و ڕەزای دڵخۆشدا (کە کەسێکی بێخەم نیە و نازناوی دڵخۆشە) باسی گەشت بۆ وڵاتانی بێگانە دەکەن و نەخشە دەکێشن، کەچی لەپێناوی ڕۆماندا دوورترین شوێنی خەون و خولیا لە عەشقستان تێناپەڕێنێ و ئەوانێك کە گەشت و سەفەر پێناسیانە تا ویستی ڕۆمان وان و ئیدی ئەو خەسڵەتەیان لێ دەسەنرێتەوە!... هەستەکانی پەروانە باڵندە

دەکوژێ و گەڵا سیس دەکات و هەر باشە زەوی ژێر پێی قەڵش نابات یاخود دۆڵی عەشقستان نایەتەوە یەك!

تەلیسمی ڕەشەبای خەندان و کەچی لە گرنگترین ڕووداودا کە کوشتنی پەروانە و میدیایە لە ژێر سفرەوەیە وا!!، چەندان و چەندان پرسیاری لۆژیکی‌تر هەن و هەموو بۆ خوێنەری ڕاستەقینەیان جێ دێڵم.

تەنها شتێك کە ماوە بوترێت ئەوەیە:

ئەگەر هەموو ڕۆمانەکە، هێڵە درامییەکەی ئەوە بێت عەشق لە وڵاتی دەف بەدەست و تۆبەکاراندا گوناهو لادانێکی مرۆیی بێت، دەرچوون بێت لە یاسا و ڕێسا ئایینی و ئاسمانییەکان و شەڕی بەپیرۆزکردنەوەی دوو بەرە پێکبهێنێ، ئەوا سەرجەم ئەو دوو جیهانە دژبەیەکە لە هێمایەکدا گرد بوونەتەوەو لە هەستێکی خێرا دا پاڵەوانی ڕۆمانەکەی بەو ئاراستەیەدا بردووە کە لە بۆنی ڕێحانە دا دەرك و پێزانینی خۆی بۆ جیاکردنەوەی جیهانەکان بخەملێنێ، واتە تەنها بۆنی ڕەیحانە بەسە بۆ ئەوەی بەرەیەك بە پیرۆزکردنی لێ دابماڵرێ و سیمبۆلێکی نێگەتیڤ بخاتەوە. بەمانایەکی دیکە، ئەو شەڕە شەڕێکە لەدژی بەرەی بۆن ڕێحانەکان و دونیای ئێوارەی پەروانەی لێ پێك دێت.

نووسەر لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا، بۆنی ڕێحانەکانی کردۆتەوە بە هێمای دەموەختی هاتنی ژیان بۆ خەندانی چکۆلە، کرۆکی ژیان و زایەندی و بەردەوامبوونی لە ژیان، وەك چۆن سەرەتا هێمایەکی سێکسی نێگەتیڤ دەدات بەدەستەوە کە لە ژیانی ماڵی پووردا کچێنی لە خەندان سەندووە، بۆ بەردەوامبوون و سەر لەنوێ ژیانەوەش هەمان هێما کار دەکاتەوە، دەوترێت: "خودایە، خودای گەورە... یەزدانی من.. ئەو بۆنە خۆیەتی... ئەوە ئەو بۆنەیە کە ساڵەهای ساڵە ونم کردووە... ل ٢٥٥".

لێرەدا ئەمە زەنگێکی خراپە بۆ ئاوێنەکردنەوەی دوو جیهانی جیاواز، دواتر دەوترێت: "ئەمە بۆنی پاکی ڕێحانەکانە.. بۆنی پاکی ڕێحانەکان". یەکەمجار ئەوە بەیان دەکات کە بۆنەکەی ساڵانێکە ون کردووە، واتە هەمان هێما، دواجار لە پاکی بۆنەکەدا جیاوازی دروست دەکات و بە خاسیەتی پاك برێك جیای دەکاتەوە، دواتر: "خۆیەتی، بۆنی ڕێحانەکە" جەخت کردنەوە لە بۆنی ڕێحانەی ماڵی پوور بە مەرامی ویستن دەردەبڕێت.

دەبینین بە باشی چارە نەکراوە ئەم ئاڵوگۆڕ پێکردنی هێمایە، تەنها بە سیفەتی پاك پۆلێن نەکراوە، (خۆیەتی) ئەوە دەدات بەدەستەوە توانستی نووسەر بەرفراوان نەبێ و نەزانێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکات، چونکە ئەم خاڵە تێکڕا هەموو ئامانجی هێڵی درامی ڕۆمانەکە دەڕمێنێ و خاپووری دەکات، لەکاتێکدا تەنها بە دانانی وشەیەك مەبەستەکە دەردەکەوێ، ئەویش ئەوەیە: "بۆنی ڕێحانەیەکیتر" چونکە بۆنی پاکی ڕێحانەکان بۆ هەر دوو جیهانەکە دەست دەدا و چ جیاوازییەك بۆ دوورخستنەوەیان لە یەکتری حسابی بۆ نەکراوە، ئیتر ئیشکردن لە زماندا بوونی نییە لێرەدا چ جای ئامرازێکیش بۆ دەربڕین.

# خوێندەوەی دوا کتێبی بەختیار عەلی
# "ئیشکردن لەدارستانەکانی فیردەوسدا"

(١)

## شاعیری مەزن ونەمری ئیسپانیی " ڕافاییل ئالبێرتی "ئەڵێت :

## > lengua poema es< قەسیدە یانی زمان

ئەمە یەکەمجارمە شیعرو ئەدەبیاتی بەختیار عەلی بخوێنمەوە ،هەتا ئەمڕۆ دەرفەت وابووە کە هیچ دەقێکی ئەدەبی ئەو نوسەرەم بەرچاونەکەوێ ،بەلاّم پاش ئەوەی ئەو قەسیدەیەم خوێندەوە ، تێبینییەکی بێشورمارم لا کەڵەکەبوو ، کە هەوڵئەدەم بەچەند ستوونێك دەریانبڕم .. ئەوەی گرنگەو نەبێتە جێی نابەڵەدی هیچ لایەن و دەستەو تاقم و گروپێك کە وا پێویستە بووترێت ئەوەیە : من لێرەدا تەنها و تەنها لەو دەقە شیعرییە ئەدوێم و کەم تا زۆر هیچ مافێك بە خۆم ڕانابینم کە دەست بۆ نوسینەکانی دیکەی بواری فیکرو هزری بەختیار عەلی بدەم و بە پێچەوانەوە زۆربەیانم خوێندۆتەوە و ڕێز و حورمەتم بۆ نوسینەکانی هەیە !؟ چوارچێوەی تێبینی و گوزارشت و نوسین و ڕانانی من لێرەدا بۆ ئەو دەقەیە کە ناوی ( ئیشکردنە لە ...... کە ساڵی ٢٠٠٤ چاپی کردووە ) و ئەوەی کە پەیوەندی بە کەسایەتی نوسەرەوە هەیە ئیشبی من نییە !؟؟

سەرەتا هەر کە بەرگی کتێبەکە هەڵئەدەیتەوە چاوت بەوە ئەکەوێت کە نووسراوە : قەسیدەیەکی درێژ / پێویست ناکات بڵێین قەسیدەیەکی درێژ چونکە خۆی قەسیدە درێژە و هەیە زۆر درێژترە ولە چەند سەدپەڕەیەك پێکدێت و ئەم قەسیدەیەی لەبەر دەستمانایە ، بریتییە لە ٢٣ بیستوسێ تایتڵ و ناونیشانی جیاوازی لەخۆیگرتووە و گەر یەك یان دوان یا

زیاتریش لەو پارچانە دەربێنین هیچ گۆڕانکارییەك نەلە بابەت و یەكەی شیعری ونە لە ناوەڕۆك و نەلە سیاقی شیعرەكاندا / یان با بڵێین قەسیدەكەدا/ ناگۆڕدرێت!..بیرۆكەی بابەتەكە لەبەر ئەوەی پێكەوە نەبەستراون و ، بریتین لە بیستوسێ بیرۆكەی جیا ، بیستو سێ وێنا و ئاتمۆسفیری جیاجیا ، بیستو سێ ژووری سەربەخۆی نێو خانوویەك ، بریتین لە بیستوسێ شیعری جیاواز، بەڵام بە هەواو هەناسەو دارشتن و زمان و ستایلی تاكە شاعیرێك دەستەبەر بووە ، بۆیە تۆن و ژێی ٢٣پارچە شیعرەكە سەر بە یەك خاوەنن و ئەگەر ناوی قەسیدە یان باڵادەشیعر یان تەنانەت ڕۆمانە شیعریشی لێ بنێین هەر بۆی ئەلوێت لەبەر ئەوەی نوسەرەكەی حەسانە و پەساپۆرتی دیپلۆماسی پێیە و / وەك ئەڵێن : كێ ئەوێری بێ بە لاتا !!!/ .

من ئەمەوێت ئیش لە زمان و شێوەی ئاخاوتن و گفتوگۆ و دارشتنی بیرۆكە و فیكری شاعیر لە لایەكەوە و دەربڕین و واتای وشە و وێنا و ماناكانی ئاخاوتنی فیكر لە شیعردا بكەم ، بە دیوێكی دیكەی ڕانانەكەدا ئەمەوێت ئیش لە زمانی ئەو ئیشكردنەی نێو دارستانەكانی بەهەشتی ئەو دەقە دۆزەخییەدا بكەم كە ئەمڕۆ و لەم چركەساتەدا و لە هەزارەی سێیەمیندا و لە سەدەی بیستویەكەمدا ئەو دەقەی پێ نوسراوە ، ئەو دەقەی كە پێنج هەزار دانەی لەم چەپگەردە ڕەزاقوورسەدا لێ چاپكراوە ،( كە دەگمەن تیراژ ئەگاتە هەزار دانە .. لەبەرئەوەی كێ كتێب ئەكڕێت !؟؟؟؟؟)

ئەم چركەساتەی كە بە لێشاو لە لاوان و نەوەی نوێ لەو پێنج هەزار تیراژە ئەكڕن و ئەخوێننەوە .. ئەودەقەی كە نیوانیوی عەرەبییە و نازانم نەوەی نوێی هەناسەسارد كە وشەیەك عەرەبی تێناگات چۆن لەو زمانەی كەلە

زمانی سەردەمەکەی ژین و ژیانەوەی پیرەمێرد و دەموەختی تەقیانوس ئەچێت ، تێئەگات ! چۆن تێیئەگات نازانم !؟

ئەمە خۆی کلۆڵییە و کۆمید – تراژیدیایەکە و ئەچێتە سەر گرفتە کۆڵەوژەکەی سەر خەرمانی خەم ودەردی کوردەواریمان ! من ئەو زمانە شەقوشڕەم پێ هەرسناکرێت .. نازانم لەپای چیدا لێی بێدەنگ بم !؟ دەربڕینی فیکر و فەلسەفەو دروشمی گەورە گەورە و جنێو بە خودا و سەرۆك ( کە ئەو پێیان ئەڵێت حەرامزادە و خیانەتکارا ن و ....تاد !) و کلتوور و نیشتمان ( کە ئەو پێی ئەڵێت وەتەن ! ) و ئازادی و خۆشەویستی ( کەئەو پێی ئەڵێت عەشق !) ئەوانە تەفرەم نادەن خامەی خۆمی لێ بشارمەوە ئەو مانیفێستی نووسینەوەی دیرۆك و مێژووە ئەندێشەییە لە خشتەمنابات کە هەروەکو نەعامە ئاسام لێبێت و سەری خۆم بکەم بە ژێرەوەی ڕووداوەکاندا و لە هەڵەکانیش خۆم لە نەبانی و گێلی بدەم!

من ئەورۆ چ کاریزمایەك ناپەرستم و دوای هەراو هوریای کەسیش ناکەوم !بە دۆزەخی کەس ناڵێم بەهەشتەو بە تاڵی کەسیش دەو شیرین ناکەم !!؟ بۆیە لە کوێدا چەوتی و نالۆژیکی و موجامەلەی ناشرین و لەنگی و شتی زبر و قەبەی ناسروشتی و فشکراوە و زێدە ڕۆ و درمی خۆبەزلزانین و پەتای مەزنێتی و نەخۆشی خۆ بە نەمرزانی و کەس بە هیچ نەزانی و ....تاد. ببینم ئەگەر سەریشم دانابێت ڕەخنەی لێئەگرم و ڕاستی چییە ئەوەی لەشوێندا دائەنێم ، گەر بچێتە بواری شێتی و سەهەندیشەوە !!

لە یەزدان بەزیادبێت سی ساڵێکە فێری کوردی بووم و ئەزانم کوردیش بەڕەوانی حونجەت بکەم و ، ئەو دەقەش کەوا لەبەردەستمایە کوردییە و وەلی کوردییەکەی زۆر لاوازە و پێم شەرمە بەو زمانە بڵێم ئەمە زمانی دوای

ڕاپەڕینە ، لەو بەروارەوە :خۆ هەرهیچ نەکرابێت ، ئەوا سیازدە ساڵە ئیش لە دۆزەخی زمانە هەژارەکەماندا دەکرێت و ئەورۆ ڕووی دیوەخانی هەیە و زانست و فەلسەفەی پێئەنووسرێتەوە و بەرابەر بە زمانەکانی وەك : عەرەبی و فارسی وئینگلیزی و سویدی و ئەلمانی و فەرەنسی و ئیسپانی و هۆڵەندی وەستاوەتەوە و فەرهەنگی گەورە گەورەی پێ نووسراوەتەوە ، لەبەرئەوە کەسێك بێتو کوێرانە و دەروێشانە بلێت : ئاخر ئەو وشانەی لەو قەسیدەیەدا هاتوون ناکرێن بە کوردی و گەر نوسەر بەزەیی پێمانا بێتەوەو بە کوردی شیعرەکەی بفەرموێت ئەوا ڕۆح و خوێن و تام و غازەکەی ئەڕوات و فش ئەبێتەوە !؟ ئەوا پێیان ئەڵێم بەسییەتی بێدەرەتانی وریایی و سەرڕاوەشاندن و کۆیلەیەتی و کاتی ئەوە هاتووە ڕەخنە لە هەموو جومگەکانی ژیان بگرین .. لە ورد و درشت ،لە بەرز و نزم ، لە ڕاست و درۆ و...لە هەموو شتێ !

ئێمە لەبەر ئەوەی بیرەوەریمان ( زاکیرەمان) لاوازە و بیرمان نییە ژەمی پێشوو چیمان خواردووە وبۆوەی خوێنەر نەڵێت ئەم برادەرە خەریکی درۆودەلەسە ریزکردنە فەرموون وا هەر لە بەرگەوە بۆ بەرگ ئەو هەموو چەمك و وشەگەلەی لەو دەقەدا بەکارهاتووە ئەخەمەوە بەر دیدەو ویژدان وچاوی ئەقڵ و لابۆر, تاقیگە وڕەخنەتانەوە.... کە ئەبوایە لە شوێنیدا وشەی کوردی پاراوو ڕەسەن و نۆژەنی بۆ ئافەریدە بکردینایە و بە فەرهەنگۆك دەوڵەمەندی بکردایە و بۆ نەوەی نوێی ماندوو ببوایە بە کانیلە و سەرچاوە و زمانی خۆی پێ پتەوتر بکردایە ،ڕافاییل ئالبێرتی ئەڵێت شیعر یەك پێناسەی زۆر گرنگی هەیە / شیعر یانی زمان ، زمانیش یانی کلتوور ، کلتووریش یانی نەتەوە ، نەتەوەش زمانی نەبێ نەتەوە نییە !

بە ووتەکەی ئالبێرتیدا وا ئەکەوێتەوە : کەواتـە شـیعر ئەگـەر زمـانی نـەبوو شیعر نییە !!!

کفرە ئاوا نیواو نیوی نامیلکەیەك بە وشەی سەرووەختی سوڵتان حەمید و سەردەمی تەقیانوس پڕبکرێتەوە وخەمساردی و کەمتەرخـەمی و نادڵسـۆزی شاعیرێك دەرئەبڕێت و هیچی تر .. زمانی سلێمانی زمانی نالی – یـە ، زمـانی ڕووسی زمانی پووشکین _ە ، زمانی ئینگلیزی زمانە زۆر پتەو و ئاڵتوونییەکەی شەکسپیرە ، زمانی ئیسپانی نۆژەن، زمـانی سـێرڤانتس و خـوان خێمێنـێس ـە ، فلۆبێر و مالارمێ وکێ و کێی دیکە کەمیان نەکردووە لـە پێشـکەوتنی زمـانی فەڕنسیدا و...... فارس و هینـدو چـین و عـەرەبیش بلیمـەتی خۆیـان هـەبووە کەوەکو کانی و سەرچاوە و ڕووبار بوونەتە هەوێن و دینەمۆی ئاخاوتن و زمانی نووسینی میللـەتەکانیان ..!! لێـرەش زۆر ئەفسـوس و موخـابن تـازە بـە تـازە نامێلکەیەك کە کێشەکەی نیو کیلۆیە ، دەکیلۆ وشەی عەرەبی و فارسی تیایـە و ئینجا کەسیش فزەی لێوە نایەت و بنێشتە تاڵەی کوردیمان لا هەنگوینە !؟؟

(٢)

## تەنگژەی زمان وێنەی شیعری و وێنای فیکری

مالارمێ ،مەزنە نووسەری فەرەنسی ئەڵێت : " شیعر لە وشەکان پێکدێت نەك لە بیروبۆچوون "

لە ڕەخنەی هاوچەرخی ئەدەبیدا، چەمکی وێنەی شیعری بایەخێکی گرنگی پێئەدرێت و ڕۆڵێکی بنچینەیی ئەبینێ لە نێوان پەیوەندییەکانی دەقدا ،لە هەمان کاتدا پێویستییەکی شیعرییە و پەیوەستە بە زمانی شیعرەوە ، چونکە زمانی شیعری پێکهاتەی وێنەیە و ئەو پەیوەندییەش لەسەر بنچینەی درك پێکردنی جوانی و هەست و ئەندێشە دروستئەبێت .

هەموو ڕەوتگە ( سیاق ) یکی بونیاتی شیعری ئەگەڕێتەوە بۆ جۆری زمانی وێنە ، چونکە وێنە ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە زمانی شیعریدا ، بۆیە زۆرینەی ئەو دەقانەی کە وێنەیان تیا نییە ئەگەڕێنەوە بۆ نەبوونی زمانی شیعری ، کە لەم دۆخەدا شیعرەکە شێوەی پەخشان و ڕاپۆرت لە خۆ ئەگرێت ( وەك ئەم دەقەی لەبەردەستماندایە !) .. ئەبێت ئەوە بزانین کە هێز و جوانی شێواز ( ستایڵ ) هاوکێشەی وێنەی شیعرییە لە دەقەکەدا ! بە واتای جۆری مامەڵەکردنی زمانی شیعری لەگەڵ وێنەکەدا لە گۆڕاندایە و لە بنەڕەتدا وەك بنچینەیەك وایە بۆ وێنەکەو بە درێژایی ئەزموونەکە پێڕەوی ئەکرێت ،کەواتە شیعر هونەرێکی زمانییە و وێنەکانی لە زمان پێکدێن !

ڕۆلان بارت ، ئەدەب بە گشتی بە – جەستەیەکی زمانی و کۆمەڵێك ڕستە کە وەکو تۆڕێك وێنا ئەکات کە پەیوەندییان بەیەکترەوە هەیە !(ڕینێ ڤیلێك ، تیۆری ئەدەب / بە هۆڵەندی ، ئەمستردام ،١٩٦٨ ل ١٨١) بۆیە مالارمێ ئەگەڕێتەوە بە لای وێنەدا و ئەڵێت :ئەگەر وێنە نەبوایە قسەکانمان لە شیعردا ئەبوونە قسەی سادە ! ( عەبولقادر محەمەد /وێنەی شیعری ..پەخشی سەردەم ٢٠٠٢ ل ٢٤-٢٥ )

دەق ، بە تایبەتی دەقی داهێنەر ( پرۆژەیەکە ئەیەوێت نووسەرەکەی بباتە نێو پرۆژەیەکی ئامادەبۆکراوی جوڵێنەرەوە / ئەدۆنیس ،سیاسە الشعر ١٩٨٥ ل٦٠ ) ..لەبەرئەوەی دەق بونیاتێکی ئۆرگانیزمی و بابەتییە ، بوونێکی سەربەخۆ و بەهایەکی جوانییە / یوسف الخال ،الحداثە فی الشعر ١٩٧٨ ل ٢٣ )..دەق یانی ناوەرۆك و فۆرم ، ئەو دووانەش یەکدیەکی ئۆرگانیزمی پێکئەهێنن و یەکتر تەواو ئەکەن ( عەبدولقادر ، وێنەی شیعری / ل٩١ ) .

بۆ تاووتوێکردنی فۆرمی ئەم دەقەی لەبەر دەستماندایە ، کە هیچی لە بابەت و ناوەرۆکی دەقەکە کەمتر نییە و وەکو هاوکێشەیەك وایە ولایەنی هزری و بینای درامی دەق هاوسەنگ ئەکات .. بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ( تەفکیك )ی بینای شیعری ئەو (بەناو) قەسیدەیە ، هەڵوەشاندنەوەش : لەپێناوی ئەوەدا کە چەشەو چێژوەرگرتن لەو دەقەدا بە خوێنەر ڕابگەیەنین و دەربڕینی دال و مەدلولەکانی وشەو ڕستەو دارشتنی ڕەوتگە ( سیاق )ی شیعری لەو دەقەدا بخەینە ژێر میکرۆسکۆب و لە تاقیگەی پاش لە دایکبووندا نەشتەرگەری دەرهەق بەئەنجامبدەین ، لە ڕاستیدا چەند تیۆرییەکی ڕەخنەیی لە ئارادان بۆئەوەی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی بە ئەنجامبدەین ، بۆ وێنە ڕێبازی کۆن باوەڕی وایە کە گرنگب بدرێت بە دەرەوەی دەق تا فەرمانی بەسەردا بدرێت ... بەلاّم بونیاتگەران

پـێ لـەسـەر نـاواخن و نـاوەوەی دەق دائـەگرن ، بێئـەوەی گوێدەنـە هـیچ پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و بیری نووسەر ، بەڵام من گرنگی ئەدەم بـە دەرەوەی دەق و ناوەوەی دەق ، ئەوەی پەیوەندی بە نەست و دەروونی نووسەرەوە هەیە تا دەمەوەختێ گینگڵ و لـەدیکبوونی دەق ئـەوجا تـا بـە پرۆسـەی خوێندنـەوە ئەگات ، بۆئەوەی بتوانم لە تاقیگەی نەشتەرگەرییەوە چەشـەی ئـەدەبی و هێمـا و واتاکانی بە خوێنەر بگەیـەنم . جـا بۆیـە پێویسـتە پـەرەگراف دوای پـەرەگراف ، کۆپلە دوای کۆپلە ، وەریانگرین و یادی خۆمانیان بێنینەوە و قسەکانمان بـە نموونـە پراکتیکبکەین ، بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە ناچارین شیعر دوای شیعر ، تایتڵ دوای تایتڵ ، ژمارە دوای ژمارە لـەو دەقە وەرگرین و لـەسەریان بدوێین :

١ – مارشێکی تر بەرەو بەهەشت / کە نووسەر لێرەدا ئـەڵێت بەهەشـت و لـەجێگەی فیردەوس بەکاریـدێنێت ، چ پێویسـتە لـەسـەر بـەرگ و لـەشـوێنی دیکـە دووبارەو چەند بارەی بکەیتەوە !؟وشەی بەهەشت یەکێکە لـە وشە زۆر جوانـەکانی زمانی کوردی لـە جەنەت و فیردەس زۆر جوانترە و زۆر شاعیری ترە، زۆر مۆسیقی ترە ،چ پێویست بە وشە فرۆشتن ناکات ! وەك ئەو پەندەی کـە بـاوە سـەبارەت بـە هەرکەسێ زۆری وشەی عەرەبی و فەلسەفی بەکارهێنا ئیتر پێی ئەڵێن ڕۆشـنبیر ! تـۆ خۆت ڕۆشنبیرو بیرمەندیت ، ئیدی چ پێویستە زیگزاگ بە زارو دەومان بکەین و بۆ ئاخاوتن سمکۆڵ بکوتین !

وەك باڵندەیەك لە باکورەوەڕا / کـە وتمـان لـە بـاکورەوە پێویسـت بـە ڕا ناکات ، گەر مەبەست ئەوە بێت ( ڕا )ی موکریان و لای پشدەر بەکار بێنیت ، بلێ لە باکور ڕا .. دەبێت بۆنی زەمان بکـەین / زەمـان مانـای کـات ئەگەیـەنێت گـەر مەبەست لە دەمەوەختە ئەوەش بە کوردییـەکی ڕەوان هەیـە و پێویسـت بـە زەمـانی عەرەبی ناکات ! بەڵام لەبەر ئەوەی وشەی زەمان لە فەلسەفەدا مشتومڕی لەسەرە

و وشەکە قۆقز و ئاوێتەدارە گەر لە شیعردا بەکارهات مانای ئاوێتەدار و ئـاڵۆزتر ئەبەخشێت ، دالێکی بەهێزترە لە ( کـات ) ..قـەڕنێکی دیکـە لـە تـەلاّ / قـەڕن بەمانای سەدە دێت وشەیەکی زۆر ڕۆمانسییە و نەوەیەکی هەناسەسواری بێشومار لە ئارادایەو نازانیٚ قەڕن یانی چی !؟ ڕەنگە مەبەست لە قـۆچ و شـاخی گیانـداربێت ! چوزانیٚ ، مانای شیعر وا لـە دڵی شاعیردا ! وشەی تەلاّ ئەوەندە جوان و دانسقەیە چ پێویستە بخرێتە تەنیشت قەڕنەوە هەر خوای ئیستاتیکاشت لیٚ ئەڕەنجێت ! ڕیتمی ئاو کە خیانەت / وشەی ناپاکی لەجیاتی خیانەت چییەتی ؟ خۆ لەرزوتای نییە !

شتێك لـە زمـانی ئـەم تەفسـیربازە / وشـەیەکی تـازەی ئاوێتـە لـە نێـوان هـەردووزمانی عـەرەبی وکوردیـدا ئافەریـدەکراوە و زۆر ناشرینیشـە ! بەرابـەر بـە سەرمای جەنەت / بەرابەر بە مانای بەراورد کردن و بەرامبەرێن دێت بەلاّم لێـرەدا بۆ واتا و مەبەستی بەرامبەر دانراوە و نووسەر بە مۆسیقیتری زانیوە ، وشەی جەنەت / وەکو برادەرێکی چاخانەیەك پێی ووتم کە ئەوەمەگەر لە کەرکوك و توزخورماتوو بەکاربێت !!

خەراباتی عەدەن و خەراباتی وەتەن / بـەکارهێنانی وشـەی خـەرابات هەر لە " مەحوی " ئەوەشێتەوە کە ئەڵێت شـوکر هوشـیارە مـەحوی تێئـەگا دونیـا خەراباتە / دیارە ئەم وشەیە لە نەستی نووسـەردا مـەبیوە ، وێـران و وێرانـزەدە زۆر جوانترە و گەنجان باشتر لێی تێئەگەن ، بۆ وشەی وەتـەنیش ،وڵات هەیـە نیشـتمان هەیە شتی تر هەیە خۆ پەتای وشە نییە! یان کاریگەری زمانەکـەی فایـەق بێکـەس و بوونی دۆخی سۆز و پەرۆشی خەڵکی بەگشتی بـۆ شـیعری کـۆن و بـۆ شـاعیرانی دێرینمان و هوشیاری نووسەر بۆ ئەم ڕاستییە وایکردووە کە بە زمانی کەڵە شاعیرانی کۆن : بـیری نـویٚ بنووسـێتەوە کـە ئەمـەش لـەنگی و نـا هاوتاییـەك لـەو دەقـەدا فەراهەمئەکات !!

خەیالاَتێك / بەكارهێنانی ئەو وشەیە كە لە منەوەعات و موشەكەلات ( بۆ پاقلاوە و مەزەو .....تاد ) بەكاردێت زۆر نابەجێیەو هەر بەگشتی ڕستەی / سەردەمێك هەموو خەیالاَتێك لێرەیە / هیچ مانایەكی سەد دەرسەدی ئاخاوتن و وێنا كردن ناگەیەنێت ، چونكە لە هەمان كاتدا هەموو شتێك ئەگەیەنێت و هیچ شتێكیش ناگەیەنێت .. تینوێتیت بە حەرفەكان دەشكێت / وشەیەكی زۆر قێزەونە و پەنجا ساڵ ئەبێت پیت جێگەی بە حەرف لەنگ كردووە و كوێر بۆتەوە پێویست ناكات لە سەدەی بیستو یەكدا زیندووی بكەیتەوە !؟

واتای ڕستەكەش دیار نییە مەبەست لەكام پیتانەیە چونكە هیچ ئاماژە ( دال / و مەدلول ) ێك لەوەوپێش نەوتراوە !

شادییەكی ئەبەدی ڕۆژەكانمان پڕدەكات لە دەنگی عەندەلیب / ئای لاوانی كلۆڵ ! ئەی ئەوانەی بە هەزاران لەو جۆرە كتێبانەتان بۆ لەچاپ ئەدەن و نان و قەل و ڕۆنتان پێوە ئەخۆن ! توو خوا ئێوە ئەزانن عەندەلیب یانی چی !؟ نە بە خوا چونكە سی ساڵێك لەمەوبەر بە گۆرانیبێژێكی میسریان ئەووت ( عەندەلیبول ئەسمەر / ناوی عەبدولحەلیم حافز) بوو ئەو دەموەختانە عەرەبیش ئەو وشەیەیان زۆر بەسەر دەمەوە بوو ، بەكوردی پەتی ئەو وشەیە مانای بولبول ئەگەیەنێت ، وەلی هووزار زۆر جوانە و پڕ بە پێستی عەندەلیبەكەی نووسەرەكەمانە ! بۆ بیرهێنانەوەی ئەدەبێك كە فڕێتانداوەتە نێو زبڵدانی مێژووەوە و ئیدی وێژەی عەرەبی و فارسی و .. ئەخوێننەوە فەرموو ( فایەق بێكەس پێش شەست ساڵێك لەمەوبەر هوزاری لەبری عەندەلیب داناوە : خۆشی لە سەرچنارە / چیمەن و مێرغوزارە /

تا دەگا بە ... سەیرانكەری هەزارە / جێی بولبول و هوزارە ) هەروەها وشەی تاهەتایی لە جیاتی ئەبەدی دابنرایە چاكتر نەبوو !؟

هێندە گۆرانی دەڵێین تا گەرومان لەتدەبێت / لەتبوونی گەروو تازە بابەتە و کەسم نەبیستووە و بە دڵنیاییەوە کەسیش نابیستم بڵێت گەرووم لەت بوو ، یاخود گەرووم لەتئەبێت !وا باوە و ئەڵێین قورگم/ گەرووم دڕا نەك لەتبوو ! هاوار مەکە با جەنەت هەڵنەسێت / بێگومان وشەی جەنەت شرۆڤەی ناوێت و ماناکەیمان ڕاگەیاند و ئەوەی جێی باسە ئەوەیە کە لەم دەقەدا زیاد لە بیست جار چەند بارە بۆتەوە وەکو وشەکانی دیکەی : وەتەن ، بولبول و عەندەلیب ، ئەبەدی ، تەفسیر، فیردەوس ، کە ئیدی من دووبارەیان ناکەمەوە .. بەلاّم هاوار مەکە با جەنەت هەڵنەستێت هەرچەندە کە لە فیلمی کارتۆنی ئەچێت بەلاّم ئەو دەمەی لە لوبنان بووم زۆرم دیوانەکانی – نزار قەبانی – م ئەخوێندەوە ، بۆیە ئەم دەستەواژەیە و زۆری دیکە ( کە دێمە سەریان ) بە من نامۆ نین و مولّکی ئەو شاعیرەن !

بەهەشتمان لێحەرامبکات / لێ یاساغبکات یان لێ قۆرخ یان قەدەغە بکات ، زۆر چاکترە لە حەرام ، بەلاّم دیارە نووسەر لەگەڵ توێژێکی گەورەی موسڵماندا ئەپەیڤێت و هەر بە زمانی ئەوان قسەئەکات بۆیە زمانێکی فەقێیانەو ئیدیۆمێکی دێرینی نێو حوجرەکان بەکاردێنێ .. یەك کۆتر کە بەهەڵە دەفڕێت ، دەتوانێت نێوان هەموو ئەستێرەکان بئاڵۆزکێنێت / ئەو وێنە شیعرییە هەڵەیە و بەرجەستە نابێت ، فڕینی کۆتر مەودا و بەرزییەکی زۆر سنوورداری هەیە ناتوانێت وەکو داڵ و قازو قولّینگ زۆر بە ئاسمانا بفڕێت و زوو ماندوو ئەبێت بۆیە ئاماژە کردن بە (فڕینی کۆتر + ئەستێرە ) بەرجەستە و ( تەوزیف ) نابێت و لە لۆژیکەوە دوورە ! هەروەها ئاڵۆسکاندن نەك ئاڵۆزکاندن !

وەك شەڕکەرێك ..../ شەڕخوا یان شەڕخواز زۆر شیاوترە و شەڕکەر زۆر بازاڕییە .. یەکێك نەفخی هەستانەوەی ڕۆحلەبەرەکان لێدەدات / کرداری نەفخ ، کە گەنجانمان تێیناگەن واتای فووپیاکردن ئەدات و ئەو وێناکردنە هەڵەیە چونکە

فووبیاکردن لێنادرێت و وشەی ڕۆحلەبەریش بۆ خوێنەر بەجێدێڵم با خۆی بڕیاربدات کەچەند لە زمانی شیعرەوە دوورە ! دوواتر ئەڵێت : یەکێك شەپیوری ......... تا دەگات بە خێوەتگاکانی هۆلاکۆ / ئەو کۆپلە و پەرەگرافە کورتە ، مانای تەواو نابەخشێت چونکە ڕستە و دەربڕینەکە تەواو نەکراوە و مەبەست ناگەیەنێت !! کوانێ کردار ؟ کوانێ ڕێزمان ؟ من بۆ فەتحی تۆ لێرەم / فەتح مانای گرتن ئەبەخشێت و لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبیەوە ئەو وشەیە لووتی شکاوە و هەناسەی لێبڕاوە ئیدی بە ناهەق زیندوو بکرێتەوە کوفرە کوفر !! غەزەلێکی کلاسیك بۆ باغات و گوڵزار / ئەو ڕستەیە چ ڕەونەقێکی تیایە !؟ چ مانا و دال و مەدلول و واتایەك ئەبەخشێت !؟ هیچ پەیوەندییەکی بە پێش و پاشەوەی خۆیەوەنییە ! لە مەبەستی سەرەوەوژێرەوەی ئەو ڕستەیە دا هیچ لە ئارادایە نەك مانا و واتا !! پاشان هەموومان ئەڵێین باخ و باخات ، پێویست بە باغی فارسی ناکات !

لە دەشتێکی سەوزدا بەرەو ئەوسەری تووڕەییەك کە بەشیعر وەسفناکرێت / پێش هەموو شتێك گرنگی دەق لەوەدایە کە خوێنەر پەلکێشی ناو ڕەوتگە ( سیاق ) ی دەق بکرێت و بیری نەمێنێت ئەو ژانرە چییە .. خوێنەر شۆڕئەبێتەوە و خۆی بیر ئەچێتەوە ، بە نێو باخچەکانی دەقدا ، بە نێو کۆڵانەکانی ڕستەو وێنای ئەندێشەیدا پیاسە ئەکات .. پشوو ئەدات .. هەڵئەستێت ، دائەنیشێت ، وەکو لە نێو پرۆسەی خەواندنی موگناتیسیدا بێت وایە ، هیچ جیاوازییەکی نییە ، بەلاّم کە نووسەر بە زۆر بێتە ناو دەقەکەوە و جارێ هیچی وێنا نەکردووە و لە نێو دەشتێکی سەوزدا هاواری لێهەستێت و بە خوێنەر بڵێت تواناى وەسفکردن و شیعر وتنم نەماوە .. ئێستا من چ پلار و توانجێکی لێبدەم !؟؟ وەلی لە جیهانی گۆرانەوە فێربووین هەندێجار دەرچوون لە دەق و بەکارهێنانی زمانێك کە بارودۆخی دەروونی هونەر دەرئەبڕێ

لە کاتی ژانگرتن و ئەوپەڕی دڵەڕاوکەدا بۆ تەواو گەیاندنی بیرۆکەیەك، زمان زوو خۆی نادا بەدەستەوە و وەختە دیق بە نووسەر ئەکات ، لە ئەزموونی گۆراندا نموونەیەکی لەو شێوەیە هەیە بەڵام بە دیوەکەی دیکەیدا ، بەو دیوەدا کە تەواو کامڵ و پێگەیشتووە کە ئەڵێت : خوایە هێزی ئینشایەك ! گۆران پاش ئەوەی دەریایەك وێناو وەسپی شیعری ئەهۆنێتەوە ئینجا بۆوەی ویژدانی دەرهەق بەو بابەتە بریندار نەبێت ئەو دەستەواژەیە بەکار دێنێ !! لێ لەم دەقی ئیشکردنەدا جارێ وێنە شیعرییەکە تەواو نەخەمڵیوە و نەتوانراوە باس لە چۆنیەتی ئەو دەشتە سەوزە بکرێت کە لە بەهەشتدایە لە کاتێکدا نووسەر لە ئەڵمانیایە و تەنها سەر بێنێتە دەرەوە هەمووی سەوزایی و دەشت و باخ و بەهەشتە و هەر کۆپی بکردایەتەوە بۆی ( وەسف ) ئەکرا !!!

دووریی لە خودایە بەهەشت /بەهەشت ڕووخانی مەعبەدەکانە /گەڕانەوەی ئینسانە لە ماچی خوداوە بۆ ماچی گوڵ/

بێگومان ئیتر لێرەوە پێویست بەوە ناکات واتا و مانای وشە عەرەبی و فارسییەکان بنووسمەوە ، بەڵکو تەنها هێڵیان بەژێردا دێنم و بۆوەی بکەونە بەرچاوی خوێنەر......

ئەم ڕستە بەهێز و بوێرانەی لەم پەرەگرافەدا هاتوون ، ڕستەی پڕ مەبەستن ، بوێرن و ڕێچکەیان شکاندووە ، کرۆك و ناواخنی بابەتەکە لێرەوە دەست پێئەکات ، بەڵام با بپرسین کام بەهەشت ئەخوازرێت ، ئەم ووتەبێژو خەتیبە کێیە ؟ بیرکردنەوەی فەقێیەکە یان قەشەیە یاخود حاخامێکی جووە یان کۆمۆنیستێکی کاڵ بووەوەیە !؟ بیرکردنەوەی ڕاستڕەوەکانە یان چەپڕەوان !؟ هەرکەس لە ئێمە بۆ خۆی بڕوای بە بڕوایەك هەیە و ئازادە لە بیرکردنەوە و لە پەرستندا ، ئەو بەهەشتەی من بڕوام پێیەتی ئەو بەهەشتە نییە کە تۆ بڕوات پێیەتی ، یان ئەو

خودایەی من بڕوام پێیەتی ، خودایەکە من خۆشمئەوێت و بۆ ئەو ئەژیم و هەرچەندیَ ئەو لەمنەوە نزیك بێت ، بەهەشتی منیش لەتەك ئەوەوەیە ، من خەڵوەتگایەكم بۆخۆم بنیاتناوە و دەروێشی ئەو پەرستگایەم ، لەویَ نوێژئەكەم ، لەویَ یۆگائەكەم ، لەویَ ئەخۆمەوەو خۆم مەستئەكەم ، ئەوە مافی تایبەتی منە ! كەس بۆی نییە ڕێم لێبگرێت و چەواشەم بكات !

تۆ بەهەشتی خۆت بۆ خۆت ! دووری و نزیكیت لە خوداوە پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە ! تێكەڵ بە دووری و سنوور و هێڵە سوورەكانی بیرو هزری من مەبە !ماڵی سپی من بە شیعری ڕەشت وێران مەكە ! چونكە تۆ بەهەشتێكی واقیعی و بینراو وبەرجەستە لەمن نوغرۆ ئەكەیت و بەهەشتێكی ناتەواو و ناشرین و دوور لە لۆژیك و پڕ لە درۆ – كە مەودای ئەوەی تیا نییە بە ئەندێشە و ئەفسوونیش لە مێشكی مندا چیَ ببێت و بخەملێت ! – ئەخەیتە جێگەی ! تۆ ئەتەوێت بەهەشتێكی ڕووتو ڕەجاڵ و ڕەهام پێبدەیت ! بەهەشتەكەت لاڵە پەتەیە زمانەكەی تەواو نییە ! ئەی چۆن لەخشتەم ئەبەیت و من دێنیتە سەر ئایین و بڕوای خۆت !؟ تۆ زمانت نییە پێی بئاخڤیت !!

تۆ هێرش ئەكەیتە سەر خودا و فریشتە و بەهەشت و خەڵوەتگاكەی من و تەنها بەهەشتەكەی خۆت بە جوان و ڕازاوە و لۆژیك و ئازاد و پڕ لە داد ئەزانیت و ، ڕاستی لای تۆ ڕەهایە ، بەهەشت لای تۆ ڕەهایە ! بە بەهەشتە لاڵەكەت : ماڵی ئێرە و بەهەشتی ئەوێم لیَ تێكئەدەیت .. من ماچی خودایەكی نەناس و نەبینراوم لا چاكترە كە ئومێدی بەهەشتم بداتیَ نەك ماچی گوڵێك لە دۆزەخدا كە تەنها لێوم بسووتێنێت !!

زەندیق ، عەسرە بەبا چووەكان / گەر مەبەست لە دوانیوەڕۆیە ئەوا هیچ پەیوەندییەكی یەكانگیر لەو ڕستەیەدا بەدیناكرێت ، گەر مەبەست لە چاخ و

سەردەمە ، ئەوا ئەڵێم ئەبوایە ئەو نامیلکەیە لـە حەویجـە چـاپکرایە و لـە دەورانـی عەسری مەلیکیدا بوایە چاکتربوو. قەرنە تەنیاکان / یـانی سـەدە تـەنیاکان ! یـاخود سەدە تەنهاکان ! بۆچی سەدەی جووتیش هەیە !؟

دڵنیا لە تەفرەیەك لە منداڵییەوە لە خوێنماندایە / ئەم ڕستەیە ، یـان باشـتر وایە بڵێم ئەم وتە فەلسەفییە ، جوانترین دەربڕین و دەستەواژەیەکە لـەم بەشـەدا ، کەچی وێنەکە زۆر هەناسەی کورتە و ونئەبێت و وێنەی شیعری کـورت کـورت و هەناسەتەنگ ، جێگە بەیەك لەقئەکەن و بەسەر یەکدیدا ئەترشێن ! فیتنەیەکی سپی / لەعنەتێکی شـین / شـین وەك ئاسمـان / ئـەم وێنـە خـوازراوە چ تازەگەرییـەکی تیـا بەدیئەکرێت !؟وێنەیەکە خۆی لە سروشتەوە خوازراوە لیّ کتومت و نەگۆڕە بۆیـە هیچ زیادەیەك نەخراوەتە سەر ڕەنگی شین ! جا تۆ بڵێی ئاسمان خۆی پرتەقاڵی بێـت !؟ بە سادەیی خۆمانەوە / باشە لە پێچەوانەی ئەم وتنەدا ئەتوانین بڵـێین : بە ئـاڵۆزیی خۆمانەوە ؟؟؟؟

بە گوێڕایەڵی موسافیرێکەوە / مەبەسـت لـەم وتنـە گوایـە ڕێبوارێـك یـان کۆچبەرێك کە ئەچێتە شار یان جێگەیـەکی نوێـوە ئیـدی دەسـتەمۆیەو چـی پێبڵـێن گوێڕایەڵە و سـەرکزە و مەلولـە ، بـەڵام ئـەو دەسـتەواژەیە لاوازە و ئـەو دەبڕینـە کورتیهێناوە ، بۆ وشەی موسافیریش : ئەوە لەم دەموەختی پـاش دووهـەزاردا تـەنها کوردە عەگالبەسەرەکانی گەڕەکی کیفاحی بەغدا بەکاریدێنن و وشەکانی / ڕێبـوار ، کۆچبەر ،گەشتیار ، تەنانەت گەڕۆك لە موسافیر زۆر چاکترن لە نرخی هـەنارێك دەپرسـیت لەسـەر دوا سـەبەتەی بـازاڕ .../ ئـەبێت بوترێـت لـەناو سـەبەتەی .. هەرچەندە بەرچنە زۆر لە سەبەتە شیاوترە لە بولبول/ دێـین و لـە گـوڵ پرسـیاری نرخی جەنەتێکی تر دەکـەین / هەڵەیـە و ڕاسـتییەکەی : دێـین و پرسیاری نرخـی بەهەشتێکی تر لـە گوڵ دەکـەین ! ڕێگـا لێـرەوە چۆنـە تـا بەهـە شـت ؟هەڵەیـە و

ڕاستییەکەی : ڕێگا لێرەوە تا بەهەشت چۆنە؟ تێشوومان هەتاوی زەردی ئێوارەی ئەم کوچاندیە / تۆ بڵێی گەلی برادەرینە هەتاوی ئێواران سەوز بێت ؟ بۆ کوچەی فارسیش / خۆ کۆڵانی کوردی گرانەتای نییە !؟ ئەم سوارچاکە بێیشانەی لە بەردەرگاکانی خۆیان باوێشکدەدەن / هەڵەی ڕێزمانە نەك چاپ و پێویستە بڵێی : لەبەر دەرگاکانی خۆیاندا ! ئینجا بۆ وێنا شیعرییەکەش : کە سوارچاکن ئەی چۆن باوێشکدەدەن !؟ئەگەر بتەوێت وێنەی پێچەوانە و ڕەوتی نوێیگەری بەکار بێنیت هەر هەڵەیە چونکە وتراوە ئەم سوارچاکە بێیشانە ، کەواتە تەواوکردنی وێنای ئەو ڕستەیە بە باوێشکدەدەن هیچ شۆکێك لای خوێنەر نیشاننادات ، چونکە خۆیان بێیشن ، ئیّ بێیشیش وەکو پشیلە ڕۆژانە باوێشکنەدەدەن ! یان ئەبوایە وێنایەکی دیکە بخرایەتە جێگەی سوارچاك بۆوەی واتای ئاماژە بۆکراو ( مەدلول ) بگەیشتایە ، گەر مەبەست لەوە بێت هاوکێشەی سوریالی دابەزرێنیت ئەبووایە بڵێی : ئەو بێیشانەی لەبەر دەرگاکانی خۆیاندا سوارچاکن / ئەوا زۆر مانایەکی بەهێزتری ئەبەخشی ودۆخی شۆکی چێئەکرد! لەو ڕاستکردنەوەیەشدا ئەبێت تۆش بمانیەخشی !!؟

بەرزبوونەوە بۆ مەقامی باڵا / لەو دیو سنووری مەخلوقاتەوە / نزیك لە جەبەروتی بێئەندازەی خودا /

ئەم ڕستانە تەنها وەکو ( حەشوو ) وەکو لۆکەی نێو هەندێك دۆشەکە کۆن ، بۆ پڕکردنەوە و درێژکردنەوەی ئەو دەقە بەکارهاتوون ، ئەگینا تۆ خۆت لایانبەرە بزانە هیچ ئەقەومیّ !؟ لەجیاتی ئەو وشە هێڵدارانەش کە وشەی بیانی و سواون و هیچ ئیستاتیکایەکیان تیا نییە و نازانم نووسەر بۆچی دڵی بەو وشانەدا چووە ئەگەر دوو فاکتەر لە پشت و نەسقی نووسەردا ئیش نەکەن : ڕەنگە بۆ ئەوە بێت کە ئەو وشەگەلە عەرەبیانە مانایەکی ئاوێتە و دوو جەمسەر وقۆقزی

بەخشن و ئێمەش بە فەلسەفە و لۆژیکیان تێبگەین ، یان ڕەنگە بۆ ئەوە بێت هەر کە ناوی نالی و مەحویمان هێنا پێویستە ناوی ئەم نووسەرەش لە پێش گۆران و کێ و کێوە بێنین چونکە بەزمانی سەرمەدی ئەوان ئەنووسێت !! ئەکرا لە جێگەی ئەو هەموو وشەگەلە بیانیە سواوانەدا وشەی کوردی نۆژەن و سازگار و پاراوی وەك / شەتاو ، شەپیور ، تێشوو / کەلەم دەقەدا بەکارهاتوون و زۆر جوانن .

– نووسەر ئەبێت شەونخوونی و ماندوویێتی بچێژێت و ئێمەی خوێنەر هەستی پێبکەین و لە گەڵیدا بژین و پاداشتی بدەینەوە .. دڵسۆزی نووسەر لەوەدایە شارەو شار، گوند بە گوند ، تەیکات و هەگبەکەی لەوەی هەژار موکریانی کەمترنەبێت .. ئەو هەژارەی ئێوە هێڵێکی ڕاست و چەپتان پیاهێناوە و خستووتانەتە نێو زبڵدانی مێژوووەوە لەبەرئەوەی زانین و ( مەعریفەی ) تێدا نینە ، لەبەرئەوەی توورەهاتە و ورێنەیە .. ئێوە بە عەرەبی و فارسی ئەخوێننەوە بۆیە زمانی شیعرتان کاڵوکرچە و بابەتی ڕۆمان و پاڵەوانی ڕۆمانەکانتان لە کوچەکانی تاراندا پیاسائەکەن !.... ئەگەر نووسەر گرنگی بە زمانەکەی نادات و ئارایشتی ناکات ! ئەی بۆچی لەسەرەتای ئەم بەشەدا بە دەستەواژەی / لە باکوورەوەڕا / بەکاردێنێ :کە شێوە زارێکی زۆر شیرین و پاکژی موکریانە ئەی کەواتە بۆچی گرنگی بە زمانی شیعریت نادەیت و لەسەر ئەو پێودانگەش هاوسەنگی لە دەقەکانتا دەستەبەرناکەیت !؟ ئێمەش لەم دەردیسەرییە ڕزگارکەیت !

جارِ بۆ غەزایەکی خەیاڵی دەدەین / فەتحکردنی مەلەکوت / ئەمە ڕستەیەکی ناو ئینجیلە و بە عەرەبیش وتراوە و بە هەڵە کەوتۆتە ناو ئەم نامیلکەیەوە ! ئەمە نە زمانی کوردێکە ، نەزمانی فەقێیەکە ، نە زمانی قەشە و حاخامێکە ، نە زمانی کۆن یا تازە کۆمۆنیستێکە ، تەنها زمانی نووسەری ئەم دەقەیە و هیچی تر ، چونکە ئەمە نەخشەی شەڕانگێزێکە و ئەچێتە ناو جوگرافیای

داگیرکردن و سادیزمەوە .. ئیشکردن جیایە لە هێرش و پەلاماردان .. هەڵگری ئالاّی - ڕەهەندەکانی فەلسەفە و زانین و زانست -

شێوازە توندو تیژەکانی بەرەی خراپە بەکارناهێنێت بۆ سڕینەوەی بیری کۆن و سەلەفی و ئاینێکی کوشندە ، ئەگینا فەرموون ئەمانەو گەلێکی دیکەش ( کە لە بەشەکانی داهاتوودا دەستنیشانیان ئەکەم ) چ دەروونێك فڕێیان ئەداتە دەرێ : فەتحکردنی مەلەکوت / حەلاّڵکردنی داوێنی فریشتە / بەدیلگرتنی ئیزرائیل /بەهەشتێك بۆ ئەوانەی هەموو ژینیان سەرتاپا گوناهە/ بەهەشتی نزیك لە گڕ / نزیك لە تۆفان / نزیك لە شەیتان / بەهەشتی جودا لەیەکتر (وەکو ژووری ئینفرادی / تاکەکەس ) / جودا لە ئاسمان / جودا لە خودا / .....

( ئەمانەو زۆری دیکە کە من پێ بە پێی ٢٣ شیعرەکە ئاشکرایان ئەکەم ..) من بەو وێنا و زمانی شیعرییە ڕازیم تا ئەو ڕادەیەی کە تازەگەری بێ و ڕەتکردنەوەی بیری سەلەفی و بیروباوەڕی نەوەکانی پێشین و ئاینە ئاسمانی و زەمینییەکان بێ .. هەوڵێکی جەربەزانە بێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەریت و نۆرم وترادیسیۆنی ئاکاری و کۆمەلاّیەتی کۆمەڵگایەك ( کەنووسەر لە پارچە شیعری ١٨ دا / بە نیشتمانی بێشەرەفان ناوزەدیئەکات !!) چ پێویست ئەکات لە جیاتی مۆدێلی عەقلانییەت ( سکۆلاریزم ) ئەو وێنا شیعرییە تۆقێنەرانە ، ئەو دروشمە ترسناکانە ، ئەو هیوا خەتەرناکانە ، ئەو زەنگە وەبەرانە ، کە تەنها لە دروشم و ئەتمۆسفیری جەنگی قادسیە وکەنداو و براکوژی وخۆکوژی و ......تاد .بەکارئەهاتن وگوێبیستیان بووین و کەوتبوونە گەڕ و بەرکەماڵبوون !!

جا گووتاری ڕۆشنگەری و مەعریفە لە دیکتاتۆرێکەوە بۆ بیرمەندێکی فەیلەسوف ، هەر هەمان هەڕەشەو گووڕەشە بێت ، هەر هەمان هەوا و هەناسە و ئەتمۆسفیر بێت ، وا چاکترە هەموو کتێبەکانمان بفرۆشین ( نالێم بسووتێنین !) و

چارۆکەیەك لەکۆڵ نێن و وەکو ڕۆسۆ بەرەو باوەشی سروشت بگەڕێنەوە و لەتەك گورگ و چەقەڵی ئەو دارستانانەی هێشتاکە دەستی مرۆڤی نەگەیشتۆتێ ژینی بێوەی بەرینە سەر گەلێ چاکترە !!!

ئەوانە چ جۆرە ئیشکردنێکن لە نێو بەهەشتدا ، کام بەهەشت ؟ بەهەشتی ئەو دونیا ! یان بەهەشتی ئێرە ! هەموو کەس ئەزانێت ئەم نیشتمانە بەهەشت نییە ، تەنانەت ئەڵمانیاکەی تۆش بەهەشت نییە ، بەهەشتێکم بۆ ئافەریدە بکە لە کاغەز ، لە پەڕۆ ، لە ئەندێشە ، بەڵام تیایا بەختەوەرم بکە !

( ٣ ) قەیرانی ئیستاتیکای زمان +قەیرانی وێنە و وێنـــا

ئیمانۆیل کانت ئەڵێت :

" جوانی لەنێو چاوی ئێمەدایە نەك لەو ڕووخسارانەی کە لێیان ئەڕوانین "

وەکو لەبەشی یەکەمدا ئەوەم پێووتن کە زمانی ئەم چەند پەخشانە شیعرە/ ئەم ٢٣پارچە پەخشانە شیعرەی ( کە نووسەر بە قەسیدەیەکی درێژ ناوزەدیانئەکات ) لەگەڵ ئەوەشدا کە زمانی شیعروقەسیدە نییە و( کە ئەبوایە زمانێکی ئیستاتیکی تایبەتمەند بە نووسین بێت ، کەچی زمان و گوزارشتی ڕاپۆرت و پەخشانە ، ئینجا زمانەکەش لاواز و شلۆقە لێوانلێوە لە وشەی بیانی و سواو وپواو....لێرەوە ئەو ڕێبازەی لە بەشی دووەمدا بەکارمهێنا وەك مستۆدێکی کلاسیکی بۆ لێکدانەوەی وشە بیانییەکان ، تەنها بۆئەوە بووە کە بیری خوێنەری بێنمەوە : ئەو دەقە چەند پڕبووە لە وشەی بیانی و سواو ودێرین ، بۆ وەرگرتنی ڕێژەی ئەو وشە بێشوومارانەی کە ناکرێت لێی بێدەنگ بم ، ئیتر ئەو ڕێبازە وەلائەنێم و وای بە باش ئەزانم کە تەنها وشە و دەربڕینەکان لە سەرەتای نوومایشکردنی هەر پارچەیەك لەو شیعرانەدا بخەمە بەرچاو بۆوەی لە لایەکەوە : وەبیر یادەوەری لاوازی خۆمانی بێنمەوە و لە سەرێکی دیکەشەوە : ببێتە بنێشتەخۆشەی ژێردانمان و ئیدی فێربین

ئەو زمانە پـواوە بەکارنـەهێنین لـە کاتێکـدا ژمارەیـەکی بێشـومار لـە گـەنجان و نـەوجوانی کوردزمـان ئەورۆکـە زمـانێکی زۆر پـاراوی مـۆدێرن لـە ئاخـاوتن و نووسیندا بەکاردێنن و لـەگەڵ هاتنەوەما لە هەندەران ، ئەو دیاردەیـە خۆشـنوودی کردم و دەبا کەپر و ساباتی زمانە ساواکەیان نـوغرۆ نەکـەین و نەیکەینـە قوربـانی مەرام و مەبەستی نەرجسی خۆمان ........! ئێستاش بگەڕێینەوە لای دەقەکە :

٣- لە چاوەڕوانی لەدایکبووندا

نەسیم ، خورافات ( دووجار ) ،غەریزە ( پێنج جار ) ، وەحشییانە ( چوار جار ) ، عەرش ، غەریب ، کوچە ، مۆسیقار

(_ دووجار ) ، ئیقاع ( دووجار ) ، غوبار ، زوڵـمـەت ( چـوار جـار ) ، تاقەت ( کە عەرەبییە و بەمانای مەیل دێت ) ، عەقل ، حەکیم ، مەنزل ، خـەراب ( دووجار ) ، ڕەحم ( دووجار ) ، ئیرادە ، قەدەر ، ئـەمیر ( دووجـار ) ، ئینسـان ( دووجار ) ، حەقیقەت ، حەرام .

ئەوە ژمارە دووی پارچە پەخشانە شیعرەکانە لە نامیلکەی / ئیشکردنە ..../ کەی ئێمـە ئیشـی تیـا ئەکـەین ، بـە ڕێـژەی ٦/١٠ واتـە لـە هـەموو دە وشەیەکدا شەش وشەی بیانی سواو بەکارهاتوون ....

ئەو هەنارەی بەدەستی تۆوەیە ، چ تامێکی وەحشـییانەی هەیـە / خوێنـەر وەرە تۆش لـەگەڵ منا بیر لـەم وێنەیە ، لـەم دەربڕینە ، لـەم زمانە شیعرییە بکـەرەوە ، ئینجا بە ویژدانەوە پرسیارێك لە خۆت بکە ، توو خوا لە ئـەفریقاش کـەس هەیـە بڵێت ئەم هەنارە ، ئەم سێوە ، ئەم ئارووە تـامێکی وەحشـییانەی هەیـە !؟ پاشـان سەیری ئەو وشە ناشرین و ڕەزاگرانە بکەن ! وەحشی / ئەمە چ وشەیەکی شـیعری و ڕۆمانسی و سریالی ، یـان عەبەسـی و وجـودی و چـی و چـی و چـییە !؟ لـە

دەموەختی دایناسۆریشدا ئێمەی کورد ئەم وشە قێزەونەمان لـە ویـژەی کوردیـدا بەکارهێناوە !؟

ئینجا ئەڵێت / چ دڕندەیە ئەم بۆنەی لە بای بەیانی دێت /لێرەدا نووسەر وشەی وەحشی بۆ کردین بە کوردی و ئێمەش زۆر

سوپاسی ئەکەین ، (لەڕاستیدا وشەی وەحشـی کاریگـەری وشـەی ڤەحشـەتی فارسیە ، لـە فارسیدا زۆر بەرجەستەیەو لـە شیعرا

یان لـە گۆرانیدا ، بە تایبەتی گۆرانییەکانی داریـوش و مـوعین ئـەو دەربڕینانـەی وەکو : – ڤەحشەتی غوربەت یان ڤەحشەتی تەنهایی یاخود ڤەحشەتی زیندەگی – هەر زۆر مۆسیقی و ناسکە و هەتا سەر ئێسقان و ناو پەڕەی دڵ کاریگەری هەیـە بەڵام بەداخەوە و موخابن لـە کوردیدا چونکە هەر بۆ شـەڕە جنێـو و بـە وەحشـی کردنی نەیار بەکارهاتووە گەر یەك کیلۆ بەهارات یان

هێل یاخود گوڵاوی پیابکەیت تازە هیچ تامو چێژێکی تیا نییە !!

کەواتە وشەی وەحشی بۆ کردین بە دڕندە بەڵام تەماشاکەن چۆن بـەکار هات و چۆن گوزارشتی نۆژەن و تازەگەریی پێ

مەیسەر کرا / چ دڕندەیە ئەم بۆنەی لە بای بەیانی دێت / ڕاستە وشەکە کرا بە کوردی بەڵام داخی گرانم ڕستەکە کوردی

نییە ! بە ڕاستی هەر کەسێك گوێی لـەمجۆرە ئاخاوتنـە بێـت ، لاوێکـی کوردی دێتە پێش چاو کە ساڵانێك بێت نیشتمانی

خۆی جێهێشتبێت و لە تاراوگە یان لـەو خوارانـە بـژی و کوردییـەکی کرچ وکاڵ فێر بووبێت و ئاوەڵناوی شیاوی ناوەکانی

ناو ڕستە بە پێچەوانەوە بەکاربێنێت !!

یان پاش ئەوە و هەر لـە پەیوەندیـدا بـە وشـەکەوە ئـەڵێت / ڕەحشـییە ماندویێتی ئـەم خزمـەتکارە / تووخـوا هـەرگیزاو هـەرگیز مانـدویێتی بـەو شـێوەیە وێناکراوە !؟ بۆخاتری خوای شیعر و بۆخاتری خوای ئیستاتیکا ئەم وشە پـواوە و ئەم شێوازی دەربڕینە... ئەم شیعرە پچڕپچڕانەی هیچ ڕایەڵێك لە نێوانیاندا نییە و بە قەسیدەیەکی درێژ بە ئێمەی بفرۆشنەوە ، ئەی ئەم زمانی شیعرە چ جوانی و چ فەلسـەفە و چ ناسکییەکی تیایە ، وا لـە سـەدەی بیسـتو یەکـدا و ئـەو زمانـە بـە شاکار و بە داهێنان ناوزەد بکرێت و

پێنج هەزار دانەی لێ چاپبکرێت !؟

چ ڕوناکە ئەو دەنگـەی لـە تـاریکی جیابۆتـەوە و کوێرانـە بـۆ بێـدەنگی دەگەڕێت / بەشی یەکەمی ئەم ڕستەیە زۆر جـوان و ڕێکوپێکـە لەبەرئـەوەی لـە لۆژیکەوە نزیکە ، وەلی بەشی دووەمی کە ئەڵێت کوێرانە .... باشە ئەگـەر ئـەو دەنگە ڕوناك بێت ، چۆن کـوێرەو کوێرانـە بـۆ شـتێك ئەگـەڕێت ،چـی وایکـرد کوێرایی دابێت !؟ ئەمە زمانی سوریالیخواز و عەبەسییەکە ، یان فانتازیاو نوێخوازی والـە پشـتی ئـەم مۆدێلـەوە و نـاوو ئاوەڵنـاوە دژ و ناکۆکـەکان لـە بۆتەیەکـدا کۆئەکاتەوە و ئاوێتەیەکی ڕیالیزمی ( واقیعی ) لێپێکـدێنێ .. شـێوازی دەربـڕین و داڕشتنی حازربەدەست لەم نامیلکەیەدا زۆرو بێشومار چەندبارەن و بەنموونە یەك لە دوای یەك هەموویان ئەخەمە بەرچاو ، جا یان بە ئاوەڵناو بەکارهاتوون وەك : لـەم ڕستەیەی پێشوودا هەبوو / دەنگ – بێدەنگی / گوناە – بێگوناە / خودا – شەیتان / دەروێش – زەندیق / مردوو – زیندوو ......تاد .

یاخود بەکارهێنانی ڕەنگی دژ بە شێوەیەکی ئێجگار زۆر کە فـۆرم و زمـانێکی بێزارکەری چێکردووە ولـە بازنەی دووبارەبوو_

نەوە و زیادە بێژیدا گێژەن ئەخوات ، کە لەم پارچە شیعرەی دووەمەوە دەستپێئەکات و- لە شوێنێکی تردا بە درێژی لێی ئەدوێم - وەکو / ڕەشەبای ڕەش - ولاّتی سپی / هەرمێی ڕەش - عەردی سپی / هەوایەکی ڕەش - پیانۆیەکی سپی و.....تاد ، کە ئەم شێوە گووتنانە وێنەی شیعری دووبارە و جاڕسکەر پێکدێنێ و ڕستەی حازربەدەست و لە قالّبدراو فەراهەمئەکات و خوێنەر

زوو لێی بێزار ئەبێت و کتێبەکە فڕێئەداتە لاوە و تووشی سەریەشە و کۆلّنجی ئەکات و ئەبێت یەکسەر بیشێلن !

لە هەمووی سەیرتر ئەم ڕستەیەیە کە چەندی سەرم بردو سەرم هێنا ،تێی نەگەیشتم و سەری چەند هاوڕێ و برادەرێکیشم

پێوە مێشاویکرد و ئەنجام هیچم بە هیچ نەکرد! وەرن بەڵکو پێکەوە تێی بگەین : لەدایکدەبیت و ئاسمان زەنگ بە زەنگ عەرشە شوشەییەکانی خۆی بۆ ستایشی تۆ پاکدەکاتەوە / زەنگ بەزەنگ مانا و واتای چی ئەبەخشێ ؟ یەکەیەکە بۆ پێوان و پێوەرە ؟ یاخود بۆ پێوانەی دووری بۆشایی ئاسمان بەکارهاتووە ؟ یان بۆ پێوانەی ( زەمەن )و کات بەکارهاتووە .. یان ئەوە زەنگێکەو لە مەریخەوە هاتووە و جیایە لە زەنگەکەی ئێمە ؟ سەیرە ئەو زەنگ بە زەنگە چییە ؟ مانای شیعر وا لە دڵی شاعیردا و با ئەوە بە نهێنی و پەنهانی بمێنێتەوە ! قیرۆسیا لە تێنەگیشتنی من ، خۆ مەرج نییە لە هەموو شتێك تێبگەین ،خۆشە لە هەندێ شت تێنەگەیت !

تۆ لەدایکدەبیت ، تۆ خودا نیت ، تۆ فریشتە نیت / ئەی ئەو تۆ-یە کێیە ؟ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لەم پارچە شیعرەدا سێ ڕاناوی کەسی بەکارهاتوون یەکێکیان ئەمەیە واتا ڕاناوی کەسیی دووەم ( تۆ ) بەلاّم هێزم ئەوێ بزانێ ئەم تۆ- یە کێیە ؟

خودایە ، تۆی خوێنەریت ، تۆی کچیت ، تۆی شەیتانیت ، تۆی نیشتمانیت ! هێند پڕە لە تەمومژ ، کەم کەس هەیە بزانێت

ئەم تۆ –یە کێیە ، هەوادارەکان ، ئەفسووس ئەوان کە ئەزبەری ئەکەن و نازانن ئەم تۆ–یە کێیە ! وەلی بەری ڕەخنەگران

ئەوەتا ئەپرسن ئەم تۆ– یە کێیە ، فەرموو وەلاّمان گەرەکە ، ئامان ئەم تۆ– یە و بەس !

کوچەکان پڕن لە هالاّوی ژیانێکی پاك / باشە ئەو کۆلاّنە پڕ بێت لە هالاّو چۆن ژیانی تێدا پاکئەبێت ؟ تۆ بچۆرە ناو گەرماوێکەوە بزانە ژیانی تیایە تا پاك بێت ، هالاّو باش نییە بۆ هەناسە هەڵمژین و سوورِی خوێن لەوێدا پەشۆکاوە برام !

وەحشییەو سەرسامە بە هەوای بەیانی / کە وەحشی بێت بێگومان سەرسامە بەهەموو شتێك ! هەمووومان ، مامۆستاو

میوەفرۆش و فەڕاش ، ئەڵێین سروەی بەیانی ، ئەڵێین شەماڵی بەیانی ، وەلی هەوای بەیانی لە حەویجە زۆرە !

بەلاّم با واز لەوە بێنین کە ئەو ڕستەیە هیچ واتایەك نابەخشیٚ ، تووخوا شاعیرێکی تورکمانیش تازە فێری کوردی بووبێت

ئەوە زمانە شیعرییەکەی ئەبێت ؟ هەزاران هەزار ڕستە شیعری وا بنووسم ، شەرمی ئەوەم ئەکەم بیخەمە سەر کاغەز ،نەخوازەلاّ بچێتە دووتوێی نامیلکەوە و بەم گرانی و قاتوقڕیی ئابوورییە ٥٠٠٠ دانەی لیٚ چاپبکرێت !؟ دڵنیام ئەو ڕستانەو هەزاران ڕستەی دیکەی ناو ئەم نامیلکەیە – کە خۆم لێلاداون و درێژەم بەنووسینیان نەداوە – لە کاتی سەرخۆشیدا نووسراون و هەرگیز ئارایشت نەکراون و پیشانی کەس نەدراون ، سانسۆری ناوەوە و ویژدانی

نووسەریش وەکو کەفی بیرەکەی شەوانی بە ئاسمانا چووە .. ئەوناملکەیە یەکسەر لە ئەڵمانیاوە نێردراوە بۆ ( ڕەنج ) و بێئەوەی کەس بوێرێت فزە بکات چاپکراوە !

چ شادە ئەم مۆسیقارە / ئەم ڕستەیە بۆ کازم ساهیر نووسراوە نەك بۆ ٥٠٠٠ لاوی هەواداری هەشبەسەر و هەناسەسوار !

باران پڕە لە مۆسیقای غەمبار / باران تەشت و حەوزە تا پڕبێت ! شیاوە بڵێیت خەمگینە نەك غەمبار ! ئینجا مۆسیقای خەمگین

بۆ کەسێکی خەمبار لێئەدرێت ( ئەژەندرێت ) ! خۆ ئەگەر نووسەر ئەیەوێت زمانی سپیرنیتیکا یان زمانێکی نۆژەنی سەر بە ڕۆژهەڵاتی نێوەند دابهەزرێنێ و تێکەڵەیەك ( مەزیج یا کۆکتێل ) بێت لە کوردی و عەرەبی و فارسی و بە ڕێزمانی تایبەتی خۆی بنووسرێتەوە ، قەیدی نییە ،ئەوە عەرز و ئەوە گەز !

سەرسامە بە خوڕەی ئاو لە کاتی کردنەوەی دەرگای ئومێدا /ئەمەش ئەو پەندەی بیر هێنامەوە کە ئەڵێت کەر لە کوێ کەوتووە و کورتانیش لە کوێ دڕاوە ! خوڕەی ئاو لە کوێ و دەرگا لە کوێ ! ئەم ڕستەیە کاریگەری شیعری تەلیعییەکانی هەشتاکانیدەڤەری هەولێری بەسەرەوە دیارە ..! بۆیە سیخناخە لە تەمومژ و سیمبۆلیزم و دادایزم !

هەر نزیك لەو ڕستەیە و لە دوای دەرگای ئومێد ، نووسەر لە دەرگایەکی دیکە سەر دەردێنێ و ئەڵێت / بە بەردەرکی ئەو گۆڕستانانەدا دەڕۆم / مردووەکان مێشولە لە مانگ دەردەکەن / پێش هەموو شتێ ئەوە کام گۆڕستانەیە کە دەرك و دەرگای هەیە ، تۆ پاش ئەوەی دیقمان پێئەکەیت و لە دەرگای ئومێد تێر پشوومان نەدا تا ئەمانبەیتە گۆڕستان ، بەلام کوا ئەوە گۆڕستانی کوێیە کە دەرگای هەیە ! من بینیوومە لە ئەڵمانیاو ئەوروپا بە گشتی ، گۆڕستان لە باخچە هەرە جوانەکانی ئێرە پاکو دڵگیرترن ! بەلام لێرە کوردستان خۆی گەورە گۆڕستانێکە ودەرگاشی

نییە ، گۆڕستانەکانیش دەرکەو دەرگایان نیست برام ! پاشان واتا و مەبەست لەو دەستەواژە و وێنایە چییە کە گوایە مردوو مێشولان لە مانگ دەرئەکەن!؟ ئەی زیندوو مێشولان لە چی دەرئەکەن !؟

لەسەر ئەو ئەسپە وەرە خوار / ئەم ڕستەیە هەڵەی چاپ نییە ،بەڵکو هەڵەی زمانەوانییە ، ئەی باشە ئەگەر باوکت بانگت بکاتە ژوورەوە ، پێت ئەڵێت وەرە ژوور یان وەرە ژوورەوە یان پێت ئەڵێت وەرە سەر یاخود وەرە سەرەوە !؟لە لاپەڕە ۱۳دا و دوای کۆپلەیەکی درێژ / زوڵمەت ___ تاریکی___ چاوی تاریکی تۆ ___ تائەگاتە ئەوەی ئەڵێت/ لە دڵی تۆوە سەیری کۆتر دەکات / ئەگەر مەدلولە بۆ دالێك ( کەلەوەو پێش هیچ ئاماژەیەکی وا لەگۆڕێدا نییە بۆی چ پەیوەندییەکی بە کۆترەوەهەیە لەبەرئەوەی ئەتمۆسفیر و کەرەستەکان زۆر لە جیهانی کۆترو باڵندەوە دوورن ! تۆ باس لە کێشە و ململانێی نێوان تاریکی و ڕووناکی ئەکەیت ، واتە کێشەیەکی سەرمەدیی و فەلسەفی زۆر گرنگی بوون و ژیان ئیدی بۆ نەگاتە پلەی ئۆرگازم ووێنەکەش تەواو بەرجەستەو خەملیو بێت ، کۆتر لەوێدا ئەو کۆپلەیەی کووشتووە !

چیبکەین لە خەوتن بەڕووتی لە بەلەمێکدا ماسییەکان لە ژێرەوە تەماشای ڕۆحمان دەکەن ؟

چیبکەین لەو ئاوازەی ....../ سەرەتا با بەراوردی دوو ڕستەکە بکەین ، ئەبوایە بووترایە چیبکەین لەو خەوتنەی ..../

هەروەکو چۆن دوایی نووسەر خۆی ڕاستی کردۆتەوە کە ئەڵێت / چیبکەین لەو ئاوازەی ... پاشان ئەو ماسییانە چۆن لەژێر بەلەمەوە ئەتوانن تەماشای ڕۆحی ئەوان بکەن ، دیارە بەلەمەکە شووشەییە ، ئەمەش ئەوە دەرئەبڕێت کە دەربڕینەکە تەواو نییە بۆیە وێنەشیعرییەکەش ناگات و بە دەستکورتی ئەمێنێتەوە ، پێویستە

بووترێت : ماسییەکان تەماشای ڕۆحمان دەکەن ، ئیتر خۆ خوێنەر لە فەلوجە و حەویجە گۆش نەبووە تێئەگات کە ئەو ماسییانە لە ئاوەکەدان نەك لە ناو یا لە ژێر یا لە بن یا لە تەنیشت یا لە سەرەوەی بەلەمەکەوەن ! خوێنەر چاك ئەزانێت بەلەمەکەتان لەکوێدایە ، ماسییەکانیش وان لەو جێگەیە ، ئیدی بۆچی وشەی زیاد و پیتی زیاد سەری ئێمەی کلۆڵ بشکێنێ .. ئەوەتا سی ساڵێك لەمەوبەر ئۆکتاڤیۆ پاس وتوویە / شاعیر لە زەڕەنگەرێك ئەچێت کەبە مسقاڵ پیت و وشە بەکاردێنێ !! چیبکەین لە غەریزەی خۆمان کە جەستە لە تاقەتی نایەت ؟/ ئەم ڕستەیەش هیچ واتایەك نابەخشێت و هەر کوردیش نییە !

لە لاپەڕە ١٤دا و لەو دێڕەدا کە ئەڵێت / پێویستیم بە تاریکی تۆیە ، تاریکی تۆ .. تاریکی تۆ / وەك ئەڵێن ئەم ڕستەیە ( سەرەتانییە ) و ئیدی ئا لێرەدا ئەو پارچە شیعرەی دووەم تەواو بوو ،ڕیتمی گوزارشتکردنەکە بانگەوازە و وەڵامە بۆ کۆپلەکەی پێش خۆی ، ئەو ڕستەیە لە پێکێشانی چەکوشێك ئەچێت و هەر ڕستەو ووتنێکی تر لە دوای ئەو ڕستەیەوە هات ، هێزو توانای خوێنەر بە بادا ئەبات !

<u>بۆنی ئەو خواردنە ڕزیوانەی</u> هاوین / بۆنی گوڵ و عەتر و شتی خۆش ڕەوایە بەڵام بۆنی شتی ڕزیو ، هەڵەیە و پێویستە بووترێت : بۆگەن نەك بۆن ! سەیرکە کتێبەکانمان گوڵی قەدەری لەسەرە / ئەم ڕستەیە زۆر جوانە ،واتاو مانای زۆر ئەبەخشێ بە باش و بە خراپ وەلی درکاندنی ئەو گوزارشتە جوان و ڕێکوپێکە بەلام لە گوڵێکی ناو درك و دەوەن ئەچێت ، چونکێ ڕستەو وێنەیەکی کورتە ، بە فرمانی ( سەیرکە ) دەستپێئەکات وبەبێ قووڵبوونەوەو پەهاویشتن ، بەبێ گەیشتنە ئەوەی بینای ئەندێشە لای خوێنەر دروست ببێت ، هەناسەی لێئەبڕێت و بە مەلۆتکەیی مردار ئەبێتەوە .. ! بەسەر ئەم کێڵگەیەدا ، <u>ئاە</u> ... هەڵکردنی ڕەشەبای

ڕەش بەسەر ولاَتە سپییەکاندا ، وەرینی هەرمێی ڕەش بەسەر عەردی سپیدا / وشەی ئاه ، کە کردار و دۆخێکە بۆ حەسرەت و حەژمەت بەکاردێت ، لەوێدا هیچ لۆژیکی و پێویست نییە ، هەروەها بۆ بەکارهێنانی ئەو ئاوەڵناو و ڕەنگانە :

ڕەش _____ سپی ،

سپی _ ڕەش ، ئەوانە وەك ئەڵێن خوێن بەربوونی ( نەزیفی ) وشەن وێنەی شیعری حازر بەدەست و سواون ، دوای ئاماژە ( دال ) ی سپی ، یەکسەر ئەزانرێت ئاماژە بۆکراو ( مەدلول ) ی ڕەش دێت و ئەوەش بارو دۆخەکانی وێنەی شیعری پێوەر و ناسراو و دووبارە و یەکلایی لە دەربڕیندا لای خوێنەر فەراهەمئەکات !

بە گشتی لەم پارچەیەی دووەمدا ( لە چاوەڕوانی لەدایکبووندا ) کە هەر سێ ڕاناوی ( تۆ ، من ، ئێمە ) بەکارهاتووە ، وەك ووتنەکانی / تۆ لەدایکدەبیت / من نوقمدەبم / دەستەکانی ئێمە .... تاد / نازانرێت کێ لەدایکئەبێت !؟ ئەمە کێیە لەبەرخۆیەوە ئەدوێت و ئەڵێت / من ڕقم لە پاکییە / من چاوەڕێی تۆم کە حەرامەکان هەڵبگریت / ئەم ڕستانە کێن خاوەنەکانیان ؟ ئەهریمەنە ، خودایە ، دیکتاتۆرە ، سیاسەتمەدارێکی کوردە ، تاکێکی هۆبزییە کە گورگە و لە پێستی مەڕدایە .. کەس نازانێت ؟ ئێمە شیعری عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و ئیسپانی و .....تاد ئەخوێنینەوە ، بە کۆن و نوێوەوە تێیانئەگەین و بە کوردییانئەکەین و بۆ خەڵکیان ئەخوێنینەوە و شرۆڤەو ڕاڤەیانئەکەین و ، کەچی موخابن ئەمە دەقێکی کوردییە و نە خۆم تێی ئەگەم نە ئەو برادەرە نووسەرەی هانای بۆئەبەم ، گرفتەکە چییە؟ نازانم ، من و ئەو برادەرانە سەلەفی ونەفام و دەبەنگ و بێسەوادین ! یان زمان و دەربڕین و دەقەکەی ئەم نووسەرە سەرخۆشە و کەمتەرخەمە و خۆ بە بلیمەت و خۆ بە زلزانە هیچ نییە ! بەڕاستی گرفتێك لە ئارادایە و پێویستە زۆر بە

چاو ڕوونییەوە ، ئاکادیمیانە و دڵسۆزانە ، دوور لە ڕیایی و کاریزما پەرستن و کینەو بوغز دابەشکردنەوە ، تۆژینەوەی بێشومار لەم دیاردە وەبەر و ترسناکە بەرپابکرێت !

** لەبەر ئەوە من لێرەوە بڕیارمدا چیدیکە کاتی خوێنەران بەم دەقەوە نەکوژم و وەك کوردیش ئەڵێت / مشتێك نموونەی خەروارێکە / ئاخاوتن و نووسین سەبارەت بە زمانی کرچوکاڵ ووێنەی شیعری پڕ هەڵە و ڕستە و دەستەواژەی بێتام و نالۆژیکی لەم دەقەدا چەندەها لاپەڕەی ئەم ڕۆژنامەیەی ئەوێت و گرنگ ئەوەیە بزانین کە ئەو نامیلکەیەی بە تیراژی ٥٠٠٠ دانە کە نان و قەل و ڕۆنی پێوە خوراوە و گیرفانی گەنج و لاوی بێدەرەتانی پێبڕدراوە ، لە ڕووی ناوەرۆك و فۆرمەوە چەندە سەرکەوتووە و بێ هەڵەیە ، لە چ ئاستێکدایە ، دەقێکە وەکو هەموو دەقێکی دیکە شایانی ڕەخنە و هەڵوەشاندنەوەیە نەك تەنها ستایش و ڕیایی و پیاهەڵدانی کوێرانە ، ئەمڕۆکە لە دەموەختی زانست و زانین و ئینتەرنێت و چادکردن لەگەڵ مەریخدا پێویست نییە کەس بکرێتە کاریزما و ڕێبەرێکی ئەفسووناوی و پێغەمبەرێکی دڵرەشی سپیپۆش ! پێویستە ڕەخنەو (نا ) گووتن و شکاندنی بتەکانی ناوەوە و دەرەوەی خۆمان ئەرکی ئێستا و ئایندەمان بێت !

بە پوختی و بە کورتی دوا سەرنجی خۆم وەکو سەرەنجامێك لەسەر ئەم دەقەی بەختیار عەلی زۆر بە ڕاشکاوی و بە ویژدانەوە ئەخەمە بەرچاوتان ،بۆوەی زۆر لەسەر نووسین و درێژدادڕی خوێنەر تووشی جاڕسی و بێزاری نەکات ..لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەوە ، لایەنە سست و لاوازەکانی لە چەند خاڵێکدا باسئەکەم :

سەرەنجام :_

* سەرەتا ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کە ئەو دەقە ،قەسیدەیەکی درێژ نییە و بریتییە لە ۲۳ پارچە پەخشانە شیعری جیاواز و با تایتڵەکانیش وشەی ئیشکردنیان بۆ دانرابێت بەڵام بە هیچ جۆرێك لە بەرژەوەندی ئەو دەقەدا ئیشناکەن ، لەبەرئەوەی بەدەرە لە یەك بابەتی و ڕایەڵ دامەزراندن لە نێوان ئەو پارچە پەخشانە شیعرانەدا نەهاتۆتەدی و پردی پێکگەیشتنیان هەر لەگەڵ سەرەتای ئیشکردندا ڕووخاوە! زمانی بەکارهاتوو لەم دەقەدا زمانی پەخشان و ڕاپۆرتە نەك زمانی شیعرو قەسیدەی شیعری !

زمانەکە زۆر زەق و دروشم ئامێزە مۆدێلێکە ووتە فەلسەفییەکانی لە دروشم و قسەی زل نزیك کردۆتەوە وەك لەوەی وتە و چەمك و دەستەواژەی فەلسەفی و زەینی قووڵ ومانادار بێت کە زەمینەیەك بێت بۆوەی شۆك و چەشە و ئەندێشەی فانتازیا ئامێز چێبکات لای خوێنەرێك کە ئەوڕۆکە شەیدای فانتازیایە ئەگەر لە درۆش پێکهاتبێت !

* زمانی نووسین جیایە لە زمانی ئاخاوتن ، زمانی ئەم دەقەش زمانی ئاخاوتنە (( بۆ وێنە زمانەشیعرییەکەی هەریەك لە پەشێو وقوباد وکەژاڵ ودلاوەر زمانێکی زۆر سادەی بێگرێوگۆڵ و خۆشڕەوتن ، نزیکن لە زمانی ئاخاوتنەوە بەڵام لەبەرئەوەی کاریگەری کیمیایی لەنێو وشەکانیانا هەیە و چونکە زمانێکن چەشنی حەشیش و تلیاك ، خوێنەر سەرمەست و سەرخۆشئەکەن ! جیان و دوورن لەم زمانی ئاخاوتنەوە وەك دووری ئاسمان و ڕێسمان لە یەکتر ! ) .

بەڵام ئەم زمانە قرچۆکە و لاڵە پەتەیە ، نوغرۆیە لە تەمومژدا ، پاك و پوخت و پاراونییە ،زمانێکی مۆدێرن نییە زمانێکی دێرین و وشکە و بیری نوێی ڕەهای " بۆ لاوان " پێهۆنراوەتەوە .... زمانێکە ئیستاتیکا لەخۆ ناگرێت ،ئەم زمانە ئەیەوێت

زمانی نووسین و فەرهەنگی هەژاری کوردی بە وشەی سواو و پووکاوەی( منقرض) بیانی بارگاوی بکات ، تەماشای هەندێکی کەم لەم وشەگەلە بکەن چ ڕەونەقێکیان تیایە ئەگەر مەبەستی کەسایەتی و نێرگسی چەقبەستووی نووسەری لە پشتەوە نەبێت : / عەندەلیب ،جەنەت ، مۆسیقار ،نەفخ ،جلباب ، سوبح ،نوتفە، زولمەت ،مەلەکوت ، موتلەق ، مەعشوقە ، ئەبەدییەت ، زەمهەریر ، مەخلوقات ،غەریزە، وەحشی ،خەراب،وجود، عەبد،جومجومە ، بەحر ،ڕەسم، هەلهەلە ، نور ، عەزاب،لازۆردیی ،نەفەق و ....تاد / برام بەخە گیان !خۆ تۆ شیعرێکی لە شێوەی ئایەت و سورەتی پاش سروش (وەحی )ت لە یەزدانەوە بۆ نەهاتۆتە خوارێ وکە ئیدی نەتوانیت لە ئارایشتکردندا چاکی بکەیتەوە ، خۆ تۆ شیعری سەردەمی گۆران ناهۆنیتەوە لەسەر کێشی پەنجە یا کێش و(عەروز) و سەروا هۆنراوە بە مسقالێ ( زەڕەنگەرەکەی ئۆکتاڤیۆ پاس ) پیت و وشە بە هێند وەربگری و نەتوانیت تاقە پیتێك بگۆڕیت ! پێویست وابوو ئەو فەردە وشە سواوە بیانیانە فرێبدەیتە زبلدانی ماڵەکەتەوە ، بۆوەی هەر هیچ نەبێت ئیستاتیکای زمانی لاوە هەوادارەکانت تێك نەشکێت و وێران نەبێت !

* هارمۆنیا و ڕیتمی مۆسیقی ( ئیقاع) لە نێوان وشەو بڕگە و ڕستەکانا هەرگیز بەدیناکرێت !

* تەکنیك زۆر لاوازە ، گۆڕینی ڕاناوی کەسەکان و گۆڕینی ناو بە ناوی کات و کردارو فەرمانەکان ،لەدەموەختی ئێستاوە بۆ ڕابردوو ئەوجا بۆ ئاییندە و ڕانەبردوو ،تەکنیکی تۆکمەو پتەو چێناکات ، تەکنیکی گێڕانەوە و وشەسازی و ڕستەبەندی وپێکهاتەسازی نێوان جومگەکان زۆر شلۆق و هەناسە تەنگە ،لەبەرئەوەی بڕگەو ڕستەکان ترنجاونەتە ناو یەکدییەوە ، دابڕو یەکتر بڕن ،واتا و مانایان ونکردووە و دەقەکەی تووشی تەنگەنەفەسی و نوغرۆبوون و ڕەبوو( ئاستما ) کردووە !

* ئەگەر ئەم دەقە ئیشکردن بێت لە دارستانەکاندا ، دارستان جێگەی بیابان و دەریای تیا نابێتەوە / تەماشای پارچەی ٦ و١٦ بکەن بە ناوی کرێکارەکانی بیابان / و /دوو ئیشکەر لەسەر دەریا ستایشی یەکدی دەکەن / ناونیشانی گەورەی نامیلکەکە ئەڵێت ئیشکردن لە دارستانەکاندا / بەڵام خەسڵەتی تۆبۆگرافی و جوگرافی دارستان وایە ، نەدەریا و نە بیابانی تیا نییە لەبەر هێندێ ، هەردوو ئەو پارچانە فڕیان بەسەر تایتڵی ئەو نامیلکەیەوە نامێنێت و بەتاڵئەبنەوە !!

*بەهەشت بەرجەستە نییە ، دیار و ئاشکرا نییە چ جۆرە بەهەشتێك لە بری بەهەشتە سەلەفی و کۆنینەکەی ئێمە خەملیوە ! ئیشکردنیکی تژی وپڕ لە تەموژە ،زمان کرچوکاڵ و دەم بە هەراشە ، شەڕانگێزی و شەڕفرۆشتن و جنێودان و دروشمی قەبە قەبە لە خەسڵەتە دیارەکانی ئەم بەهەشتە نادیارەیە ، سادیزم لە منی شاعیردا پەپکەی خواردووە ، ڕەنگ و دەنگی بەهەشت و ( فیردەوس ) ە ڕەهاکە ، کە تاك ( مەرجەعی ) خۆی ئەنوێنێ ،ئاشکراو ڕوون و ساماڵ و ( واتە : شەفاف ) نییە ، نووسەر نەیتوانیوە بچێتە ژێر پێستەوە و بە قووڵی و نەشتەرگەرییانە ئیش لە دارستانەکانی بەهەشتدا بکات !

*لەم دەقەشدا هەمان سیستمی زمان لەبرەودایە کە لە دوای گۆران و بزوتنەوەی ڕوانگەوە تا ئەگات بە ئەمڕۆ درێژەی هەیە ، وشەی لێکدراو و زمانی پێوەر و باوی شیعرمان کە ٣٠ساڵێکە ئاوەها دەقی گرتووە – لەم دەقەشدا – هەر پیادەئەکرێت .. ، هەمان ستایلی پێکهاتەسازیی وێنە شیعرییەکان لە ئارادایە ( کە لێکچواندنی دال_ ەکان دەستەبەرئەکات ) ، گرێدانی وشە بە وشەوە هەر لە هەمان تەوەر و فەلەکی کۆندا ئەسوڕێتەوە ،هەوڵنەدراوە هیچ گۆڕان و وەرچەرخانێکی نۆژەن بێتەدی ، فەرموون چەند نموونەیەکتان لەدەقەکەوە بخەمەبەرچاو / بیابانی دڵ / کەنارە وشکەکان /چیمەنی حەوشە /دەنگی برین /

تریفەی شەو /ئەسپی تۆفان / کۆیلەی ئاوات /زامی دڵ /زەیتونی وەفاداری / سەردەمی زیویی/ کۆشی کێڵگە / تۆفانی سەوز / یاقووتی غەش / ئاورنگی مەڵەکوت و ....ئەمانە و سەدان وشەی لێکدراو و وێنەی دیکە کە خوێنەرمان بە بیستنیان کەڕبووە و بە خوێندنەوەیان لێڵ و نابینا بووە !

کەواتە لەوەدا کە ئەدەبێکی دوورو درێژتان فڕێدایە زبڵدانەوە ، ناهەقیتان کرد ، چونکێ ئەوە ئێوەن ئەوڕۆکە درێژە بەهەمان ڕەوت و ستایڵ و مۆدێل و سیستم و ڕێزمان ودارِشتن ئەدەن و هیچ کودەتایەکی ئەوتۆتان بەرپانەکردووە و تەرمۆمەتری خشتەی هێڵکاری ( حکوگ البيانيه ) هیچ شەپۆلێکی گەورەی بە خۆیەوە نەدیوە .......!

* خاڵێکی دیکە ( کە تیژ تێپەڕ لە بەشی دووەمدا باسم لێوەکردبوو سەبارەت بە وێنە شیعرییەك کە لام نامۆ نەبوو ، دەستنیشانم کردبوو کە موڵکی هۆنەری ناسراو نزار قەبانی بوو ) ، لە پارچەکانی دیکەی ئەم دەقەدا وێنەگەلێك و ڕستەگەلێکی زۆرو زەوەندەی تیایە کە لە قەبانی و ئەدۆنیس و قەسیدەکانی (ئۆکتاڤیۆ پاس ) و گوڵبەدەکانی بۆدلێرەوە هەڵێنجراون و هیچ ئاماژەیەکیان پێنەدراوە ! گەر لە ژێدەرێکی چکۆلانەشدا سەرنجی خوێنەری بۆ ڕابکێشرێت چی لە گەورەیی دەقەکە کەم ئەکاتەوە! ئێمە کە زۆربەمان لە شارێکی بچووکی سنووردار‌دا بژین و دیدەنیگامان لە تخووبی زنجیرە چیاکانمان تێپەڕنەکات ، دیارە کە زانست و وێژە و هونەرمان لاواز و کاڵوکرچ ئەبێت ، پێویستیمان بە ئەزموون و مۆدێل و بیرۆکەی شارانی دیکە و نەتەوەی تر و کیشۆری دیکە ئەبێت ،ئەوەی لەم دۆخەشدا هاندەرە زمانە،بۆیە ئەو نووسەرانەی زمانی زێدە ئەزانن زەخیرە و ڕۆشنبیرییەکی کەڵەکە بوویان لا دروستئەبێت ،لێرەوە چەمکەکانی : خواستن و وەرگرتن وکاریگەریی دێنەکایەوە ، بۆ سەلماندنی ئەوەش بڕوانن ، گۆران چۆن مامەڵەی لەگەڵ بەدر شاکر

سەبیاب و ئۆسکار وایلد و بیتسدا کردووە ، وەلی گرنگترین خاڵ ئەوەیە ژیدەر و ئاماژە بەو سەرچاوانە بدرێت کە بەهرەی بیرۆکە و خواستنەکەی لێوە هەڵێنجراوە و دیارە ئەوەش بوێری و جەربەزەیی گەرەکە ، لەدەست هەموو کەسێ نایەت!

* خوێنەر دوای تەواوبوونی لە خوێندنەوەی ئەم دەقە ، ئەستەمە بینای ئەندێشەیەکی تۆکمەی لا چێ ببێت ، لە کوێی گشتی ئەم نامیلکەیەدا ، تەنها ڕستەیەکی تاقانەی لە مێشکدا بۆ بمێنێتەوە ئەو دوا کۆپلەیەیە کە ئەوەتا لە پارچەی ١٨دا بە نێوی وەتەن و ئیشی مۆسیقارێکی ماندوو / کە ئەمەوێت وتەی خۆمی دەرهەق بکەم و بیکەمە کۆتایی ئەم وتارە ڕەخنەییەم و ئاوەها :

ئەم کۆپلەیەی خوارەوە مولکی فایەق بێکەسی نەمرەو گوایە وەکو پێنج خشتەکی تێهەڵکێشی ئەو پارچە پەخشانە شیعرە کراوە بەلام لە ڕاستیدا زۆر ناشییانە و بە زۆری زۆردارەکی و بە پاڵەپەستۆ زرمەکووتە هێنراوەتە ناوەوە و هیچ جێی خۆی نەگرتووە !

وەلی لەبەرئەوەی شایانی لەسەر ڕاوەستانە و دادگاییکردنی ئافەریدەکاری ئەودەقە بە ئەرکی خۆم ئەزانم !

کاکە بەختیار لە ئەڵمانیاوە ( وەکو نامەکەی حاجی و نالی و گڕتێبەربوونیان بۆ زێد و نیشتمان ) بەلام بە دیوە نێگەتیڤەکەیدا و ئەڵێت / ئەی وەتەن مەفتونی تۆم ،بەلام نامەوێت شێوەتم بیربکەوێتەوە / کە تۆ ناتەوێت شێوەی وەتەنت بیربکەوێتەوە ، ئایا ئەزانیت کە ئەو شێوەیە بریتییە لە بیروەری و یادی ساڵانێکی درێژی تەمەنت ، ساڵانی مەزنی مناڵیت – کە هەرگیز بیرناچنەوە – شێوەی وەتەن بریتییە لە شێوەی دایك و باوك و خوشك و برات ، گەڕەك و کۆڵان و برادەران و دۆستان ، بریتیە لە خوێن و گۆشتت ، خۆ بریتی نییە لە بلۆك و چیمەنتۆ و دار و بەرد ....... هەروا زوو بێبەری بوویت لە زێد و ( وەتەن ) !

ئینجا پاش چەند ڕستەیەك ، ئەڵێت / کێ وەکو سەگ پەتکەم و بیخەمە ژێرپێتەوە / تۆ کە نەتەوێ شێوەی نیشتمانەکەت بیرکەوێتەوە ، چۆن و بە چ گیان و دڵێکەوە ئەتوانی کەسانێك وەکو سەگ ( کە قێزەونترین جنێوێکەو پەروەردەی لەرزۆکی هەزاران لە گەنجە دڵپاکە هەوادارەکانت ، هەڵئەوەشێنێتەوە ! ) پەتکەیت و بخەیتە ژێر پێوە !؟

پاشان دیاری و خەڵاتی گەورەی خۆی پێشکەش بە وڵات و نیشتمانی خۆی ئەکات و ئەڵێت / ئەی نیشتمانی خائینان / ئەی نیشتمانی بێشەرەف! / منیش ئەڵێم ئەی ئافەرین شاعیری بیرمەند ، بیریاری نوێخوازی دەم تاراوگە ! کە ئەمە نیشتمانی خائین و بێشەرەفە ، ئیدی لە کام بەهەشتدا ئیشئەکەیت و بۆ کێیە ئەم ئیشکردنەت !؟ ئەگەر ئێمە سەروەختێك بوو ئەمانووت عێراق نیشتمانی سەدامە ، ئەوا دیکتاتۆر تۆیی و کەچی عێراق مایەوە ، تۆ کە نیشتمان پێشکەشی خائین و بێشەرەفان ئەکەیت ، گەر ئەوانیش ئەورۆ بەسەرچاوەمانەوە تەراتێن بکەن، سبەینێ هەر ( وەتەن )خۆی فڕێیانئەداتە زبڵدانی مێژووەوە ، نیشتمان هیواکانی گەورەیە و ئێمەش لەو ئاقارەوە هەناسانئەدەین ،کە نیشتمان ئازاد و سەروەر بوو ، ئەی ئەودەمە چی لەو ٥٠٠٠ نامیلکەیەت ئەکەیت ، ئەی چی لە مێژوویەك ئەکەیت کە بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە ؟

هەر لە ئەڵمانیاکەی تۆدا ، دوێنێ بوو ( گۆنتەرگراس ) نۆبڵی وەرگرت ، وەلی لە سەرجەمی کارەکانیدا بگەڕێ بۆ تاقە ڕستەیەك کە تیایا بڵێت / ئەڵمانیای خائین و بێشەرەف ! / مەحاڵە ! یاخود ( ئیسماعیل کاداری ) کە هێشتاکە جەرگی کون کونە بەدەست کەلتووری ئەلبانیاوە کە سەربە تورك و پاشماوەی عوسمانلییەکانە ، یان ئەو زەبرەی بەدەست فەرمانڕەوایانی کۆمۆنیستەوە کێشاویەتی و سەرابەکانی تاراوگەیان پێ سپارد ، لێ مەحاڵە هەرگیز وشەی ئەلبانیای خائین و

بێشەرەفی لێوە گوێبیست بیت !! یا کۆلۆمبیاکەی گارسیا مارکێز ،کە پیسترین زێد و زەوییەکە لە دونیادا ،بەلام بۆ دەرمانیش ڕستەیەکی وا نابووت و ڕیسوا دەرهەق بە ( وەتەن ) لە زمانی مارکێزەوە نابیستیت ! برام کاکە بەختیار ، ئێمە ئێستاکەش شانازی بە پەیام و نامەو ئەوینی حاجی قادر و نالی و پیرەمێرد و فایەق بێکەسەوە ئەکەین ! لێ تۆ کە نازانی جنێوی فانتازیایی بە کوژەران و دڵڕەشان و خنکێنەرانی نیشتمانت بدەیت ، بەردێکی لەسەر دانێیت چاکترە!

دواجار ، کاکی بیرمەندم ! ئەو ئەڵمانیا ئازادەی ژینی تیابەسەرئەبەیت و وایلێکردیت بێبەری بیت لە نیشتمانت ، بەدەست ڕاشیستانیەوە ، بەندە ، دوو ساڵی ڕەشی تیا بردەسەر ، دوو ساڵان وەکو ( مەسخ ) ەکەی کافکا بوومە پشیلە ڕیوەڵەکانی دەر کۆلانی زستانانی ! .. دوای ١٤ ساڵ تاراوگەزەدەیی ، نیشتمانی هەتیوی خۆم .. کردەوە بە ماڵی ژیانم بە حوسن و ڕەزای خۆم ! ئەی ئەو نیشتمانەی پێت ئەڵێن / خائین و بێشەرەف /

**نیشتمان ، ئەی خوای جوانی :**

**لەجیاتی جارێ سەد جاران .. ببم بە قوربانی**

**یا عەتری گوڵت .. یا چقڵی دڕکت ،**

**من پێکەوە ئەیخۆم**

**نان و ئاو و خاکی سووتماکت**

**ئەی نیشتمان.. ئازیزەکەی خۆم !**

# REXNE LE EXTÎYAR ELÎ

لەبلاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما
٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣

نرخی( ٢٠٠٠) دینار